# بۆ ساڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد لە ٥ی ئازاری ١٩٩١دا

**((کەلتوری دیموکراتی لە عێراقدا بوونی نییە. گەشەکردنی ئەم کەلتورەش پێویستی بەوە هەیە کەمینەکان متمانەیان بەوە هەبێت زۆرینە کەڵکی خراپ لە دەسەڵات وەرناگرێت... فیدراڵیزمیش وەک مەرجێکی پێشوەختە پێویستی بە کەلتوور و نەریتی دیموکراتی هەیە تاوەکو سەرکەوتووانە جێبەجێ بکرێت. هەربۆیە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی فیدراڵیزم پێش ئەوەی توانای برەودان بە کەلتوری دیموکراسی بوونی هەبێت، ئەمە وەک ئەوە وایە لەبری ئەوەی ئەسپەکە لەپێش عارەبەکانە بێت، عەرەبانەکە بخەیتە پێش ئەسپەکەوە)).**

٥ی ئازار ٢١مین ساڵیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردە لە دژی ڕژێمە دیکتاتۆرو بەدناو و کۆمەڵکوژەکەی سەدام حوسێن. تا چ ئاست و ئەندازەیەك کوردەکان دەتوانن پەندو وانە لەم ڕووداوە وەربگرن و لە داهاتووشدا کاریان پێبکەن؟ وردتر بڵێین ئایا پێویستە کوردەکان لەو نیمچە سەربەخۆییە یان ئۆتۆنۆمیەی (هەرێمی کوردستان) هەیانە زیاتر بڕۆن و هەنگاو و بەرەو سەربەخۆیی تەواو هەڵبگرن لەم ساتەوەختەدا کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق کشاونەتەوە؟

## فیدراڵیزم یان سەربەخۆیی؟

بەبەلەرچاوگرتنی ئەو دابەشبوونە نائاساییانەی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بوونیان هەیەو ئەو پەلەکردنەی لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کراو دواتر پەسەندکردنی بۆ ئەوەی پێش وادەی کۆتایی تەواو بکرێت کە بۆی دیاری کرابوو، هەروەها بوونی ئەو تێڕوانینەی کە دەستوور لە ژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەمەریکادا نووسرایەوە، لەگەڵ پێویستی دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەبارەی چەند ماددەیەکەوە بۆ ئەوەی عەرەبە سوونەکان ڕازی بکات، ئەوا جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە زۆر قورس بووە، بەڵام مەحاڵ نەبووە. تەنانەت ئەو دەرفەتە سنووردارەی لەبەردەم جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی دەستووردایە دەبنە دەرفەتگەلێکی بێبەها ئەگەر دەستوور نەتوانێت داواکارییە ڕەواکانی کورد لە پیادەکردنی فیدراڵیزمێکی ڕاستەقینەدا بهێنێتەدی.

بە ڕەوچاکردنی مێژووی پڕ لە کۆمەڵکوژی و سەرکوتکارییەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق و سەربەخۆیی ئەمری واقیعی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەوا هیچ شتێکی دیکە بە چەشنی ناچارکردنی کورد بۆ ئەوەی بە کەمتر لە فیدراڵیەتێکی ڕاستەقینە ڕازی بن، نابێتەهۆی شکستهێنان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی وەك ئەنجامی ئەو شکستهێنانە. ئەگەر لە داهاتوودا بە بڕیاری زۆرینە هەموارکردن لەم پرسەدا بکرێت دژ بە بەرژەوەندی کورد، ئەوا کورد یەکێك لەم دوو ڕێگایە دەگرنەبەر، یان ڤیتۆی ئەم هەموارکردنە دەکەن یاخود لە عێراق جیادەبنەوە.

ئەوەی جێی داخە بۆ ئایندەی عێراق ئەوەیە هەندێك جار دەستکەوتەکانی کورد وەك زیان و خەسارەتی عەرەب دەردەکەون. ئەو دەستوورەی کورد داوایان کردووە وەك نرخێك بۆ مانەوەیان لە عێراقدا هەمان ئەو دەستوورەیە کە عەرەبەکان دوودڵ بوون لە پەسەندکردنیدا. زۆرێك لە عەرەبەکان کوردەکانی عێراق بە خیانەتکار دەزانن لەبەئەوەی پشتیوانییان لە شەڕی ئەمەریکا دژ بە عێراق کرد. لەلایەکی دیکەوە، زۆرێك لە کوردەکان وەك نەتەوەخوازێکی شۆفێنیست لە عەرەبەکان دەڕوانن کە بەرهەڵستی مافەکانی کورد دەکەن، لەبەرئەوەی بەحیسابی نەتەوەخوازەکانی عارەب بێت لە کۆتاییدا کورد بەشێك لە خاکی جیهانی عەرەبی دادەبڕن. بە دڵنیاییەوە، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتای ٢٠١١دا ئەوەندەی دیکە ئایندەی عێراق نادیار بووە.

ئەوانەی لەسەروبەندی ئەو ڕاپرسیەی بۆ پەسەندکردنی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراقدا ڕەخنەیان دەگرت لەوەی کورد مافی ڤیتۆیان هەیە-ئەو مافەی کوردەکان هەیانبوو بۆ ئەوەی زەمانەتی ئایندەی خۆیان بکەن لە داهاتووی عێراقدا- دەبێت ئەو ڕاستیەیان لەبیر بێت کە لە ماددەی VII دەستووری ئەمەریکادا هاتبوو کە ئەم دەستوورە هەموار ناکرێت تاوەکو بەلای کەمەوە نۆ ویلایەت لە ١٣ ویلایەت ئەو هەموارکردنە پەسەند نەکەن و هەموارکردنەکەش ئەوانەی دەگرتەوە کە بە زۆرینە پەسەندیان کردووە. ئەگەر ئەم مەرجی زۆرینە بەتایبەتی دانرابێت لە ئەمەریکای ئەو کاتەدا کە دابەشبوونێکی کەم هەبوو لە کۆمەڵگەکەیدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا مافێکی هاوشێوە بۆ کورد فەراهەمکراوە.

لەوەش زیاتر، کەلتوری دیموکراتی لە عێراقدا غائیبە. گەشەکردنی ئەم کەلتورەش پێویستی بە کۆدەنگیەکی تەواو هەیە بە شەرعیەتی ئەو سیستەمەی لە ئارادایە و پێویستی بەوە هەیە کەمینە متمانەی بەوە




## پرۆفیسۆر مایكل گەنتەر
## تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

هەبێت زۆرینە كەڵكی خراپ لە دەســەڵات وەرناگرێــت. لەگەڵ ئەوەشــدا، ئەمانە ئەو توخمانەن كە بە داخــەوە لە عێراقی نوێدا وەك پێویســت بوونیان نەبووە. لەوەش زیاتر، فیدراڵیزم دابەشــكردن و هاوبەشیكردنێكی پێشكەووتوی دەسەڵاتە لە نێوان حكومەتی مەركەزی و ئەو بەشــانەی لێی پێكهاتووە: ڕەنگە ئەمەش پێویست بە كەلتوور و نەریتی دیموكراتی بكات وەك مەرجێكی پێشوەخت تاوەكو ســەركەوتووانە جێبەجــێ بكرێت. هەوڵــدان بــۆ دامەزراندنــی فیدراڵیزم لە عێراقدا پێش ئەوەی دەوڵەت توانای برەودان بە كەلتوری دیموكراســی هەبێت وەك ئەوە وایە عەرەبانەكە بخەیتە پێش ئەســپەكەوە- تێكدانی ڕیزبەندی ئەولەویاتەكانە-.

كەواتە ئەگەر ســەلمێنرا بوونی عێراق بە وڵاتێكی فیدراڵی شــتێكی مەحاڵە، ئیتر بۆچــی كوردەكانی عێراق نەبنە دەوڵەتێكی ســەربەخۆ؟ چ پیرۆزییەك لە یەكپارچەیی خاكی وڵاتێكــی وەك عێراقــدا دەبێت كە ئەگەری ئــەوەی لێبكرێت ببێتە دەوڵەتێكی فاشــیل و بــە شــێوەیەكی ڕوو لــە زیاد ناســەقامگیر بێت؟ لە ڕاستیدا، لە ماوەی بیست ســاڵی ڕابردودا، یەكێتی سۆڤیەت و یوگسلافیای پێشوو بۆ چەند وڵاتێكی نوێ دابەش بوون. پێشــتر سەنگافورە لە مالیزیا جیابــۆوە، بەنگلادیش لە پاكســتان و بەم دواییەش ئەریتریا لە ئەســیوبیا، تەیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندەنوســیا و كۆســۆڤۆ لە ئەلبانیا. لە ڕابردودشدا نەتەوە یەكگرتووەكان بە ڕەسمی ڕەزامەندی لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ فەلەستینیەكان و زۆرینەی ڕەشپێستەكانی ئەفریقیای باشوور دەربڕی. بۆچی عەرەبەكان بە ڕاست و دروستی دەزانن داوای دەوڵەت بۆ فەلەستینیەكان بكەن و و ئــەم مافە بە كوردەكان ڕەوا نابینن؟ بۆچی توركەكان داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس بــۆ توركەكانی قوبرس دەكەن، بەڵام هەمان شــت بە كوردەكانی عێــراق ڕەوا نابینن؟ بەلای كوردەكان و ئەو كەسانەی پشتیوانیان دەكــەن، ئەو دۆخەی ئێســتا لە ئارادایە نە ڕەوایە و نە مەنتیقیە. لە ڕاســتیدا بەڵگە و پاساوی بەهێز هەن بۆ پشتڕاستی ئەوەی كە ئەو ســتەم و نادادیەی بەرامبەر كورد كراوە هۆكاربووە بە ناســەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

هەرچۆنێــك بێــت، كوردەكانــی عێراق كارێكی بــاش دەكەن ئەگەر بە ڕەزامەندی ئەمەریــكا، توركیــا و دەوڵەتــە ئیقلیمیە پێوەندیدارەكانــی دیكە هەنــگاو هەڵبگرن، لەبــەر ئەوەی بێ ڕەزامەنــدی ئەم وڵاتانە مەحاڵە ئەو كوردســتانە ســەربەخۆیەی لە عێراقدا دروست دەبێت بەردەوام بێت، هۆكارە جیوپۆلەتیكیەكانــی ئــەم مەحاڵبوونەش ئاشكران. هەرێمی كوردســتان قەوارەیەكی داخــراوە-دەروازەی دەریایــی نییــە- و بە دوژمــن دەورە دراوە، كە ڕەزامەندی زیمنی بەردەوامی ئەم دوژمنانە پێویستە بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان بتوانێت بەردەوام بێت.

بەو پێیە، یەكەم هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ســەربەخۆبوونی كــوردەكان، كە پێدەچێت ئامانجێكــی مەحاڵ بێت، ئەوەیە كوردەكانی عێــراق هەموو هەوڵێكی خۆیان بخەنەگــەڕ بۆ ئــەوەی عێراقێكی فیدراڵ و دیموكراســی بێتەدی. ئەگەر ســەلمێنرا هێنانەدی عێراقێكی لەم چەشــنە مەحاڵە، ئەوا ئۆباڵی شكســتەكە ناكەوێتەئەستۆی كوردەكان و ئەو كاتە وا دەردەكەوێت كە مافی خۆیانە- بە پاساوی پاراستنی سەقامگیری- هەنگاو بەرەو ســەربەخۆیی بنێن، كە ئەمە لەبەرژەوەنــدی ئەمەریكا، توركیا و دەوڵەتە دراوسێكانی دیكەش دەبێت.

لەو كاتەدا، دەبێت كوردی عێراق قەناعەت بەم دەوڵەتانە بهێنن كەلەبەرامبەر پشتیوانیان بۆ ســەربەخۆبوونیان، هەڵناستن بە هاندان و خولقاندنی یاخیبوون لــە نێو كوردەكانی وڵاتانی دراوســێدا، نە بە ڕاســتەوخۆ نە بەناڕاستەوخۆ. زەمانەتكردنی سەربەخۆبوونی كوردەكانی عێراق لەلایەن ئــەم دەوڵەتانەوە دەبێتە پاڵنەرێكی بەهێز بۆ كوردەكانی عێراق بــۆ ئەوەی لەو كاتەدا ئــەم وڵاتانی ڕازی بكــەن. لەوەش زیاتر، پێویســتە كوردەكانی عێراق بە شــێوەیەك هەنــگاو هەڵبگرن كە دراوســێكانیان، لــە نێویانــدا عەرەبەكانی عێراق بــە ڕەوای بزانن بۆیان. ڕەنگە ئەمە سازشــكردن لەخۆبگرێت لەبارەی خواستی كورد بۆ كۆنتڕۆڵكردنی تەواوی شــاری بە



**ئەو دەرفەتە سنووردارەی لەبەردەم جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی دەستووردایە، دەبنە دەرفەتگەلێکی بێبەها ئەگەر دەستوور نەتوانێت داواکارییە ڕەواکانی کورد لە پیادەکردنی فیدراڵیزمێکی ڕاستەقینەدا بهێنێتەدی**

**ئەگەر لە داهاتوودا بە بڕیاری زۆرینە هەمواركردن لە پرسی دەستووردا دژ بە بەرژەوەندی کورد بکرێت، ئەوا کورد یەکێک لەم دوو ڕێگایە دەگرنەبەر، یان ڤیتۆی ئەم هەموارکردنە دەکەن، یاخود لە عێراق جیادەبنەوە**

**چ پیرۆزییەک لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتێکی وەک عێراقدا دەبێت کە ئەگەری ئەوەی لێبکرێت ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد ناسەقامگیر بێت؟**

**زۆرێک لە کوردەکان وەک نەتەوەخوازێکی شۆڤێنیست لە عەرەبەکان دەڕوانن کە بەرهەڵستی مافەکانی کورد دەکەن، لەبەرئەوەی بەحیسابی نەتەوەخوازەکانی عارەب بێت لە کۆتاییدا کورد بەشێک لە خاکی جیهانی عەرەبی دادەبڕن**

نەوت دەوڵەمەندی کەرکوك. هەروەها، دەبێت کوردەکانی عێراق هەڵبستن بە هاندانی ئەو چاکسازیە دیموکراتیەی لە تورکیادا دەکرێت کە یارمەتیدەریان دەبێت تاوەکو لە کۆتاییدا ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەدەست بهێنێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بێ ئەوەی لەو وڵاتە جیاببنەوە. بەردەوامبوونی تورکیا لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی تورکیا چاکسازی بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی بکات. ترس و نیگەرانی تورکیا لە ئاست دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی عێراق کەمتر دەبێت لەبەر ئەوەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا زەمانەتی یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکات.

لەوەش زیاتر، هەر کاتێك تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی سوپای تورکیا بەسەر بڕیارە سیاسیەکانەوە لەبارەی پرسگەلێکی لەم چەشنە وەك پرسی کوردەکانی عێراق پاشەکەش دەکات، بەرەوپێشچوون لەم ڕووەوە ڕوویداوە، ئەویش لە کاتێکدا کە پرۆسەی پاڵاوتنی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا بەردەوامە و پێوەندیی سیاسی و ئابووری ئیجابی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا بەردەوام لە گەشەکردندایە.

بوونی حکومەتێك لە تورکیادا کە مەدەنیەکان هەڵیسوڕێنن و لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا کاربکات کەمتر نیگەران دەبێت لە ئاست دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقدا. دەستپێشخەریە نوێگەرەکانی سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تورگۆت ئۆزال لە سەرەتاکانی نەوەتەکاندا ئەوە ڕوون دەکەنەوە



ئەم مشتومڕانەی پەیوەستن بە هاوكاری نێوان توركیاو كوردەكانەوە دوور و دابڕاو نین لە واقیع. لەلایەكی دیكەوە، ئەگەر توركیا لە دەرەوەی یەكێتی ئەورووپا بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەری زیاترە توركیا لە ڕوانگە ئەمنییە تەقلیدیەكەوە لە كوردەكان بڕوانێت كە دژ و دوژمنە بە دروستبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردستانی عێراقدا. دوور لە كۆنترۆڵی یەكێتی ئەورووپا و ئەمەریكا، توركیا زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەو لایەنانە دەدات كە دژایەتی و بەرهەڵستی هەر چەشنە دەوڵەتێكی سەربەخۆ دەكەن لەلایەن كوردەكانی عێراقەوە.

لە كۆتاییدا، نابێت كوردەكان ڕێگە بدەن ئەو دابەشبوونە بەردەوامەی لە نێوانیاندا هەیە ئیستغلال بكرێن. لە ڕابردوداو بە بەردەوامی كاتێك كوردستانی عێراق بەهێز دەبوو، حكومەتی بەغدا و حكومەتی دەوڵەتە دراوسێكان لە توركیا، ئێران و سوریا دابەشبوونی نێو كوردەكانیان بەكار دەهێنا بۆ ئەوەی لێكیان دابڕن و باڵادەست بن بەسەریاندا. دوای ئەم ڕووداوە نەخوازراوانە هەنگاو بە هەنگاو كوردەكانی عێراق ڕاهاتن لەسەر قبوڵكردنی جیاوازیەكانیان تاوەكو خۆیان لە ناكۆكی و شەڕێكی خۆكوژی لابدەن. لە ڕاستیدا، مۆدیلێكی فرەحزبی تەوافوقیان گرتەبەرو گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی سیاسی لە چوارچێوەی سیستمێكدا كە هێشتا لە ڕووی ئیداری و ناوچەییەوە دابەش بووە. تاوەكو ئێستا كوردەكان ژیرانە ڕەفتاریان كردووە توانیویانە ئەو یەكێتیە بپارێزن كە بەم دواییە پێیگەیشتن، كە هێشتا داخراو و دابڕاوە و لە ناوەندی دەریایەك دوژمندایە.


**كەلتوری دیموكراتی لە عێراقدا غائیبە. گەشەكردنی ئەم كەلتورەش پێویستی بە كۆدەنگیەكی تەواو هەیە بە شەرعیەتی ئەو سیستمەی لە ئارادایە و پێویستی بەوە هەیە كەمینە متمانەی بەوە هەبێت زۆرینە كەڵكی خراپ لە دەسەڵات وەرناگرێت**

**هەوڵدان بۆ دامەزراندنی فیدراڵیزم لە عێراقدا پێش ئەوەی دەوڵەت توانای بڕەودان بە كەلتوری دیموكراسی هەبێت وەك ئەوە وایە عەرەبانەكە بخەیتە پێش ئەسپەكەوە-تێكدانی ڕیزبەندی ئەولەویاتەكانە**

**بە بەردەوامی كاتێك كوردستانی عێراق بەهێز دەبوو، حكومەتی بەغداو حكومەتی دەوڵەتە دراوسێكان لە توركیا، ئێران و سوریا دابەشبوونی نێو كوردەكانیان بەكار دەهێنا بۆ ئەوەی لێكیان دابڕن و باڵادەست بن بەسەریاندا**

**تاوەكو ئێستا كورد ژیرانە ڕەفتاریان كردووە توانیویانە ئەو یەكێتیە بپارێزن كە بەم دواییە پێیگەیشتن، كە هێشتا داخراو و دابڕاوە و لە ناوەندی دەریایەك دوژمندایە**






گوڵان / ئاژانسی میترۆگرافی... فۆتۆ: حەسیب پشدەری

# راپەڕینی بەهاری ١٩٩١
# مانایەک بۆ ژیان و مانایەک بۆ مێژوو

((بەراوردکردن لەنێوان مانای ژیان و مانای مێژوو، ئەوە هەڵدەگرێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بەتایبەتیش لەسەر وشەی ئاڵۆزی (مانا) کە زۆرجار بۆ مانای قووڵ و شاراوا بەکاردێت یان وەک ئەوەی بمانەوێت ماناکەی ئاشکرا بکەین، بەڵام لێرەدا (مانا) بەو واتایە بەکاردەهێنین چۆن بەکارەکانی خۆمان مانایەک بۆ ژیانی خۆمان دروست بکەین، بۆیە بەم شێوەیە مانای ژیان دەبێتە پرسیارێکی ئەخلاقی و ڕووبەڕووی خۆمان دەبێتەوە: ئایا چ بڕیارێک بدەم بۆئەوەی ژیانم مانای هەبێت، یان وەک کانت دەڵێت: چی لەسەرمە بیکەم؟ بەشێک لەوەڵامی ئەم پرسیارەی کانت لەوەدا دەدۆزینەوە کە پێویستە ئازادی و سەربەخۆیی تاک هەبێت، فرەییەک بوونی هەبێت کە لەبەردەم یاسا یەکسان بێت و ڕێزی هاوبەشی بۆ ئازادی ئەوانی دیکە هەبێت. بەهەمان شێوە بۆ مێژووش، ئەگەر بەدوای مانا شاراوەکانی مێژوو بکەوین لەتێگەیشتنمان بۆ مێژوو هەڵە دەکەین، بۆیە پێویستە هەموومان پێکەوە کارێک بکەین مانایەک بەو مێژووە بدەین، ئامانجێک بۆ ئەو مێژووە، ئینجا بۆ خۆشمان دیاری بکەین، لەبری ئەوەی بەدوای مانا شاراوەکانی مێژوو بکەوین، باشترە پرسیار لەخۆمان بکەین، ئایا کام ئامانجی مێژووی سیاسیی، دەکرێت بە بەها و مرۆیی بێت؟ ئایا کام ئامانجی مێژووی سیاسیی لەگەڵ مرۆڤایەتی دەگونجێت و یەکدەگرێتەوە؟))

**پۆپەر**



ئەگەر ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەو ڕۆژە بێت کە دابڕانێکی لەمێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەم بەشەی خەڵکی کوردستان دروست کردبێت، ئەوا یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو دابڕانە، پرسیار کردنە لەسەر ئەوەی ئەو دابڕانە مێژووییە چۆن دروست بوو؟ بۆیە ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ هەموو دابڕانە مێژووییەکانی شۆڕشە نەتەوەیی و زانستیەکان، بەو مانایە بێت کە شۆڕش و ڕاپەڕین دادگاییکردن و لێپرسینەوە بووە لەو کاتەی کە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەی تێدا دروستبووە، ئەمە مانای ئەوەیە لەدوای ئەو ساتەوە ژیان و مێژوو داوای مانایەکی دیکە دەکەن، بەڵام ئەم مانا و ئامانجە بۆ ژیان و مێژوو، پێویستی بەوە هەیە هەموومان وەك تاك، هەموومان وەك گروپ و حزبە سیاسییەکان، خۆمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئایا ئێمەش چۆن لێپرسینەوە لەگەڵ ئێستای خۆمان بکەین و چ بڕیارێك بدەین بۆئەوەی ژیانمان مانایەکی هەبێت و چۆن پێکەوە کار بکەین بۆئەوەی مێژووی ڕاپەڕین و خۆشمان ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، کەواتە ئەم میتۆدەی ئەم دێڕانەی پێدەنووسین، نەك هەر دەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژووی ڕاپەڕین، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەشی کە وەك ئەڵقەیەك بەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە گرێدراوە، بەڵام نەخۆی لەناو مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مێژووی ڕاپەڕیندا ون دەکات، نە خۆشی بەمانا شاراوەکانەوە سەرقاڵ دەکات، بەڵکو ئەو مێژووە تێدەپەڕێنێت و دێتە سەر ئێستا، ئێستایەك کە پێویستی بەوەڵامدانەوەی یەکە یەکەی تاکەکان و پێکەوە کارکردنی هەموومان هەیە، بۆئەوەی لەگەڵ ئێستا لێپرسینەوە بکەین و هەنگاو بۆ ئایندەیەك هەڵبگرین کە ژیان و مێژوو مانایەکی هەبێت و ئەو ئامانجەشمان لەبەرچاو بێت کە مێژووی ڕاپەڕین و مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان ئامانجی بووە، ئەو ئامانجەش ئازادی و فرەیی و یەکسانی هەمووان بووە لەبەردەمی یاسا و ڕێزگرتنی هاوبەشی ئەم بووە لەوی دی، ئەمان بوون لەوانی دیکە.

کەواتە لێرەوە ئەگەر ئامانجی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ئازادی و فرەیی و سەروەریی یاسا بووبێت وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئەو کاتی بەرەی کوردستانی لەکۆیەوە بەهەمووانی

شاری كۆیە بەهاری ١٩٩١



ڕاگەیاند، ئەوا ئەم ئامانجەش بەرهەمی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بوو كە جارێكی دیكە مانای بەئامانجە سەرەكیەكەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان دایەوە، هەر ئەم هۆكارەش بوو، جەماوەری ڕاپەڕیووی كوردستان لەگەڵ گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ شارو شارۆچكەكانی كوردستان جڵەوی ڕاپەڕینی تەسلیم كردن و لەمەش گرنگتر لەو شوێنانەشی كە هێشتا مابوون ڕزگار بكرێن، بەتایبەتی لەشارە گەورەكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و كەركوك، جەماوەری ڕاپەڕیوو دوای هێزی پێشمەرگە كەوت، بۆئەوەی بەرەی كوردستانی بەئازاد كردنی كەركوك تاجی سەركەوتن لەسەری ڕاپەڕین بنێت.

لێرەوە كاتێك دەڵێین ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، ڕاپەڕینی جەماوەری ڕاپەڕیووی خەڵكی كوردستانە و خەڵكی كوردستان ئەم ڕاپەڕینەی تەسلیمی بەرەی كوردستانی كردووە، ئەمە مانای ئەوەیە:

١- خەڵكی كوردستان تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەكانی نێو بەرەی كوردستانی بەنوێنەری خۆی دەزانێت، هەتا ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە وەڵامدانەوەی خواستی بەرەی كوردستانیش بوویێت، ئەوا خەڵكی كوردستان وەڵامدانەوەی بۆ هەموو حزبەكانی نێو بەرەی كوردستانی هەبووە، لێرەدا ناڵێین هەر حزبێك بەقەوارەی خۆی، لەبەر ئەوەی لەناو بەرەی كوردستانیدا سەركردایەتی هاوبەش هەبووە و هیچ قەوارەیەك بەناوی خۆیەوە

**ئەگەر ئامانجی ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان، ئازادی و فرەیی و سەروەریی یاسا بوویێت وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی ئەو كاتی بەرەی كوردستانی لەكۆیەوە بەهەمووانی ڕاگەیاند، ئەوا ئەم ئامانجەش بەرهەمی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بوو كە جارێكی دیكە مانای بەئامانجە سەرەكیەكەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان دایەوە**

قسەی نەكردووە، تەنانەت بەڕێز مسعود بارزانیش كە ئەو كات سەرۆكی بەرەی كوردستانی بووە لەناوەوەی كوردستان، خۆی دان بەو ڕاستیەدا دەنێت، ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانی بووە كە سەركردایەتی بەرەی كوردستانی پێشنیارەكەی ئەویان قبوڵكردووە بۆئەوەی هەڵبژاردن لەكوردستان بكرێت، هەر بۆیە ڕاستە هەڵبژاردن پێشنیاری بەڕێز مسعود بارزانی بووە، بەڵام بڕیارەكە بڕیاری بەرەی كوردستانی بووە.

٢- ڕاپەڕین بەرهەمی ئیرادەی خەڵكی كوردستان بوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم ئیرادەیە چۆن مانا بۆ ژیانی دوای ڕاپەڕین و ئامانج بۆ مێژووی دوای ڕاپەڕین دیاری دەكات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەدوای ئامانجی مێژووی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانمان دەبات و، ئەو پرسیارە لەیەكە یەكەی حزبە سیاسییەكان و یەكە یەكەی سەركردە سیاسییەكان دەكات و دەپرسێت، ئایا لەچ كاتێكدا مێژووی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان بە بەها و لەخزمەتی دۆزی گەلی كوردستاندابووە و لەچ كاتێكدا بەپێچەوانەوە بووە؟ بێگومان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت ئەو كاتانەی ناوماڵی بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان یەكریز بووە و ڕێز لەئازادی تاك و فرەیی سیاسی گیراوە، ئەو كاتە ئامانجی مێژووی سیاسیمان ئامانجی گەلی كوردستان بووە و دەسكەوتەكان چەند سەخت بووبن، بەڵام بەدیهێنانیان قورس نەبوون، لەبارودۆخی نالەباردا دەسكەوتی گەورە بەدەست هاتوون، بۆیە ڕاپەڕین وەك بەرهەمی ئیرادەی خەڵكی كوردستان، داوای ئازادی تاك و فرەیی سیاسی لەتاك و گروپ و حزبە سیاسییەكان دەكات و پێمان دەڵێت ژیانی ئێستامان هیچ مانایەكی نابێت ئەگەر لەگەڵ ئیرادەی ڕاپەڕیووی خەڵكی كوردستان یەكنەگرێتەوە، مێژووی ڕاپەڕین و بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستانیش هیچ ئامانجێكی نابێت، ئەگەر ئێستا هەموو پێكەوە كارنەكەین و ئەو ئامانجە نەكەینە پراكتیك و هەوڵی بۆ نەدەین، هەروەها دەبێت ئامانجی ڕاپەڕین و بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان، ئامانجی ئێستامان بێت، لەلایەكی دیكەوە كاتێك

ئەو سەربازانەی لە ڕاپەڕین بەدیلگیران و ئازاد کران .... گوڵان / ئاژانسی مێترۆگرافی... فۆتۆ: حەسیب پشدەری



ڕاپەڕین وەك بەرهەمی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، داوای ئازادی تاك و فرەیی سیاسی لەتاك و گرووپ و حزبە سیاسییەکان دەکات و پێمان دەڵێت ژیانی ئێستامان هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر لەگەڵ ئیرادەی ڕاپەڕیوی خەڵکی کوردستان یەکنەگرێتەوە

ئەو مێژووانە بۆ ئەوەیە لەناو ئەو مێژووەوە ئەو ئیرادەیەمان بۆ دروست بێتەوە، بۆئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ (ئێستا)ی خۆمان بکەین و خۆمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکەینەوە، بۆچی جیاوازییەکانمان هەندێك جار دەبنە هەڕەشە بۆسەر یەکڕیزی و ئامانجی هاوبەشی هەموولایەکمان؟

٣- ئەو مێژووە پێمان دەڵێت، پێش ئەوەی ڕاپەڕین بەرهەمی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت، حزبە سیاسییەکانی پێش ڕاپەڕینیش بەرهەمی هەمان ئیرادەن، بۆیە ڕاپەڕین نابێتە بەرهەمی حزبێك و ئیرادەی خەڵك نابێتە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی حزبێك، بەڵکو حزبێك چەند گەورە بێت، ڕەنگدانەوە بەشێکی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، بۆیە ڕاپەڕین فێرمان دەکات، ناکرێت حزبەکان لەناو مێژووی ڕاپەڕیندا غەدر لەئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوو بکەن و بەئیرادەی حزب لەقەڵەمی بدەن، یان دڵسۆزی خەڵك بۆ هاوکاری بەرەی کوردستانی وەك ملکەچی بۆ حزبێکی سیاسی دیاریکراو پێشانبدەن، ئەمە مانایەکی دیکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ڕاپەڕین ئامانجی گەیشتن بەئازادی بووبێت، ئەوا دەبێت ئەو (ئەوسا)یەی خەڵك، تیرۆزەی ئێستای پێبکرێت، بەواتایەکی دیکە تیرۆزە کردنی ئازادی (ئێستا) مان، پێویستی بەیەکڕیزی نێوماڵی کوردستان هەیە، هیچ لایەنێك بەتەنیا ناتوانێت تیرۆزەی (ئێستا) بکات، یان خۆی بەنوێنەری ئێستا بزانێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی چۆن ڕابردوو هی هەموومانە (ئێستا)ش هی هەموومانە، ئەگەر لەڕوانگەی دەسکەوتەکانەوە سەیری بکەین، ئەوا چۆن دەسکەوتەکان هی هەموومانن، ئەوا بەهەمان پێوانە هەڵە و کەموکورتیەکانیش کە ڕوویانداوە هی هەموومانە، چۆن شانازی بەدەسکەوتەکانەوە دەکەین، دەبێت هەمووشمان بەرگەی ئەو ئۆباڵە بگرین کە هەڵەو کەموکورتیەکانیشمان دەیخەنە سەرشانمان و دەبێت هەمووشمان پێکەوە شانی بدەینە بەر بۆئەوەی هەڵەو کەموڕییەکان ڕاست بکەینەوە.

ڕاپەڕین پێمان دەڵێت، من بەشێکم لە بەرهەمی خوێنی کچان و ژنانی ئەم وڵاتە، بۆیە ئازادییەکەشم بەشێکی موڵکی ژنان و کچانە و کەس ئەو مافەی نییە لێیان زەوت بکات یان ئازادییان پێ بدات

مێژوو پێمان دەڵێت پێش ئەوەی ڕاپەڕین بەرهەمی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت، حزبە سیاسییەکانی پێش ڕاپەڕینیش بەرهەمی هەمان ئیرادەن، بۆیە ڕاپەڕین نابێتە بەرهەمی حزبێك و ئیرادەی خەڵك نابێتە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی حزبێك

٤- ڕاپەڕین فێری کردوین ئەم وڵاتە بەفرەیی بیروبۆچوونی سیاسیی و فرەیی نەتەوەیی و ئایینەوە جوانە، کەواتە ئامانجێکی دیکەی ڕاپەڕین لێبوردەیی و پێکەوەژیان و پێکەوە کارکردنی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکان و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانە، بەڵام لێبورەدەیی و پێکەوە ژیانیش پێویستی بەسیستمێك هەیە پیادەی بکات، بۆیە دەبێت سیستمێك بونیاد بنێین ئەو لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە بەردەوامی هەبێت و بپارێزرێت، کە ئەویش بونیادی سیستمی دیموکراتیە، ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە و پێویستە وەك وانەیەك لەڕاپەڕین و لەخەڵکی ڕاپەڕیووی کوردستان فێری بین ئەوەیە، کە خەڵکی کوردستان جیاواز لەهەموو نەتەوە و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆی بڕیاریداوە ئەو سیستمەی کە پێویستە قۆناخی دوای ڕاپەڕین بەڕێوە ببات، پێویستە دیموکراتی بێت، بۆیە لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ کاتێك خەڵکی کوردستان بەجیاوازی بیروبۆچوون و

نەتەوەو ئایینەوە ڕوویان لەسندوقی دەنگدان کرد، بەشایی و هەڵپەرکێ و بەرگی میللییەوە ڕوویان لەسندوقەکانی دەنگدان کرد، خەڵك بۆ ئەوە نەچووە سەر سندوقی دەنگدان بۆئەوەی دەنگ بەپارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکە بدەن، بەڵکو خەڵك چووە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆئەوەی دەنگ بەدیموکراتی بدات و بەدەستی خۆی بەردی بناخەی دیموکراتی لەم وڵاتە دابنێت، وەك بەڕێز مسعود بارزانیش لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ بەهەموو کوردستانیانی ڕاگەیاند، ئەوە گرنگ نییە پارتی دەنگ زۆر تر دێنێت یان یەکێتی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت و هەڵبژاردنەکە سەرکەتوو بێت، هەربۆیە بەڕێزی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت هەموو گەلی کوردستان دەیباتەوە، گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە، بۆ خوێندنەوەی (ئێستا)یە، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ ئێستا چی گرنگە، کام هەنگاوە پێویستە هەڵیبگرین، بۆئەوەی گەلی کوردستان سەرکەتوو بێت؟ بێگومان پێویستە ئەو هەنگاوە هەڵبگرین، کەموکورتیەکانی ئێستاس حکومڕانی لەکوردستان چارەسەر بکەین، بەڵام چۆن چارەسەر دەبن؟ بێگومان بەهاوکاری و هەماهەنگی نێوان تێکڕای حزبە سیاسییەکان و بەشداری پێکردنی خەڵکی کوردستان، ئەمە پێمان دەڵێت ئامانجی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی فەرمانڕەوا، چارەسەرکردنی خواست و داواکارییەکانی خەڵکە، نەك بەکارهێنانی خواست و دواکاری خەڵك بۆ بەرژەوەندی حزبی ئەوجا ئەو حزبە دەسەڵات بێت یان ئۆپۆزسیۆن، وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکیش ئامانجێکی دیکەی ڕاپەڕینە.

٥- ڕاپەڕین فێری کردین، ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ڕاپەڕین بوو دژی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، هەربۆیە لەناو گەرمەی حەماسی ڕاپەڕیندا، گەلی کوردستان ڕێزی لەمافەکانی مرۆڤ گرت و ئەو هەموو دیلەی لەسوپای عێراق کەوتنە بەردەستی، بێڕێزی بەمافەکانیان نەکرد و هەموویانی بەڕێزەوە ناردەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆیان، ئەمەش پەیامێکی دیکە بوو بەهاوشێوەی بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا تیایداوە پێویستە ئەمریکیەکان ئازاد بێت، ئەمە وەك چەند جاری دیکەش ئاماژەمان پێکردووە، تەنیا مانای ئەوە نییە ئەمریکیەکان تەنیا لەژێر دەستی بەریتانیا ئازاد بن، بەڵکو مانای ئەوەیە پێویستە کۆماری ئەمریکای ئازاد بونیادبنرێت. ڕاپەڕینش هەمان پەیامی ئازادی و سەربەخۆییمان پێدەڵێت و داوامان لێدەکات دەبێت کۆماری ئازادی کوردستان بونیاد بنێین، کۆماری ئازادی کوردستانیش هەموو کاتێك و هەموو سەردەمێك پێویستی بەدووبارە خوێندنەوە و دووبارە مانادانەوە هەیە بە پەیامی ڕاپەڕین، ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموومانە.

* ڕاپەڕین پێمان دەڵێت، من بەشێکم لە بەرهەمی خوێنی کچان و ژنانی ئەم وڵاتە، بۆیە ئازادییەکەشم بەشێکی موڵکی ژنان و کچانە و کەس ئەو مافەی نییە لێیان زەوت بکات یان ئازادییان پێ بدات، چونکە ئەوانیش بەخوێنی خۆیان ئەم ئازادییەیان نەخشاندووە و چەندین شەهید و برینداریان بۆ سەرخستنی ڕاپەڕین پێشکەش کردووە، بۆیە پێویستە لەقۆناخی دوای ڕاپەڕین کچان و ژنانی ئەم وڵاتە ئازاد بن، کەواتە پێویستە ڕێز لەمافی ژنان و کچانی ئەم وڵاتە بگیرێت و دەبێت بەهێندەی قەوارەی خۆیان(کە هەندێك دەڵێن لەنیوەش زیاترن) دەبێت بواریان بۆ بکرێتەوەو بەشدار بن، دەبێت کچان و ژنانی ئەم وڵاتە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی کوڕ و پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیە بکەنەوە، بۆچی کاتێك ژنان و کچان هاتنە ڕیزی پیاوەکان و لەپێناوی ئەم



ئانی پۆمیرۆی بۆ گوڵان:

**بناخەی ژێرخانی سەرکەتوو بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین بریتییە لەیەکگرتن لەسەر بنەمای خۆشویستنی یەکتری نەک لەسەر ڕقهەڵگرتن لەدوژمنە سیاسییەکەیان**

ئازادییە شەهید و بریندار بوون، ئەو کاتە جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا نەبوو، بۆچی بۆ دابەشکردنی مافەکان جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا دەکەن.

## بونیادنانەوەی قۆناخی دوای ڕاپەڕین لەڕاپەڕینەکە گرنگترە

سەرکەوتنی ڕاپەڕین بریتی نییە تەنیا لەڕووخانی ڕژێمێك، بەڵکو سەرکەوتنی ڕاپەڕین لەبونیادنانەوەی ئەو سیستمەیە کە لەجێگەی ڕژێمی ڕووخاو بونیاد دەنرێتەوە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە ڕاپەڕینی بەهاری کوردستان لەگەڵ ڕاپەڕینی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەراورد بکەین، دەبینین ئەوانیش هاوکات لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕین و توانیشیان چەندین پارێزگا ئازاد بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانی پارێزگاری بەو ئازادییەوە بکەن، دەبینن ئەوان وەك ئێمە لەسەر ڕاپەڕینی خۆیان هەڵوەستە ناکەن، یان لانی کەم ناتوانن ئێستایان بەو ڕووداوەوە گرێبدەنەوە، یان لەو ڕاپەڕینە ئێستای خۆیان بخوێننەوە، بۆیە سەرکەوتنی ڕاپەڕین بەپلەی یەکەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕاپەڕینە، ئەو کارانەی دوای ڕاپەڕینەکە مانا بەمێژووی ڕاپەڕینەکە دەداتەوە، بەردەوامی ئەو بڕیارەیە کە لەدوای ڕاپەڕین لەخۆمان پرسیووە (چ بڕیارێك بدەین و چی لەسەرمان پێویستە بیکەین)، هەربۆیە کاتێك لەم ڕوانگەیەوە باسی مێژووی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین دەکەین، باسی تەنیا ڕەتکردنەوە ناکەین، بەڵکو باسی بونیادنانەوەی ژیانێکی نوێ دەکەین، ئەمە لەتێکڕای مێژووی مرۆڤایەتی بەو شێوەیە بووە، لەبەر ئەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان یەك ئامانجیان نەبووە، بەڵکو ئامانجی جیاوازیان هەبووە، هەر بۆنموونە ڕاستە شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا ئامانجیان ئازادی و دیموکراتی بووە، بەڵام شۆڕشی چین و ڕوسیا ئامانجیان دیموکراتی نەبووە، ئەم ڕاستیە ئێستا لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیش دەبینین، کە مەرج نییە ئامانجی ئەو شۆڕشانە ئازادی و دیموکراتی بێت، یان خەڵکەکە دوای ڕووخانی ڕژێمەکان، بڕیار بدەن بەرەو ئازادی و دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئانی پۆمیرۆی ئوستادی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەزانکۆی ڕیچارد ستۆکتۆن کرد، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند کاتێك خەڵك بڕیاری شۆڕش و ڕاپەڕین دەدات،

دەیەوێت بڵێت لەو واقیعەی ئەو کاتەی تێیدا دەژی توانــای ژیان نەماوە، یان ژیان هیچ مانایەکی نییە، لەمبــارەوە وتی:(هۆکاری هەڵگیرسانی شــۆڕش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کــە خەڵك دەگەنە ئەو بــاوەڕەی کە چیتر ناتوانــن لەو واقیعەدا درێــژە بەژیان بدەن و چیتر ناتوانــن تەحەمولی ئەو واقیعە بکەن کــە کەرامەت و ژیانیانی تێکداوە، بۆیە لەم ڕوانگەیــەوە بناخەی ژێرخانی ســەرکەتوو بۆ شــۆڕش و ڕاپەڕین، بریتییە لەیەکگرتن لەســەر بنەمای خۆشویستنی یەکتری نەك لەسەر ڕقهەڵگرتن لەدوژمنە سیاسییەکەیان. هەروەهــا بەدیوەکەی دیکــەدا هاوکاری و پشــتیوانیکردنی یەکترییە بۆ بونیادنانەوەی قۆناخــی دوای ڕاپەڕین، هــەر بۆنموونە شۆڕش کۆماری ئازادی ئەمریکای بونیاد ناوە کە زۆرجار ئێمە فەرامۆشــی دەکەین و زۆرجار ئەوەی ئەمریکیەکان لەبیری دەکەن ئەوەیە ئەم وڵاتە لەســەر بنەمای شــۆڕش دروست بوو. ئەو شۆڕشەی لەسەر بنەمای خواســتی ڕزگاربــوون لەئیمپراتۆریەتــی بەریتانی بەرپاکرا، بۆئەوەی خەڵکی بتوانن بڕیار لەچارەنووســی خۆیان بــدەن. کەواتە من بیر لەشۆڕشــی ئەمریکــی دەکەمەوە. لەگەرمەی شۆڕشــەکەدا خەڵکی پەرۆشی یەکتــر بــوون و بایەخیان بەیەکتــر دەدا. ئەمەش تا دوا ئەندازە زەحمەتە، لەبەر ئەوەی



دانیال گاربەر بۆ گوڵان:

**ڕەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕووخاندنی ڕژێمێکی سەرکوتکار ئاسانتر بێت لە پێکهێنانی حکومەتێکی باشتر لەجێی ئەو ڕژێمە**

دۆخێکــی دژوار و نائارامی هەیە و هەموو جۆرە سەختیەك هەیە. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی پێشوو کە پشتیوانیکردنی یەکتری تا دوا ڕاددە گرنگــە و بایەخدانی خەڵکی بەیەکتــر بۆئــەوەی بتوانن ئــەو دژواریە تێپەڕێنن.. هەربۆیــە من بەتەواوەتی باوەڕم وایە کــە دەبێــت پاڵنەری هەڵگیرســانی شــۆڕش بایەخدان و پەرۆشی خەڵك بێت بۆ یەکتری، کە زەمانەتی ئاسایشی و ئازادی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی یەکتر بکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرکەوتنی ڕاستەقینەی شۆڕشــەکە، کە دەبێت ئاڵوگۆڕ لەپێوەندی نێوانیانــدا ڕوبدات، پێوەنــدی ئابووری و پێوەندی سیاسی و پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕ بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ. خەڵکی ناتوانن بەتەنیا لەســەر بنەمای ڕەتکردنەوە شــۆڕش بەرپابکەن، دەبێت لەسەر بنەمای خواســتێك بێت بۆ بنیاتنانی دۆخێك تێیدا هەموو کەسێك بتوانێت ژیانێکی سەربەرزانە و گەشەکردوی هەبێت)).

ئەوەی خاتوو ئانی پۆمیرۆ ئاماژەی پێکرد، خۆشەویستی و هەماهەنگی نێوان پێکهاتە جیــاوازەکان و تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیــە، کــە مانای ســەرکەوتنی ڕاستەقینەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دیاری دەکات، ئەمــەش نــەك تەنیــا لەقۆناخی شــۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، بەڵکو لەقۆناخی دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیش کە قۆناخی بونیادنانەوە دەســت پێــدەکات، هەروەها ئەو لەو ڕوانگەیەوە ئاماژە بەشۆڕشی ئەمریکا دەکات کــە ئەمریکیەکان ئەگــەر یەکتریان خۆش نەویستایە و پشتی یەکیان نەگرتبایە شــۆڕش ســەرنەدەکەوت، دوای شۆڕشیش ئەگــەر بەهەمــان گیــان یەکتریان خۆش نەوێت، ئەوا نەدەتوانرا کۆماری ئازاد بونیاد بنرێت، بۆیە ئەو پێیوایە نابێت کەس شۆڕشی ئەمریکای لەبیر بچێتــەوە و دەبێت هەموو بزانن شــۆڕش ئەو ئەمریکایەی ئێســتای بونیادناوە، بەڵام ســەبارەت بەسەرنەکەوتنی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، کە بێگومان چۆن لەمێــژووی کوردستانیشــدا چەندین ڕاپەڕیــن و شــۆڕش ســەرکەتوو نەبوون، لەجیهانیشــدا بەو شــێوەیە بوونە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دانیال گاربەر ئوســتادی فەلســەفە لەزانکۆی پرینستۆن کرد و ئەو وێڕای ئەوەی قۆناخی دوای شۆڕش بەقۆناخێکی سەخت دەزانێت، لەهەمانکاتــدا پێیوایە هەموو شــۆڕش و ڕاپەڕینێك ســەرکەتوو نەبوونــە، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (زۆر قورســە بتوانین بەشێوەیەکی گشــتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینــەوە، لەبەر ئــەوەی چەندەها ڕاپەڕین و شــۆڕش بەهۆکاری جیــاواز بەرپاکراون، نموونە بەرچاوەکان بریتین لەشەڕی ناوخۆی ئینگلیز، شۆڕشــی ئەمریکا و شۆڕشــی فەڕەنسا و شۆڕشــی ڕوسیا، کە هەر یەکە لــەم شۆڕشــانە جیاوازبوون، کێبــوون ئەو کەسانەی شۆڕشیان کرد و بۆچی شۆڕشیان کرد و ئایا ئاکامەکانی چی بوون؟ من دوو دڵم لــەوەی لێکدانەوەیەکی گشــتی بکەم لەبارەی ئەوەی ئەو شۆڕشــانە هەریەکەیان ئامانجێکیان هەبــووە، لەلایەکی دیکە زۆر لەشۆڕش و ڕاپەڕین هەن سەرکوتکراون، هەر بۆ نموونە شۆڕشــی ساڵی ١٩٠٥ لەڕوسیا ســەرکوتکرا. هەروەها شۆڕشــی دیکەش ڕوویدا کە ســەرکوتکران. لەهەمان کاتدا بۆ ئێســتاش ئەگەری ئەوە هەیە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەی لەســوریا هەیە سەرکوتبکرێت. بەڵام خاڵــی گرنك لێرەدا کە ئێمە باســی دەکەین قۆناخی دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەکان ئەوەیە، دەبێت هەموو شۆڕشــێك درك بەوە بکات کە بەڕێوەبردنی دۆخی دوای شۆڕش ئاســان نییە و مەرج نییە سەرکەوتوو بێت، پێموایە دۆخی.. دوای شۆڕشــی فەڕەنسی



ستوارت کۆهن بۆ گوڵان:

**شەفافیەت و بەشداری گشتی دوو فاکتەری گرنگن، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەفافیەت هەبێت، ئەوا سەرکردەکانی قۆناخی ئاوەدانکردنەوە نییەت پاك و دەستپاك دەبن**

جێی بایەخ و سەرنجە، هەروەها ئەوەی ئێستا لەمیسردا ڕوودەدات، بەهەمان شێوە ئەوەی ئێستا لەلیبیادا ڕوودەدات. کەواتە ئەمە ئاسان نییە، ڕەنگە بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕووخاندنی ڕژێمێکی سەرکوتکار ئاسانتر بێت لەپێکهێنانی حکومەتێکی باشتر لەجێی ئەو ڕژێمە. هەروەها ئاکامی شۆڕشی ئەمریکی هاتنەدی دیموکراسی بوو، ئەگەرچی ڕەنگە پێویست بەوە بکات بڵێین کە گەشەکردنی دیموکراسی کاتی ویست، بەڵام دەرئەنجامی شۆڕشی چین هاتنەدی دیموکراسی نەبوو، هەروەها شۆڕشی ڕوسیا دیموکراسی بەرهەم نەهێنا. پرسی ئەوەی ئایا ئاکامی شۆڕش هاتنەدی دیموکراسی دەبێت، دووبارە ئەمە بەندە بەهۆکارە مەحەلیەکانەوە. وەك کەسێك کە پشتیوانی لەدیموکراسی دەکەم، ئومێدی من ئەوەیە شۆڕشەکان سەربکێشن بۆ فەراهەمهێنانی ئازادی، بەڵام بەڕوانین لەو ئەزموونانەی ڕوویانداوە هەمیشە ئەم ئەنجامەیان لێناکەوێتەوە.)).

کەواتە ئامانجی شۆڕش دیسان ناسنامەی شۆڕش و مێژووی شۆڕش دیاری دەکات، بەڵام سەبارەت بەشۆڕشی نەتەوەیی وەك شۆڕشی نەتەوەیەکی سەرکوتکراو پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دۆناڵد مینهاند ئوستادی کاروباری گشتی لەزانکۆی ویسکۆنسین - مادیسۆن کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دەبێت لەناو گروپە جیاوازەکاندا پشتیوانی بەرفراوان هەبێت بۆ ئامانجەکانی شۆڕشەکە، ئەگەر شۆڕشی ئەمریکا بەنموونە وەربگرین، ئەوا ئەم هەستە هەبووە لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بەوەی لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەمریکیەوە سەرکوتکراون، هەربۆیە لەمێژوودا نموونەی ئەو شۆڕشانەمان هەیە کە بەئامانجی دروستکردنی نەتەوەیەك بەرپاکراون، پێموایە یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم نەتەوەیە ئەوەیە ڕێگایەك بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بدۆزێتەوە، لەڕاستیدا بەهۆی ئەوەی ئەمریکا لەڕووی جوگرافیەوە دابڕاوبوو ئاسانتر توانیتی ئەم کارە ئەنجام بدات، بەپێچەوانەی ئەورووپاوە بۆ نموونە لەیوگسلافیای پێشوودا، یاخود لەئیرلەندا کە ڕاپەڕین هەبوو کە ناکۆکیەکی درێژخایەنتر هەبووە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا. دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەنێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە یاخود بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا گرنگە بۆ هێنانەدی ئاشتیەکی درێژخایەن لەدوای ڕوودانی ڕاپەڕینەوە، سەبارەت بەقۆناخی دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش من ڕاشکاوانە دەڵێم بەتەنیا بوونی توانای بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین گرنگ نییە، بەڵکو گرتنەبەری ڕێگای پێکهێنانی حکومەت دوای شۆڕشەکەش گرنگە، ئەویش لەپێناو درێژەپێدانی سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە. پێکهێنانی حکومەت لەئەمریکا بەشێوەیەکە کە ڕێگانادات گروپێکی دیاریکراو یان پارتێکی دیاریکراو باڵادەست بێت و دواتر مومارەسەی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یاخود پاشایەتی بکات، بەچەشنێك تاکەکەسێك لەتێکڕای کۆمەڵگەکە گرنگتر بێت، ئەمەش دەرسێکی گرنگە بۆ وڵاتانی دیکە کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بوار و دەرفەت کەم دەکاتەوە تاوەکو گروپێکی دیاریکراو نەتوانێت بەسەر گروپەکانی دیکەدا زاڵبێت.)).

بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا میکانیزمی یەکگرتوو و پێکەوە کارکردن لەقۆناخی ڕاپەڕین و دوای سەرکەوتنی شۆڕش چۆن دەبێت؟ ئەم پرسیارەشمان ڕووبەڕووی پرۆفیسۆر ستوارت کۆهن ئوستادی یاسا لەزانکۆی فلۆریدا کرد



**دۆناڵد مینهاند بۆ گوڵان:**

**دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەنێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە یاخود بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا گرنگە بۆ هێنانەدی ئاشتیەکی درێژخایەن لەدوای ڕووداوی ڕاپەڕینەوە**

ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (پێموایە دوو هۆکار بۆ قۆناخی دوای شۆڕش و ڕاپەڕین گرنگن، یەکەمیان شەفافیەت و دووەمیان بەشداریکردنە، مەبەستم ئەوەیە هەمیشە خەڵکی هوشیاربکرێنەوە بەوەی کێ دەسەڵاتی بەدەستە و سیاسەتی حکومەت چییە. مەبەستم لەبەشداریکردنیش ئەوەیە دەرفەت بەخەڵکی بدرێت تاوەکو لەڕێی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە بڕیاری ئەوە بدەن کێ ئەو سیاسەتانە بەڕێوەدەبات. باوەڕم وایە ئەوانە دوو توخمی گرنگن، شەفافیەت و بەشداری گشتی. ئەمە بۆ شۆڕشی نەتەوەیی زیاتر گرنگە لەبەر ئەوەی نەتەوەی سەرکوتکراو بەمانای ئەو نەتەوەیە دێت کە مافە سەرەکیەکانی پێنەدراوە، وەکو دادپەروەری، هەروەها ئازادبوون لەوەی بەو شێوەیە ڕەفتار بکەیت کە مافی خۆتە، لەبەر ئەوە شۆڕش لەم ڕووەوە هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافانە، بۆ ئازادکردنی ئەو کەسانەی بەناڕەوا زیندانیکراون، بۆ گەڕاندنەوەی دادپەروەری بۆ وڵاتەکە، کەواتە ئەمە هەنگاوێکی سەرەتایی بێئەندازە گرنگە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. سەبارەت بەقۆناخی بونیادنەوەش کەئەمەش قۆناخێکی گرنگە و لەوانەیە پێویستی بەهاوکاری دەرەکیش هەبێت، دیسان ئەو دوو فاکتەرەی پێشتر ئاماژەم پێکردن(شەفافیەت و بەشداری گشتی) دوو فاکتەری گرنگن، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەفافیەت هەبێت، ئەوا سەرکردەکانی قۆناخی ئاوەدانکردنەوە نییەت پاك و دەستپاك دەبن، بۆیە هاوکاری دەرەکی گرنگ دەبێت لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لەکاتی شۆڕشدا نەتەوە سەرکوتکراوەکە سەرچاوەی پێویستی نابێت، لەبەر ئەوە گرنگە هاوکاری بۆ دابین بکەن بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە لەدروستکردنی ڕێگاکان، هۆکارەکانی پێوەندیکردن و دابینکردنی چاودێری پزیشکی، هەروەها هەموو ئەو لایەنانەی دیکە کە هاوکار دەبن لەبنیاتنانەوەی وڵاتەکە، وەك لایەنی پەروەردە، زۆرجار لەکاتی بەرپاکردنی شۆڕشەکاندا وڵاتەکە ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدا نییە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە سەرکردە نوێیەکان متمانەی وڵات و لایەنە دەرەکیەکان بەدەست بهێنن، تاوەکو وڵاتەکە توانای پەرەپێدان و برەودان بەسەرچاوەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت و بەتوانای خۆی ژێرخانی وڵاتەکەی بنیات بنێتەوە)).

# لە شۆڕشەوە بـــــۆ ڕاپەڕینەکان

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



زۆر کەسان دوودڵ بوون لەوەی پەیڤی «شۆڕش» بەکار بهێنن، دەرهەق بەوەی لە هەندێك وڵاتـــی عەرەبیدا ڕووی دا، هەروەها ئـــەوەی بە تێکـــڕا پێی دەوترا بەهاری عەرەبی.

بەلای ئەوانـــەوە چەمکێکی ڕوون و شـــەفاف لەبارەی مەبەستیان بۆ شۆڕش بەدی ناکەین، ئەوان بە زۆری و زیاتر، بە ئاماژەدانیان بۆ هەندێك شۆڕشـــی مەزن لە مێژووی نوێدا، بـــە تایبەتی هەردوو شۆڕشـــی فەرەنسی و ڕووسی باسی لێ دەکەن، تا هەرچی کە ڕووی دا، بەو دوو شۆڕشەی بەراوردو پێوانە بکەن، ئنجا بەو ئاکامەش بگەن کە «بەهار» توخمەکانی «شۆڕشی» تێدا نییە، لەوەش زیاتر نییە کە شێوەیەکە لە شێوەکانی یاخیبوون، بۆیە ئەوانە پتر لە ڕاپەڕینەوە نزیکن.

هەمان ئەم ڕاڕایی و دوودڵییە تەنانەت لە لای مێژوونووسانی شۆڕشە مەزنەکانیش بە درێژایی مێژوو دەبینین، زۆربەیان ڕایان لەوەدایە دیاردەی شۆڕش لە چاخی نوێدا قەتیس بکەن، بە شۆڕشەکەی ئەمریکاش لە ســـاڵی ١٧٧٦دا دەســـتی پێ دەکەن، بزووتنەوەکانـــی یاخیبوونیش کە پێشـــتر مێژوو پێیان ئاشنا بووە، وەك بزووتنەوەکەی سپارتاکۆس، تەنیا بە ڕاپەڕین و یاخیبوون (révoltes) دادەنێن.

هەڵبەت ئەوە واتای ئەوە نییە، خەڵکانێك نین کە پەیڤی شـــۆڕش بـــە هەمەجۆرو شـــێوەکانی گۆڕان و وەرچەرخان نەڵێن، تەنانەت (ئـــەو خەڵکانە) دەیگشـــتێنن تا بواری دیکەی دەرەوەی سیاســـەتیش بگرێتەوە، ئیدی باسی شۆڕشی کۆبێرنیك و شۆڕشی ژنان و شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی تەکنیکیش دەکەن..

بەڵام ئەوەی دەبێ ســـەرنجی بدرێتێ، ئەوەیـــە کە پەیڤی شـــۆڕش وەك ئەوەی بۆ نموونـــە لـــە زمانی فەرەنســـیدایە (révolution) ئاراســـتە بە پەیڤی لاتینـــی (revolvere) دەکات، کـــە پتر واتـــای ڕوو لە پـــاش کردن و پاشەکشە دەگەیەنێت، لەویشەوە سیفەتی (révolu) لە زمانی فەرەنسیدا هاتووە، واتـــە ئەوەی تێپەڕی و چوو. لەم ڕووەوە، هەندێـــك لەوانـــەی بایەخ بـــە دیرۆکی پەیڤەکە دەدەن، هۆشداری دەدەن کە پەیڤی (révolution) ئەو واتایەی نەبووە کە ئێســـتا بەکاری دەهێنین، واتە گۆڕانی کتوپڕ و قووڵ لە بونیادی سیاسیدا، تەنیا لە ساڵی ١٦٦٠ەوە نەبێت.

دەتوانین بڵێین بەکار هێنانی ئێســـتای (پەیڤەکە) لەوەدایە چەمکی شۆڕش وا دیاری بکات کـــە بەرامبەر بە چەمکی ڕاپەڕیـــن و یاخیبوونە، تـــا بیانخاتە نێو خانـــەی پێوەندییەکی دژبەرییەوە (دژ بە یەکەوە). لە کاتێکدا شـــۆڕش لە ســـەر بنەمای پرۆژەیەکی تیۆرییەوە بەرپا دەبێت و هـــەوڵ دەدات لە واقیعـــی کردارەکیدا بەدی بێت، لەو کاتەیدا شـــۆڕش بریتییە لـــە تیۆرییـــەك کە هـــەوڵ دەدات پیادە ببێت، ئەوا ڕاپەڕین، بە پێچەوانەی ئەوە، جۆرێکە لە ڕەت کردنەوەی مێژوو، یان وەك ئەوەی یەکێکیان دەڵێت «ڕەت کردنەوەی ئەو ســـەبەبێتییەی کە هـــەر وەك ئەمڕۆ دەبێت». شـــۆڕش «پرۆژەیە» (pro-jet)، بزووتنەوەیەکـــە خـــۆی دەهاوێتە ئایندەوە، لە دیدێکیشـــەوە ســـەرچاوەی گرتووە، شۆڕش بە ئایدیۆلۆژیایەك بەرپا دەبێـــت کە چینگەلی جڤاکـــی باوەڕیان پێی دەبێت، هەوڵ بە ئاراستەی گۆڕینی واقیـــع دەدات و ڕوو لە بەهایەك دەکات. بەم واتایە شۆڕش کە دژ بە دەزگاگەلێك بەرپا دەبێت، بۆ ئەوەیە هی دیکەی بەدیل (ئەلتەرناتیف) لە جێی ئەودا دابمەزرێنێت. ئـــەو دژ بـــە سیســـتەمێك (ڕژێمێك) بەرپـــا دەبێت بە ئامانجی چەســـپاندنی سیستەمێك (ڕژێمێك)ی (دی). هەرچی یاخیبوونـــە، تەنیا هەوڵێکـــە بۆ لادانی مێژوو لـــە ڕێڕەوەکەی و گۆڕینی جووڵە و بزاوتەکەی. بـــەم واتایە ناتوانین بڵێین «شۆڕش ڕاپەڕینێکی ســـەرکەوتووە». چونکە هەڵوێستی هەر یەك لە شۆڕش و ڕاپەڕین لە مێژوو، بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە یەك جودان.

ئەگەر ئەوەی پێشتر گوترا بسەلمێنین، ئایدیۆلۆژیامان کردە مەرجێك بۆ هەموو شۆڕشـــێك، ئیدی ڕەنگـــە دەبێ لەگەڵ ئەوانـــەدا هاودەنگ بین کـــە دەڵێن بە «مردنی ئایدیۆلۆژیا» شۆڕشـــەکانیش دەمرن. سەرباری ئەوە، پێویستە دووپاتی بکەینەوە کە شـــۆڕش وا نابێت، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە لە هەموو پێشـــبینییەك

دەردەپەڕێت (دەردەچێت)، ئەو بە دروستی، ڕووداوێکی نائاساییە. هەڵبەت بە تەبیعەتی حاڵ ئەمەش واتای ئەوە نییە کە لە هەموو ماقووڵییەکەوە دوورە، بەڵکوو تەنیا ئەوەیە کە پاساوی خۆی لە نێو فەلسەفەیەکی مەبەستخوازانەی مێژوودا نابینێتەوە، فەلسەفەیەك پێی وایە مرۆڤ لە توانایدایە پرۆژەی ئایندەی بەدی بکات، ئەگەر ئەو چاودێریی جووڵەی مێژووی کرد و بەدیی کرد، ئیدی بکەوێتە دووی (شوێنی). هەڵبەت ئەوە ڕێمان لێ ناگرێت کە بە دوای واتایەکدا بۆ شۆڕش بگەڕێین، هەروەها بە دوای «ڕێیەك بۆ تێگەیشتن» لە ڕێی لۆژیکی ناوخۆیەوە و بە شرۆڤە کردنی بنیادەکەی، بە بێ ئەوەی پەنا ببەینە بەر ڕیزبەندییەکی گشتی یان پەنا ببەینە بەر لۆژکێکی هەمەکی.

خۆ ڕەنگە هەر ئەوەش بێت کە پاڵی بە هەندێکتانەوە نا کە هەوڵ بدەن پرسەکە بە دوور لەم ڕوانگە دیاکرۆنییە مێژووییەوە بخەنە ڕوو، بە جیا لە جووڵەسازی و دیرۆك بڕواننە شۆڕشەکان، تا لە بنیاد و سانکرۆنییەکەی بکۆڵنەوە.

هەر ئەمەش بوو کە هەندێك لە مێژوونووسانی زانست کردیان. ڕەنگە لە هەموویان گرنگتر «تۆماس کۆون» بێت، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی بایەخی بە «بنیادی زانستیانەی شۆڕشەکان» دا، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە کتێبێکدا بەو ناونیشانە (بنیادی زانستیانەی شۆڕشەکان)، بەراوردێك لە نێوان شۆڕشی زانستی و شۆڕشی سیاسی

**شۆڕش لە سەر بنەمای پرۆژەیەکی تیۆریی بەرپا دەبێت و هەوڵ دەدات لە واقیعی کردارەکیدا بەدی بێت، لەو کاتەیدا شۆڕش بریتییە لە تیۆرییەک کە هەوڵ دەدات پیادە ببێت، ئەوا ڕاپەڕین، بە پێچەوانەی شۆڕشەوە، جۆرێکە لە ڕەت کردنەوەی مێژوو**

دەکات. ئەو جۆرێك لە هاوتەریبی لە نێوان هەردوو شۆڕشەکەدا دەکێشێت. شۆڕشی سیاسی لەگەڵ هەڵکشانی هەست کردن بە ناتوانایی پرادیگمی بەکارهاتوو (بەردەست) لە هەرس کردن (لە ئامێز گرتنی) کاروبارەوە دەست پێ دەکات، هەروەها لەگەڵ هەست کردن بەوەی دەزگاگەلی کۆن «چی دی بە شێوەیەکی گونجاو ناتوانن ئەو گرفتانە چارەسەر بکەن، کە ژینگەیەك دەیانخاتە ڕوو کە ئەو دەزگایانەش لایەنێك بوون لە هێنانە ئارای (ئەو ژینگەیە)دا».

شۆڕشەکانی زانستیش بە هەمان شێوە، لەگەڵ زیاد بوونی هەست کردن بەوەی یەکێك لە پرادیگما و نموونەکانی ڕێنمایی کە هەن، کە ئیدی وازی لە بەجێ گەیاندنی ڕۆڵی خۆی بە شێوەیەکی تەواو لە بواری دۆزینەوەی

**شۆڕش دێت بۆ ئەوەی پێوەرانی بەکارهاتوو لەناو ببات، ئەمیش دەبێتە مایەی لە ڕیشەوە دارشتنەوەی کێشەکان و بە تەواوی نوێ کردنەوەی پرۆگرامەکان**

لایەنێك لە سروشت هێناوە، دەست پێ دەکەن، کە پێشتر ئەو پرادیگمە ڕێبەر (ڕێ نیشاندەر)ی توێژینەوەکانی تایبەت بەو (بوارە) بووە.

لەبەر ئەوەی زانست، بە گوێرەی تۆماس کۆون، لە ماوەگەلێکی دیاری کراوداو لە ڕەوشێکی جێگیردا ئۆقرە دەگرێت، ئەویش بە ملکەچ بوونی بۆ پرادیگمێك کە بوارەکەی و شێوازەکانی توێژینەوە تێیدا دیاری دەکات. لە چوارچێوەی ئەم «ڕەوشە جێگیرەی زانست»دا، دارشتنی کێشەکان و چارەسەری پێشنیار کراو بۆ ئەوان، خۆیان بە سەر زانایاندا دەسەپێنن.

شۆڕش دێت کە پێوەرانی بەکارهاتوو لەناو دەبات، ئەمیش دەبێتە مایەی لە ڕیشە دارشتنەوەی کێشەکان و بە تەواوی نوێ کردنەوەی پرۆگرامەکان، بە چەشنێك وەرگێڕانی چەمکەکان لە ڕێڕەوێکەوە بۆ یەکی دی ئەستەم دەبێت. بەم جۆرە قەبارە

**شۆڕشی سیاسی ئامانجی گۆڕینی دەزگاگەلی سیاسییە بە شێوازگەلێک کە ئەو دەزگاگەلە یاساغی کردوون و لە بەرژەوەندی (شێوازگەلی) تِرن، لەم ئان و ساتەشدا کۆمەڵ بە تەواوی و سەراپا، هەرگیز ملکەچی هیچ کامە لە کۆمەڵە دەزگایەک نابێت**

لە ڕوانگەی نیوتۆنیزمەوە و قەبارە لە ڕوانگەی ڕێژەییەوە، بۆ نموونە، کۆکن لەگەڵ دوو بۆچوون بۆ دیاردەگەلی جووڵە، بە چەشنێکیش لە یەکدی جیاوازن کە ئەستەمە گوزارشت لە یەکێکیان بکرێت بە نیشانەی ئەوی دیکەیان. وەك ئەوەی زانست بکەوێتە «قەیران»ێکەوە، کە تێیدا پرادیگمی تێپەڕێندراو ناتوانایە لە هەرس کردنی نوێباو.

بە هەمان شێوە «کۆون» پێی وایە شۆڕشی سیاسی ئامانجی گۆڕینی دەزگاگەلی سیاسییە بە شێوازگەلێك کە ئەو دەزگاگەلە یاساغی کردوون لە بەرژەوەندی (شێوازگەلی) دی، لەم ئان و ساتەشدا کۆمەڵ بە تەواوی و سەراپا، هەرگیز ملکەچی هیچ کام لە کۆمەڵە دەزگایەك نابێت. لەبەر ئەوەی بکەرانی جڤاکی (رای) جیاوازیان هەیە لەبارەی ڕێساکان یان نموونەی ڕەسەنی ئەو دەزگایانەی کە دەبێ لە چوارچێوەی ئەواندا وەرچەرخانی سیاسی و هەڵسەنگاندنی ئەو وەرچەرخانەش بەدی بێت، هەروەها لەبەر ئەوەی هەبوونی چوارچێوەی باڵاتر و بەهادارتر لە دەزگاکان ناسەلمێنن، کە لەبارەی جیاوازییەکانەوە پەنایان بۆ ببردرێت، ئیدی لایەنانی ململانێ دەکەونە بن باری ناچارییەوە کە پەنا بۆ شێواز و تەکنیکی هاندان و قەناعەت پێ هێنان دەبەن، ئەمەش بە زۆری پەنا بۆ بەکار هێنانی هێز دەبات.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕبات**

# حکومەت و چاکسازی

## لەقۆناخی ڕاگواستندا هەموو شتێک لەقۆناخی بونیادناندایە





لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی لەقۆناخی ڕاگواستن دان و هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی هەڵدەگرن، کەلتوری حکومڕانی دیموکراتی ساوایە یان لەباشترین حاڵەتدا لەقۆناخی خۆ بونیادناندایە، ئەمە بۆ هەموو وڵاتانی قۆناخی ڕاگواستن تارادەیەکی زۆر هاوشێوەیە، لەبەر ئەوەی کەلتوری دیموکراتی بوونی پسپۆڕی یان زانینی پێناسەی دیموکراتی نییە، بەواتایەکی دیکە پرسیاری (دیموکراتی چییە؟) لەهەموو وڵاتێك دووبارە دەبێتەوە و ئاستی پێگەیشتوویی کەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە وەڵامی دەداتەوە، نەك سەنتەرەکانی توێژینەوە یان زانکۆکانی ئەو وڵاتە، هەربۆیە ئەگەر هەندێك کەس پێیانوابێت، بونیادی دیموکراتی بریتییە لەکۆپیکردنەوەی ئەو ئەزموونانەی لەوڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا دەیان ساڵە بەڕێوەدەچن، ئەوا دیموکراتی لەسەر ئەرزی واقیع شتێکی دیکە دەڵێت و پێمان دەڵێت، ڕاستە دەتوانرێت سوود لەئەزموونە سەرکەوتووەکانی دیموکراتی وەربگرن، بەڵام دەبێت دیموکراتی بەپێی ئیمکانییەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و داب و نەریتی کۆمەڵگەی خۆت بونیاد بنێیت، ئەوجا لەبەر ئەوەی دیموکراتی وەك پرۆسەیەکی گشتگیر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەسیاسیی و ئابووری و کەلتوری و داب و نەریتەوە دەگرێتەوە، ئەوا ئەزموونی دیموکراتی هیچ وڵاتێك دەقا و دەق بەکەڵکی وڵاتێکی دیکە نایەت، ئەم دێڕانە وتەیەکی (لی کوان یو) سەرۆك وەزیرانی پێشووی سەنگافورامان بیردێنێتەوە کە لەساڵی ٢٠٠٨ لەموحازەرەیەکدا لەعەرەبستانی سعودی پێشکەشی کرد و ئەو پرسیارەی کرد: (ئەگەر من هاووڵاتیەکی سعودیە بومایە چۆن بیرم لەبونیادنانەوەی سعودیە دەکردەوە؟)، لی کوان یو کە خاوەنی سەرکەوتووترین ئەزموونی بونیادنانەوەیە لەسەنگافورا، ئاماژەی بەوە نەکرد کە پێویستە سعودیە چۆن لاسایی سەنگافورا بکاتەوە بۆئەوەی پێش بکەوێت، بەڵکو پرسیاری ئەوەی وروژاند پێویستە سعودییەکان چۆن بیر لەبونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان بکەنەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا لی کوان یو دەڵێت:

**ئەگەر گەشەی ئابووری نەبێت سەرچاوەت نابێت بۆ پەرەپێدانی سەروەری یاسا و بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراسی**

**دڵی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و دڵی پرۆسەی دیموکراسی و سەروەریی یاسا بریتییە لەرێکخستنی کاری پارتە سیاسییەکان**

ئەگەر هاووڵاتی سعودیە بومایە بیرم لەوە دەکردەوە سعودیە چی هەیە و چۆن دەتوانم ئەو ئیمکانیەتانە هەڵسوڕێنم و وڵاتی پێ بونیاد بنێمەوە، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات، سعودیە دوو کەرەستەی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت(یەکەمیان حوشترە و دووەمیان پێترۆڵە) بەڵام لەخۆی دەپرسێت ئایا من پشت بەکامیان ببەستم؟ خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت من پشتم بە پێترۆڵ دەبەستم، بەڵام نەك بۆ ئەوەی پێترۆڵەکە بەخاوی بنێرمە دەرەوە و بیفرۆشم، بەڵکو بۆئەوەی پیشەسازی پێترۆڵی لەو وڵاتە بونیاد بنێم، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی لی کوان یو کە بەناونیشانی (سەنگافورا لەجیهانی سێهەمەوە بۆ جیهانی یەکەم)، هەست دەکەین لی کوان یو لەتەواوی ئەو کتێبەدا باسی پێترۆڵی وەك سەرچاوەیەك بۆ بونیادنانەوە نەکردووە، بەڵکو باسی ئەوە دەکات ئەو وڵاتە وەك ڕێڕەوێك و بەندەرێك چۆن بتوانێت بەو ئیمکانییەتە سەنگافورا بونیاد بنێتەوە، ئەمە بۆ کۆریا و تایوان و ژاپۆن و کۆستاریکا و بتسوانا و تارادەیەك چیلیش ڕاستە، لەبەر ئەوەی شێوازی بونیادنانەوەی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی دیکە جیاوازە، ئێستاش کە کۆرییەکان یان ژاپۆنییەکان دێنە وڵاتی ئێمە پێمان ناڵێن ئەزموونی ئێمە دووبارە بکەنەوە، بەڵکو پێمان دەڵێن سەیری ئێمە بکەن چۆن توانیمان بەخوێندنەوەی ئیمکانییەتی وڵاتی خۆمان، وڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕ بونیاد بنێینەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەگرنگی بونیادی دیموکراتی و ڕاستکردنەوەی هەڵە و کەموکورتیەکان و دەستپێکی پرۆسەی چاکسازی و گرنگی پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە وەك هەنگاوێك بۆ بونیادی دیموکراتی، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر موشتاق خان ئوستادی ئابووری لەزانکۆی لەندەن کرد، کە پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەبواری پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، سەبارەت بەم لەلایەنە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بێئەندازە گرنگن، چونکە بەپێی تێگەیشتنی من تۆ ناتوانیت بێ ئەنجامدانی پرۆسەی

قۆناغی ڕاگوزەری تێپەڕێنیت، لەبەر ئەوەی بەردەوامبوونی دامەزراوەکان و بەردەوامبوونی ئاشتی و بەردەوامبوونی سەقامگیری سیاسی پێویستیان بەگەشەپێدانێکی ئابووری بەرفراوانە، پێویستیان بەخولقاندنی هەلی کار و دامەزراندن و گەشەکردنە. کەواتە قۆناغی ڕاگوزەری سەرکەوتوو نابێت بێ بوونی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری وەك بەشێك لەقۆناغەکە. سەبارەت بەرۆڵی پارتە سیاسییەکانیش لەم قۆناخەدا، من پێموایە ئێوە گرنگترین پرسیار دەکەن، لەبەر ئەوەی دڵی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و دڵی پرۆسەی دیموکراسی و سەروەریی یاسا بریتییە لەرێکخستنی کاری پارتە سیاسییەکان، ئەگەر پرسیارم لێبکەیت گرنگترین ئەرك چییە، دەڵێم ئەمە گرنگترین ئەرکە، واتە نەك هەر تەنیا بنیاتنانی پارتە سیاسییەکانە، بەڵکو بوونی فشارێکی جەماوەری بەرفراوانە لەسەر پارتە سیاسییەکان تاوەکو پارتەکان بەشێوەیەکی دروست ڕەفتار بکەن، بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی عێراق تەنیا وڵات نییە کە ئەم کێشەیەی هەبێت. زۆرینەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان خاوەنی ئەو پارتە سیاسییانەن کە واقیعی نین و ئامادەی سازشکردن نین، ئەمەش کێشە و قەیرانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە هەروەك دەزانین. چۆن دەتوانین ئەو جوڵانەوە و ڕێکخراوە سیاسییانە بنیات بنێین کە ئامادەی سازشکردن لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەییدا و کاتێك حوکمڕانیان گرتەدەست بەشێوەیەکی ڕەوا حوکمڕانی دەکەن، پێموایە ئەمە لەسەروەری یاسا و لەدیموکراسیش گرنگترە و ئەمە ئەرکە بنەڕەتییەکەیە، دەبێت ئێمە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەناوەندە ئەکادیمییەکان و لەمەڵبەندەکانی توێژینەوە و لەناو کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێکەوە قسەبکەین و ئەوە بۆ پارتە سیاسییەکان ڕوون بکەینەوە کە ئەمە بەرپرسیارێتی ئەوانە، کە ئەگەر هەوڵی تێکشکاندنی ئەو کەسانە بدەن کە هاوڕانین لەگەڵیاندا، ئەوا ئاکامەکەی کارەسات دەبێت بۆخۆیان و بۆ وڵاتەکەش. پێموایە ئەمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەو خەڵکانە تێیناگەن، لەبەر ئەوەی کێشەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ئەوەیە ئەو خەڵکانە تینوی دەسەڵاتن و ئەو پارتە سیاسییانەی لەدەسەڵاتدان تینوی ئەوەن زۆرترین سەرچاوە کۆنترۆڵ بکەن و کاتێك هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان دەدەن کار بۆ تێکشاندنی بەرژەوەندییەکانی دیکە و گروپەکانی دیکە دەکەن، ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەیە و بەسەروەری یاسا چارەسەر

## موشتاق خان بۆ گوڵان:



**قۆناغی ڕاگوزەری سەرکەوتوو نابێت بێ بوونی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئابووری وەک بەشێک لەقۆناغەکە**

نابێت، لەبەر ئەوەی لەم دۆخەدا سەپاندنی سەروەری یاسا زەحمەتە، دەبێت لەرێی تێگەیشتن و لەرێی فشاری جەماوەری و لەرێی باسکردنیەوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بەوە دەکرێت هەمووان بڵێن نابێت هیچ پارتێکی سیاسی هەوڵ بۆ لەناوبردنی پارتەکەی بەرامبەری بدات، ئەمە سەرچاوە و ڕیشەی کارەساتە، واتە دەبێت فێری پێکەوەژیان بین و فێری ئەوە بین بوار بەژیانی ئەوانی دیکە بدەین و فێری سازشکردن بین لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان، ئەمە گرنگترین کار و ئەرکێکە کە دەبێت بیکەین)).

موشتاق خان کە خۆشی هاووڵاتیەکی جیهانی سێهەمە، وردتر لەسەر کێشەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و پارتە سیاسییەکان هەڵوەستە دەکات، بۆیە لێمان پرسیەوە ئایا چۆن ئازادییەکان لەچوارچێوەی یاسا ڕێکدەخرێن و چۆن سەروەریی یاسا پیادە دەکرێت و چۆن ڕووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە فرە ڕەهەندەدا پرۆفیسۆر موشتاق خان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و خەڵکانی جیاواز تێڕوانین و هەڵوێستی جیاوازیان هەیە لەئاستیدا، بەپێی تێگەیشتنی من بۆ مێژوو، ئەم دوو مەسەلەیە(سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری) شان بەشانی یەکتر و هاوتەریب بەیەك بەرەوپێشدەچن، هەردوو ئەم مەسەلەیەش بەندن بەگەشەکردنێکی ئابووری بەرفراوانەوە. کەس لاری نییە لەگرنگی سەروەری یاسا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن سەروەری یاسا دەچەسپێنیت لەکاتێکدا تۆ سەرچاوەگەلێکی سنووردارت هەیە و کاتێك ڕێکخراوگەلێکی نارەسمی بەهێزت هەیە لەکۆمەڵگەکەتدا و گروپگەلێکی بەهێزیش هەن کە لەدەرەوەی سەروەری یاسا ڕەفتار دەکەن. کەواتە سەروەری یاسا تەنیا لێدوانێك نییە بووترێتەوە، سەروەری یاسا ئاماژەیە بەبوونی ئاست و ئەندازەیەکی بەرچاوی گەشەکردنی ئابوورییە و ئەمەش پێویستی بەبوونی ئەو دامەزراوانە هەیە کە سەروەری یاسا دەسەپێنن و پێویستی بەبوونی کۆدەنگی و تێگەیشتنێکی بەرفراوان هەیە لەبارەی ئەو ڕێسایانەی کە هەموو لایەك ڕەزامەندن لەسەری. کەواتە سەروەری یاسا پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە بۆئەوەی بچەسپێت، پێویستی بەکۆدەنگی کۆمەڵایەتی هەیە، کۆدەنگی کۆمەڵایەتیش ئەو کاتە دێتەدی کە زۆرینەی خەڵك هەست بەڕەزامەندی بکەن، ئەو کاتەش خەڵکی هەست بەڕەزامەندی دەکەن کە گەشەکردنی ئابووری هەبێت. کەواتە لەغیابی گەشەکردنی ئابووریدا بەدەستهێنانی سەروەری یاسا زەحمەتە، پێموایە عەمەلی نییە بڵێین سەرەتا سەروەری یاسا دەچەسپێنین و دواتر دیموکراسی بەدی دەهێنین و ئینجا گەشەکردنی ئابووری، ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە ئاساییە، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە بەهیچ شێوەیەك عەمەلی نییە. کەواتە بەڕای من دەبێت ئەم پرۆسانە هاوتەریب و هاوشانی یەك برۆن. گرنگترین مەسەلە بەلای منەوە گەشەکردنی ئابوورییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر گەشەی ئابووری نەبێت سەرچاوەت نابێت بۆ پەرەپێدانی سەروەری یاسا و سەرچاوەت نابێت بۆ بەڕێوەبردنی دیموکراسی، سەروەری یاسا و دیموکراسی پێویستیان بەسەرچاوە هەیە، سەرچاوەت نەبوو ناتوانیت دیموکراسی بەڕێوەببەیت و سەروەری یاسا بچەسپێنیت. سەبارەت بەگەندەڵیش، گەندەڵی کێشەیەکە چارەسەرکردنی چەندین ساڵ دەخایەنێت، یەکێك لەهۆکارەکانی گەندەڵی ئەوەیە کاتێك سەرچاوەی پێویستت نابێت تاوەکو دابەشیان بکەیت، ئەوا زۆرێك لەگەندەڵییەکە گەندەڵی سیاسی دەبێت. کەواتە گەندەڵییەکی زۆر هەیە لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، لەبەر ئەوەی سیاسەت لەم وڵاتانەدا یەکناگرێتەوە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی لەدانانی بودجەدا. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش کاتێکی زۆری دەوێت، بۆ نموونە شکست دەهێنیت ئەگەر بتەوێت لەیەك ڕۆژدا کێشەی گەندەڵی چارەسەر بکەیت، بەهەمان شێوە سەرکەوتوو

نابیت ئەگەر بتەوێــت لەماوەی یەك ڕۆژدا سەروەری یاســا بهێنیتەدی، بەڵام بەهەمان شێوە دەبێت بەرەوپێشچوونێکی قۆناغ بەقۆناغ و هەنگاو بەهەنــگاو هەبێت بۆ ڕزگاربوون لەخراپترین شێوەی گەندەڵی ئەو گەندەڵیەی شیرازەی سیاســی وڵاتەکە تێکدەدات، ئەو گەندەڵیەی دەبێتەهۆی ئەوەی سەرچاوەکانی وڵاتەکــە ببەیتــە دەرەوە و لــە بانقەکانی سویسرا دایبنێیت و ئەو گەندەڵیەی ڕێگری لەبنیاتنانی ژێرخانی وڵاتەکە دەکات، دەبێت کار لەســەر هەندێ بواری دیاریکراو بکەیت کــە گەندەڵی زۆرترین کاریگــەری خراپی دەبێــت، بــەڵام هەوڵێکی بێســوودە ئەگەر بڵێیت هەموو شــێوەکانی گەندەڵی چارەسەر دەکەم، چونکــە ئەمە ســەرکەوتوو نابێت، گرنگە سیاسەتی بەگژاچوونەوەی گەندەڵیت هەبێت و بەشــێوەیەکی هەنــگاو بەهەنگاو کار لەســەر ئەو بوارانە بکەیت کە گەندەڵی خراپترین کاریگەری هەبووە، عێراق پێویستی بەبنیاتنانی ژێرخانە، پێویســتی بەوەیە پارتە سیاسییەکان ســازش بۆ یەکتر بکەن، تاوەکو شــەفافیەت زیاتر بێت لەم مەســەلانەدا و تاوەکو کۆدەنگی زیاتر بێت لەم مەســەلانەدا ئاکامی باشتری دەبێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت هیچ گەندەڵیەك لەنێو پارتە سیاســییەکانی عێراقدا نەبێت و هیچ ســەفقەیەکی نهێنی لەنێوانیانــدا نەبێت، ئەمە مەحاڵە و تەنانەت نابێــت هەوڵی نەهێشــتنی هەمــوو ئەوانە بدەیــن. کەواتە دەبێــت بەرنامەی حکومەت عەمەلی بێت و ڕەچاوی پلەبەندی و کاری هەنگاو بەهەنگاو بــکات و لەوەش گرنگتر دەستهەڵگرتنە لەو بیرۆکەیەی کە گروپێکی ئیتنی یــان ناوچەیی مافی کۆنترۆڵکردنی گروپەکانی دیکەی هەیە، دەبێت سازشکردن هەبێت، ئەمە تاکە ڕێگەی بەرەوپێشچوونە. هەروەها لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، کێشەی کار و هەلــی کار لەئارادایــە کە کێشــەی گەنجانــە، ئەمــەش بۆخــۆی تەحەددایە، لەبــەر ئــەوەی کێشــەی گــەورەی وڵاتە تازەگەشــەکردووەکان ڕەخساندنی هەلی کارە و ئەمەش کارێکی ئاســان نییە و پێویستی بەسیاســەتی تەکنۆلۆجی و بەسیاســەتی پیشەسازی هەیە و پێویستی بە بەدەستهێنانی تەکنۆلۆجیای زیاتر و خوڵقاندنی هەلی کارە. وا بیر دەکرێتەوە کــە گەنجان داهێنانکاری و تازەگەری دەکەن، ڕاستە کەمینەیەك هەن ئەو کارە دەکــەن، بەڵام زۆربــەی گەنجان داهێنانکار نین و ئەوان پێویســتیان بەکارە، کەواتە وڵاتە تازەگەشــەکردووەکان پێویستیان بەخوڵقاندنی دەیەها ملیۆن هەلی کار هەیە و

## جەیمس مارکۆسین بۆ گوڵان:



**حوکمڕانیی باش پێویستیی بەبڕیاری پراکتیکی و پراگماتی هەیە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکان، بۆیە بۆ وڵاتێکی تازەپێگەیشتوو پێویستە پراکتیکییەت و پراگماتیزم لەئایدیۆلۆژیا جیابکرێتەوە**

ئەمەش پێویستی بەستراتیجیەتی پیشەسازی و دروســتکردن و بەرهەمهێنــان دەبێــت و نەبوونی ئەو پیشەســازیە گەورەیەش لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا تەحەددیەکی گەورەیە، ئەگــەر نەتوانرا ئەم تەحەددیەش چارەســەر بکرێت، ئەوا ناســەقامگیری سیاسی و ئەو کێشانە سەرهەڵدەدات کە دەزانین، لەبەر ئەوەی چارەسەرکە خوڵقاندنی هەلی کارە)).

کەواتــە ئەوەی پرۆفیســۆر موشــتاق خان پێداگیری لەسەر دەکات مەسەلەی سەرخستنی پرۆســەی پەرەپێــدان و بونیادنانەوەیە، بۆیە لەمبارەوە پرســیارمان لەپرۆفیســۆر جەیمس مارکۆســین کرد بــەوەی چۆن پرۆســەی بونیادنانەوە سەرکەوتوو دەبێت؟ ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانــی دایەوە: ((ئەم مەســەلەیە چەندین لایەن لەخۆدەگرێت و بەشێکی زۆری پەیوەستە بەدامەزراوەکانی حکومەت لەگەڵ خوڵقاندنی ژینگەیەکی سەقامگیر و چەسپاو کە تیایــدا وەبەرهێنان لەبزنــس وەدیبهێنرێت و هەلــی کار زیادبکات، ئەگەر ســەیرێکی ئەزموونە ســەرکەوتوو و شکستخواردووەکانی جیهان لەماوەی ٥٠ ســاڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین ئەو وڵاتانەی کە حوکمڕانیی باش-یان فەراهەمکردووە کە تیایدا ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ وەبەرهێنان لەبزنس دەستەبەرکراوە لەســەر ئاســتی لۆکاڵ و دەرەکی کە تیایدا موڵك و گرێبەســتی وەبەرهێنەران پارێزراوە، ئەوە ئەم وڵاتانە زۆر زۆر باشترن لەو وڵاتانەی کــە حکومــەت و دامەزراوەکانیــان لاوازە، بۆنموونە «ســەنگافورا» هەر لەسەرەتاکانی ١٩٦٠ەکانــەوە ژینگەیەکــی زۆر لەبــاری دەســتەبەرکردووە بۆ وەبەرهێنان و لەوڵاتێکی هەژار بۆتە وڵاتێکی پێشەنگ لەسەر ئاستی جیهان، بەڕای من ئەوەی کە پێویستە وڵاتان بیکــەن ئەوەیە هەڵســتن بەدیراســەتکردنی ئەزموونە ســەرکەوتوو و شکستخواردووەکانی جیهان، بەڵام لــەڕووی پراکتیکییەوە هەندێك جار شــتەکان دووچــاری ئاڵــۆزی دەبنەوە لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەبەرئەوەی زۆرجار ئایدیۆلۆژیای سیاســی و ئایینی لەو وڵاتانە زاڵ بووە بەسەر ڕای گشتی، ئەمەیش شتێکی کاریگەر نییە لەبەرئــەوەی حوکمڕانیی باش پێویســتیی بەبڕیاری پراکتیکی و پراگماتی هەیــە لەپێناو هێنانــەدی ئامانجەکان، بۆیە ئەگەر من لەوڵاتێکی تازەپێگەیشــتوو بوایەم ئــەوە دەمگــوت پێویســتە پراکتیکییەت و پراگماتیزم لەئایدیۆلۆژیــا جیابکەنەوە، بۆیە پێویستە لەڕوانگەیەکی پراکتیکییەوە هەڵستن بەدیراســەتکردنی ئەو وڵاتانەی کە لەماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتوو بوونە و بزانن کام وڵات پەرەپێدانی ئەنجامداوە و کام وڵات شکســتی بەدەســتهێناوە و هەوڵبدەن وانەی پراکتیکــی لەئەزموونەکانیان فێربن و لەبری ئــەوەی لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیای سیاســی و یــان ئایینی هەوڵبدەن بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان و کاربکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان بەپێی ئەو وانە پراکتیکییانە، لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر نموونەکەی «سەنگافورا» ئەو وڵاتــە تارادەیەك دیموکراســی نەبوو، بەڵام ئەوەندە بوو پارتی دەسەڵات لەو وڵاتەدا هەڵســتا بەپیادەکردنی «هەلی یەکســان و ئیستحقاق» لەڕووی دامەزراندن و هەلی کار، دەتوانین ئەمە لەگەڵ «هیندستان» بەراورد بکەین کە «هیندســتان» خاوەن کەلتورێکی کۆنە لەدیموکراســییەت، بــەڵام دووچاری چەندین کێشە بۆوە لەڕووی ناکۆکی و کێشە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و تەنانەت هەندێك جار ناکۆکــی لەناو هەمان پارتی سیاســی ســەریهەڵداوە کــە بۆتە بەربەســت لەبەردەم هێنانەدیی هەندێك لــەکارەکان لەو وڵاتانەدا، سیاســەتوانەکانی «هیندستان» دەبێت بگەنە ئــەو ڕاســتییەی کە ئەگەر بێــت و لەنێوان خۆیاندا هەماهەنگ نەبــن و جەخت نەکەنە سەر ئامانجە هاوبەشەکان ئەوە «هیندستان» پاشدەکەوێت)).

## سكۆت جەیكۆبس بۆ گوڵان:

# پرۆسەی گۆڕانكاری پرۆسەیەكی زەحمەتە و پێویستە بنەمایەكی بەهێزی بۆ ڕێكبخریت و ستراتیژیەتێكی دیاریكراوی هەبێت



**سكۆت جەیكۆبس یەكێكە لەپسپۆرە جیهانیەكان و ئەزموونی ٢٥ ساڵی لەڕیفۆرمی حكومەت و بزنس هەیە، لەساڵی ١٩٩٥ -٢٠٠١ كۆمەڵێك ڕاسپاردەی بۆ چاكسازی دارشتووە بۆ ڕیفۆرمی مونەزەم كە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان سوودی لیوەردەگیرێت و، هەروەها لە٧٥ وڵاتی تازە پێگەیشتوو و پیشەسازی لەئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریكا كاری كردووە بۆ جێبەجێكردنی ڕیفۆرمی مونەزەم لەحكومەتەكانیاندا، بۆ قسەكردن سەبارەت بەپرۆسەی پەرەپێدان و سەروەریی یاسا لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو چەند پرسیارێكمان ئاراستەی پرۆفیسۆر جەیكۆبس كرد، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

***

*** هەموو پرۆسەیەك لەقۆناغی گواستنەوەدا پەیوەستە بەپەرەپێدان و بەڕێوەبردنی ژێرخانی دامەزراوەكان لەكۆمەڵگە، بۆیە پرۆسەكانی پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوە فاكتەری سەرەكین بۆ سەركەوتنی قۆناغی گواستنەوە بەتایبەتی لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو، تاچەند پێتوایە پرۆسەكانی پەرەپێدان و ئاوەدانكردنەوە فاكتەری گرنگن بۆ سەركەوتنی قۆناغی گواستنەوە لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو؟**

- نەك تەنیا لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەڵكو لەهەموو ئەو وڵاتانەی كە هەنگاوهەڵدەگرن بەرەو گۆڕانكاری یاخود توانایەك بونیاد دەنێن بۆ وەدیهێنانی گۆڕانكاری، ئەوا گرنگە بزانین هێنانەدی گۆڕانكاری زەحمەتترین شتە بۆ حكومەت، هەربۆیە پێویستە بنەمایەك بۆ گۆڕانكاری بونیاد بنرێت، بۆئەوەی بەشێوەیەكی خێرا گۆڕانكارییەكان بەڕێوە بچن و حكومەت ئاستێكی بەرفراوان و جۆراوجۆری چاكسازی جێبەجێدەكات و بێگومان پێویستە ئەو چاكسازییانە لەسەر بنەمای توانایەكی پتەو ئەنجامبدرێت بۆمەبەستی تێگەیشتن لەپێداویستییەكان و دارشتنی چاكسازییەكان و ئاراستەكردنی چاكسازییەكان لەگەڵ جێبەجێكردنی چاكسازییەكان، هەر یەك لەو ئەركانە پێویستیان بەستراتیژییەتێكی دیاریكراو هەیە.

*** تاچەند پێتوایە كە هەوڵەكان بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری پێویستن بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی دیموكراسییەت؟**

- بێگومان سەروەری یاسا بەردی بناغەیە بۆ دیموكراسییەتی بازاڕی مۆدێرن، سەروەری یاساش چەندین پێكهاتەی لەخۆگرتووە و هەڵبەتە پێویستە یاسا بەشێوەیەكی باش نووسرابێت و بەشێوەیەكی باش پیادەبكرێت و بێگومان ئەمەیش تەحەددایەكی دیكەیە،

**گەندەڵی کێشەکە نییە، بەڵکو دیاردەی گەندەڵی نیشانەیەکە بۆ کێشەیەکی دیکە، کە گەندەڵی بەرهەمدێنێت**

هەروەها پێویستە سیستەمی دادوەری یاساکان شیبکاتەوە بەشێوەیەکی درووست و ڕەوا و بێلایەنانە لەمیانی سەرهەڵدانی هەر کێشەیەك، ئەو خاڵانەی باسمکرد هەر هەموویان مەرجی سەرەکین: دارشتن و جێبەجێکردن و شیکردنەوەی یاسا، گرنگن بۆئەوەی سەروەری یاسا بەشێوەیەکی تەواو کاریگەر بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو خاڵانە بەیەکجار بێنەدی، لەبەرئەوەی هێنانەدییان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەنگاوی باش هەڵبگیرێت بۆ دارشتن و جێبەجێ کردنی یاساکان، هەروەها بونیادی متمانە بەدامەزراوەکان بەتایبەتیش بەسیستمی دادوەری.

*** هەندێك لەپسپۆران پێیانوایە حکومڕانیی باش هەنگاوێکی زۆر گرنگە لەقۆناغی گواستنەوە، ئاشکرایە کە حوکمڕانیی باش پێویستیی هەیە بەژێرخانێکی پتەو بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵام وڵاتانی تازەپێگەیشتوو ئەم ژێرخانەیان نییە، بەڕای تۆ ئایا چۆن حوکمڕانیی باش لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو بونیاد دەنرێت؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی تەدریجیە، حوکمڕانیی باش پرۆسەیەکە کە هیچ وڵاتێك لەجیهان نەیتوانیوە وەدیبێنێت لەبەرئەوەی هەمیشە کێشە دێتەئاراوە لەسەر چۆنیەتی حوکمکردنی کۆمەڵگەکانمان، سەبارەت بە عێراقیش لەڕووی حوکمڕانیی باش پێموایە چەند ئەولەوییاتێك هەیە و بەڕای من ئەوەی کە عێراق زۆرتر پێویستیی پێی هەیە لەماوەی ٣ تاکو ٥ ساڵی داهاتوودا بریتییە لەسەقامگیری و وەبەرهێنان و هەلی کار، ئەگەر هات و ئەم ئەولەوییاتانە وەدیهێنران ئەوکات لایەنە سەرەکییەکانی حکومڕانی بەرەوپێشەوەچوون بەخۆیانەوە دەبینن، بۆنموونە وەکو سەروەری یاسا و کوالێتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەروەها وەکو بوونی متمانە بەڕەفتارەکانی حکومەت، بۆنموونە شەففافیەت، بەڕای من زەحمەتە بتوانرێت هەموو لایەنەکانی حوکمڕانی بخرێنە چوارچێوەی یەك پاکێجی چاکسازی، بەڵام هاوکات ئەگەر هەیە ئەولەوییاتەکان دەستنیشان بکرێن و بەرەوپێشەوە ببردرێن، بەڕای من ئەمەیە تەحەددای ئەمڕۆیە بۆ عێراق بەو ئاستەی کە لەنێو بوارە سەرەکیەکاندا ئەولەوییاتەکان دەستنیشان بکرێن و پەرەیان پێ بدرێت و هاووڵاتیان لەماوەی ٢ — ٣ ساڵی داهاتوودا هەست بە بەرەوپێشەوەچوونەکان بکەن و پێشکەوتنەکان ببینن.

*** دیاردەی گەندەڵی تەنیا کێشەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو نییە، بەڵکو تەنانەت وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن، بەڵام لەبەرئەوەی دامەزراوەکان لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەتەواوەتی نەچەسپاون، بۆیە گەندەڵی دەبێتەهۆی دارمانی دامەزراوەکان، بەڕای تۆ ئایا چۆن بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەکرێت لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو؟**

- خودی گەندەڵی کێشەکە نییە، بەڵکو دیاردەی گەندەڵی نیشانەیەکە بۆ کێشەیەکی دیکە، مەبەستم لەو کێشەیەیە کە گەندەڵی بەرهەمدێنێت بۆنموونە نەبوونی متمانە و شەففافیەت لەناو حکومەت، بۆیە لەپێناو بەگژداچوونەوەی گەندەڵی پێویستە وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: ئایا چۆن بتوانین متمانە بۆ ڕەفتارەکانی حکومەت لەبواری خزمەتگوزارییە گشتییەکان دروستبکەین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی ئەگەر وەڵامەکەی نەدۆزینەوە ئەوە گەندەڵی درێژە دەکێشێت، گەندەڵی لەو ژینگەیەدا سەرهەڵدەدات کە تیایدا سیستەمی حکومی بەشێوەیەکی دروست کارناکات، بۆیە من وەکو نیشانەیەك سەیری گەندەڵی دەکەم نەك وەك کێشەکە، هەربۆیە بەڕای من پێویستە سەیری ڕەفتارەکانی حکومەت بکەین لەڕووی ڕاستگۆیی و شەففافیەت و هەروەها پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە سیستەمەکە تەندروستە بۆئەوەی ئەگەر هات و هەر سەرپێچییەك ڕوویدا، ئەوە دەستبەجێ کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە پێویستیی بەکات هەیە و ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت هەتا بتوانرێت چاودێریی ڕەفتارەکانی حکومەت بکرێت، بۆیە بەڕای من گەندەڵی وەکو «هێمایەکی سوور»ـە کە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوبارەیەی کە لەسەر ئاستی حکومی هەڵەیەك هەیە و شتێکی نادروست ڕوویداوە.

*** ڕێژەی گەنجان لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەئاستێکی بەرزدایە و گەنجان چاوەڕوانن حکومەت داواکارییەکانیان وەدیبێنێت، بەڕای تۆ ئایا چۆن حکومەتەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەتوانن داواکارییەکانی گەنجان جێبەجێ بکەن؟**

- گەنجان لەسەرتاسەری جیهاندا هاوشێوەن و هەموشیان هەر هەمان داواکاری و خواستیان هەیە، گەنجان خوازیارن خەونەکانیان بێننەدی، گەنجان چییان دەوێ؟ ئەوەی کە گەنج دەیەوێ بریتییە لەهەلی کار و بەشداری لەژیانی گشتی، بۆیە ئەم داواکارییە سەرەکییانە لەڕووی دابینکردنی هەلی کار و بەڕێوەبردنی ژیانیان ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە و شتێکی نالۆژیك و مەحاڵ نییە، زۆربەی ئەو چاکسازییانەی کە لەقۆناغی جێبەجێکردندان هەنگاو هەڵدەگرن بەرەو یارمەتیدانی گەنجان و فەراهەمکردنی بواری زیاتر لەڕووی ئابووری و سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانیان، لێرەیشدا دەگەڕێینەوە سەر بابەتی حوکمڕانیی باش و پێموایە یەکێك لەلایەنەکانی حوکمڕانیی باش بریتییە لەگوێگرتن لەهاووڵاتیان، بۆیە پێویستە حکومەت وەڵامدەر بێت بەرامبەر

**یەکێك لەلایەنەکانی حوکمڕانیی باش بریتییە لەگوێگرتن لەهاووڵاتیان، بۆیە پێویستە حکومەت وەڵامدەر بێت بەرامبەر خواست و داواکاریەکانی هاووڵاتیان**

خواست و داواکاریەکانی هاووڵاتیان، با حکومەت گوێ لەهاووڵاتیان بگرێت بۆئەوەی بزانێت داواکارییەکانیان چین و پاشان وەڵامدەر بێت بۆ ئەو داواکارییانە، هەربۆیە ڕووبەری گوێگرتن و وەڵامدانەوە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر پێویستە حکومەت گوێ لەهاووڵاتیان بگرێت و هاووڵاتیان مافی خۆیانە هەلیان بۆ بڕەخسێت دەنگیان بگەیەنن بە دەسەڵات، نازانم تاچەند بەئاگان لەپرۆژەی «The Max Ability Project» کە لەئۆفیسی سەرۆك وەزیران تاوتۆکرا، بەڵام یەکێك لەلایەنەکانی چاکسازی بریتییە لەفەراهەمکردنی بوار بۆ هاووڵاتیان بۆئەوەی خواست و داواکارییەکانیان بگەیەنن بە حکومەت، بۆیە بەڕای من چەند ئەم بوارە زیاتر فەراهەم بکرێت ئەوەندە زیاتر حکومەت سەرکەوتوو دەبێت و هاووڵاتیانیش زیاتر ئاسوودە و قایل دەبن و دەرفەتی زیاتریان بۆ دەرڕەخسێت ژیانیان بەرەوپێشەوە بەرن.

# لەنێوان دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریدا وەهم و بۆشایی



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێوەنـدی و بەرێککەوتنی ئـەم دوو دەسـتەبژێرە لەنێو کایەی ڕۆشنبیریدا هەمیشە بابەتێك بووە بۆ قسەلەسەرکردن و خوێندنەوەی جیاجیا، بابەتێك کە ئەگەر سەروەختێکیش جۆرێك لە بێدەنگبوون باڵی بەسـەردا بکێشێت، ڕووداوێکی سیاسی بەس بووە بۆ ئەوەی سـەرلەنوێ ئەم باسە بوروژێنرێتەوە و بەهەمان شێواز کاریگەریی خۆی لەسەر گوتار و جیهانبینیەکان جێبهێڵێت.

ئەگەرچـی جەدەلی (مەعریفە و دەسـەڵات) تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە ئەو وێسـتگە هەمیشە ئامادەیەی کە جەدەلی ڕۆشنبیری و سیاسـەت بەهەر ئاراسـتەیەکدا ببرێت، دەبێ بەو وێستگەیەدا تێبپەڕێـت، بەڵام هەوڵ دەدەیـن نەکەوینە نێو بازنەی ئەو تێوری و دیدانـەی بـە ئەبسـتراکتیانە چەمکەکان ڕاڤـە دەکەن و بە لەقاڵبدانیان لە فۆرمی دوالیزمـی دابڕاو لەیەك قوفڵیان دەدەن، کەئەمە بۆخۆی یەکێکە لەکێشـە سەرەکیەکانی خوێندنەوەی ئێمە لەسەر پێوەندیی ئەو دوو کایەیە لە فۆرمی دوالیزمیانەیدا و دواتر دێمە سەر ئەو باسە.

ئێمە بەر لەوەی قسەلەسـەر ئەو دوو دەسـتەبژێرە بکەین وەك دوو نێوەندی کارا و ئاڕاسـتەکەر بۆ کایەکانی خۆیان، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە داخۆ جوگرافیا و سنوورەکانی ئەم دوو کایەیە وەك دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی لە کوێن و لەچیدا لێك دادەبڕێن و لەچیدا تێکـەڵ بەیەکدی دەبن یان جۆرێك لە هارمۆنیی لە ئامادەبوون و ئاڕاستەکردنیاندا دەبێت. لێرەوە بەرلە قسەکردن لەسەر دەستەبژێرەکان، دەبـێ خودی ئـەو دوو کایەیە بەهەمـوو میراتییە کولتووری و مەعریفی و بەهەموو ئیشکالیەکانیانەوە لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا بێنینە بەرباس و لەوێوە و لەمیانەی بەریەککەوتنی ئەم دوو کایەیە و جێکەوتەکانیانەوە بچینە نێو خوێندنەوەی بەریەککەوتنی گوتار و جیهانبینیی دەسـتەبژێرەکانیانەوە. واتە بەر لەوەی لە شوناسی دەسـتەبژێرەکان وردببینەوە، دەبێ پرسـیار ئاڕاسـتەی خودی کایەکانیان بکەین، بەم پێیەش بەر لەوەی بپرسـین کێ و بۆچی سەر بە دەستەبژێری ڕۆشـنبیری یاخود سیاسییە، دەبێ بپرسین لە دنیای بەرجەسـتەی کۆمەڵگەی ئێمەدا چی ڕۆشـنبیرییەو چی سیاسـەتە ؟ تا لەوێوە ئەو تێکەڵبوون یـان بەریەککەوتنانە دیاریبکەین کە ئەم دوو دەسـتەبژێرەی کۆمەڵگەکەمان ئیشـیان لەسەر کردووەو داخۆ ئیشکردنەکەیان دروستبووە یان نا.

لای من یەکێك لە کێشـە زۆر گەورەکانمان لـە خوێندنەوەماندا بـۆ واقیعی پێوەندی یاخود بەریەککەوتنی نێوان ڕۆشـنبیری و سیاسەت، میتۆدێك کراوەتە باو کە هەڵگری ئیشکالیەتێکی زۆرە، میتۆدێـك کە (بە مەبەسـت بێت یان نا) هەمیشـە لە فۆرمی دوالیزمێکی دژ بەیەکدا ئەم دوو کایەیە کۆدەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە وێـڕای ئەوەی بە ئەبسـتراکتکردنی هەرکام لـەو دوو کایەیە و دروسـتکردنی جۆرێك لـە دابڕانی گشـتگیرانەیە لەنێوانیاندا، هاوکات دابڕانیشـیانە لەو فۆرمـە کۆمەڵایەتییەیان کە هەیانەو سـەیرکردنیانە وەك دوو دیاردە لـەدەرەوەی کۆمەڵگە، لەکاتێکدا ئەمان بۆخۆیان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین.

ئاشـکرایە کە سیاسـەت تایبەتە بە ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی کاروبارە گشتی و تایبەتییە حەیاتییەکانی کۆمەڵگا و ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە کایە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندیەکانی نێوانیاندا، سـەبارەت بە ڕۆشنبیریش لەڕاستیدا ئەمیان جۆرێك لە تەمومژیـی پێوەیە، ئەمیش لەوەوە کە داخۆ ئەم کایەیە بەرهەمی فیکری و زانستی و هونەری و بوارە تایبەتەکانی ترە بەخۆی، یان شـتێکی پترە کە تایبەتە بە شێوازی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی فیکر و جیهانبینی بۆ ژیان؟ پرسـیارگەلێکی زۆر کە دەمانبەنە بەردەم پرسی ئەوەی کە داخۆ چی شتێك ڕۆشنبیرییە.

خۆ سەبارەت بە دەستەبژێریش ئەوە لە سادەترین واتایدا، نزیکترین فـۆرم لێیەوە ئەو بونیادەیە کە بە (کۆمەڵگای سـتراتیژی) یان (کەمینەی ستراتیژی) ناسراوە، گرووپێك کە کاراترین کاریگەرییان لەسـەر پێکهاتە و ئاڕاستەکردنی ئەو کایەیە هەیە کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، ئەمەش بە پلەی یەکەم لەڕێگەی بەرهەمهێنانی جۆرێك لە جیهانبینیی تایبـەت و دامەزراندنی گوتارێکی جیاوازەوە کە ئاماژە بۆ شوناسێکی تایبەتمەند بکات لەنێو شوناسە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

لێـرەوە، ڕەنگە گونجاوترین پرسـیار، ئەو پرسـە بێت کە لەمەڕ دیاریکردنـی جیهانبینـی و بەرهەمهێنانی گوتـاری تایبەت بە خۆیانەوە، ئاڕاسـتەی هەر یەك لە دەسـتەبژێری سیاسـی و ڕۆشـنبیریمانی بکەیـن. ڕەنگە بۆ دەسـتەبژێری سیاسـیمان پێویسـتیمان بـە زیرەکییەکی ئەوتۆ نەبێت تا لـەوە تێبگەین کە جیهانبینیی ئەم دەستەبژێرە تا چ ئاستێك دەستکورت و هەژارە و گوتارەکەشـی (ئەگەر لە قۆناغێکدا گوتارێکی تایبەت بەخۆی بەرهەمهێنابـێ)، تا چ ئاسـتێك نەفەس کـورت و تاك ڕەهەند بووە.

لە نێو کولتووری سیاسـیی ئێمەدا، بە ئێستایشـەوە، سیاسەتوان ئەو بنیادەمەیە کە بەیانیـان لەماڵی حزبەوە دێتەدەر و ئێوارانیش لەهەمـان ماڵدا ئاوا دەبێت، ئیدی لـەدەرەوەی ئەم بونیادە تەواو سیاسییە، شـوێنێك نابینین هەمان شـەرعیەتی ئەمی هەبێت، دەڵێم هەمان شەرعیەت و ناڵێم هیچ شەرعیەتێکی نییە، نێوەندی سیاسـیمان نێوەندێکی تەواو و لەسەداسـەد حزبییـە، هەربۆیە زۆرجار قسـەکردن لەمەڕ جیاکردنەوەی حکومەت لە حزب، لای من قسـەیەکی بێهوودەیە، چونکە لەپشـت ئەم بارگاویکردنەی حکومەتەوە، خودی دنیای سیاسیمان تەواو بارگاوییە بە گوتار و جیهانبینی و دنیا تایبەتەکانی حزب.

**لەنێو کەلتووری سیاسی ئێمەدا سیاسەتوان ئەو بنیادەمەیە کە بەیانیان لە ماڵی حزبەوە دێتە دەرو ئێوارانیش لە هەمان ماڵدا ئاوا دەبێت**

واتە کێشـەی سەرەکی ئەوەیە کە کاراکتەری سیاسی ئەکتیڤ و دیار هەمیشە پێویست بێت کاراکتەرێکی حزبی بێت، حزبیش لای ئێمە بەتایبەت لە یادەوەریی خۆیدا، دوانەی ئەو چەمکە سیحرییەیە کە پێی دەگوترێ (شـۆڕش)، هەر لە خۆڕا نییە کە کولتووری سیاسـیی ئێمە لەو سـاتەوەختەوە دەسـتپێدەکات کە کولتووری شۆڕش هەناسەی تیا دەدات، واتە دەستپێکی سیاسەتکردنی ئێمە، لەبنەڕەتدا دەستپێکی شۆڕشـکردن بووە، ڕوونتر بڵێین لای ئێمە سیاسەت لەبنەڕەتدا ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی شۆڕشێك بووە، نەك ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەك. ئاشـکرایە کە شۆڕش لەگەڵ خۆیدا هەمیشـە تەونێك لە پیرۆزی و پەنهانیی لەبڕیار و گوتار و ڕەفتارەکانی ئاڵاندووە. پێدزەکردنی بەشێك لەم پیرۆزییە بۆ نێو کولتووری سیاسـیمان بەسـە بۆ ئەوەی دنیای سیاسیمان بـارگاوی بکات بە چەندین دروشـم و بونیـاد و فۆرمی تری پیرۆزتر لەخۆی.

لێرەوەیە کە کولتووری سیاسیمان بۆخۆی ئەگەرچی لەدەرەوەی کولتووری ئایینیش خۆی بیناکردبێت، بەڵام بەهەمان میکانیزمی ئایینـی خۆی ئاڕاسـتەکردووە، بەجۆرێك کـە پیرۆزییەکانی و حـەڵاڵ و حەرامەکانـی هیچی وایان لـەوەی ئایین کەمتر نییە، هەرئەمەیشـە وایکردووە ئەم کولتوورە سیاسیە هێندەی لە

ژینگەیەکی فەندەمێنتاڵیدا توانای بەپێوە وەستان و گەشەی هەیە، نیو هێندە لە ژینگەی دیموکراسی و کراوەیی فرەکولتووردا توانای هەناسەدانی نییە.
هەر دەستەبژێرێك کە ڕۆڵی کاریگەر لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی ئەم کولتوورە سیاسییەدا ببینێ و دەستی لە بەرهەمهێنانی گوتارەکەیدا هەبێت، ئاشکرایە کە بەریەککەوتنی ئەم بە هەر دیوێکدا و لەگەڵ هەر بونیادێکی تردا، زیاتر بەریەککەوتنە بە مەبەستی لەخۆگرتن و لەنێوخۆدا تواندنەوە. بەمانایەکی تر بڵێین، بەو حوکمەی کایەی ئەم دەستەبژێرە کەم تا زۆر پێوەندیی بە سەرجەم کایە حەیاتیەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەوەی بەردەوام لە مەیل و هزری ئەم دەستەبژێرەدایە، نەهێشتنەوەی بۆشاییەکە کەجێ پێی ئەمی تیا نەبێتەوە. واتە نێوەندێك و بوارێکی کۆمەڵایەتی نەمێنێت کە لە نێویدا گوتاری ئەم شتێکی هەبێ بۆ گوتن و ئامادەبوونی ئەم مانایەك بدات بەوە بوارە و نائامادەبوونیشی لەمانا دایبتەکێنێت.
هەڵبەتە لێرەدا ئاگاداری ئەوەم کە قسەکردنم لەسەر دەستەبژێری سیاسی، قسەکردنە لەسەر هزری ئەم دەستەبژێرە و ئەوەی لە کۆنەستی دەستەجەمعیاندایە و خوێندنەوەی میتۆدی مامەڵەکردنیانە لەگەڵ کایە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا، نەوەك قسەکردن لەسەر چەند کەسایەتیەکی نێوەندی سیاسی و هیچیتر.
بەم پێیە شێوازی ئیشکردنی ئەم دەستەبژێرە تا ڕاددەیەکی زۆر کۆکردنەوە و جێکردنەوەی کایەکانی ترە لەنێو کایەی سیاسیدا و پێدانی ناو و مانا و تەفسیرکردنیانە بە میتۆدێکی سیاسیانەی پەتی، ئەمەش دەشێ لەو سۆنگەیەوە بێت کە ڕەنکە ئەم میتۆدە مسۆگەرترین میکانیزم بێت بۆ ئامادەبوونی خودی دەستەبژێرەکە لە سەرجەم کۆی کۆمەڵگادا. دەڵێم خودی دەستەبژێرەکە و ناڵێم کایەی سیاسەت کە دەشێ بۆ ئەمەی دووەمیان کەمتر تووشی کێشە ببین. بۆیە لای من لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکیی ئێمە (وەك هەندێك دەڵێن) لە بنەڕەتدا ئەوە نییە کە سیاسەت پەلی کوتابێتە نێو هەموو کایە حەیاتییەکانەوە، تەنانەت کێشەش لە ئامادەبوونی دەستەبژێری سیاسیدا نییە، بەڵکو کێشەی سەرەکی شێوازی ئەو ئامادەبوونەیانە کە بە چەپاندنی ئامادەبوونی دەستەبژێر و کاراکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەستپێدەکات و بە سڕینەوە یان لەپەراوێزنانی شوناسەکانیشیان کۆتایی دێت.
سەبارەت بە دەستەبژێری ڕۆشنبیریشمان، ڕەنگە هیچ زیادەڕەوییەك نەبێت گەر بڵێم، ئەگەر دەستەبژێری سیاسیمان لە کولتوورێکی ناتەندروستی ئەوتۆوە هاتبێت کە میتۆدی کارکردن و ئامادەبوونی هیچی وای لە میتۆدی ئایینی- تەقلیدی جیاواز نەبێت، ئەوا دەستەبژێری ڕۆشنبیریشمان لەم لایەنەوە بستێك نەچووە بەولاترەوە.
تا ئێستاش ئامادەبوونی دەستەبژێر لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، حیکایەتی شەڕێکە لەسەر چوونەوە نێو ئەو ماڵەی کە دەرکراوە لێی، ماڵێك کە کۆی جەستەی کۆمەڵگایە. خۆ ئەگەر لەبنەڕەتدا ئەم شەڕە لەسەر ئامادەبوونی ئەم ڕۆشنبیرە بێت لەنێو کایەی کۆمەڵایەتی و لەسەر تەوەرە حەیاتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە و مەسەلەکانی پەیوەندی و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیستمی مۆراڵی و ئازادییەکان و مافەکان و بەکورتێکەی شەڕێك بێت لەسەر دنیاکانی ئینسانی ئێمە و کۆمەڵگاکەمان، هیچ کێشەیەك لەگۆڕێدا نەدەبوو، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو گەر ڕۆشنبیر ئەو شەڕە نەکات، چ مانایەك بۆ پرۆژەی ڕۆشنبیریی دەمێنێتەوە؟ بەڵام لەڕاستیدا کێشەکە ئەوەیە کە ئەوەی لە بنەڕەتدا ڕۆشنبیری ئێمە شەڕی لەسەر ناکات ئینسانی ئێمە و شوناسە مرۆییەکەیەتی، چونکە شەڕی ئەم بوونەوەرە (وەك دەستەبژێر) تائێستا، شەڕێکە لەسەر شوناسی خۆی و شەڕە بۆ جێکردنەوە و جێبوونەوەی خۆی لەنێو گوتار و کایە و نێوەندە دیارەکانی کۆمەڵگادا.
ڕەنگە کەسێك بپرسێت داخۆ ڕۆشنبیری ئێمە پێشتر ئەم شوێن و سەنگە کۆمەڵایەتییەی هەبووە و لێی سەنرابێتەوە؟ یان هەمیشە بوونەوەرێکی نائامادە بووە لەنێو پەیوەندی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا؟
بەبڕوای من دەکرێ بڵێین، تا ڕاددەیەکی زۆر ڕۆشنبیری ئێمە لەسەروەختی ژێردەستەیی ڕژێمی بەعسدا و سەردەمی شۆڕشی حزبە سیاسییەکانماندا، بە گشتی جۆرێك لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە، بەڵام وەنەبێ ئەم پێگە کۆمەڵایەتیە لە میانەی پرۆژەی ڕۆشنبیری و هزرییەوە وەدەستهێنابێ، بەڵکو وەك بەشێك لە پرۆژەی شۆڕش و بەرەنگاریی، واتە شوێنی ئەم لەبنەڕەتدا جێیەك بووە لەنێو دنیای سیاسەتدا نەك ڕۆشنبیری و گوتاری ئەم بەشێك بووە لە گوتاری سیاسی- شۆڕشگێڕیمان، ئەم ئامادەبوونەی ڕۆشنبیری ئێمە لەو کاتەوە تووشی گرفت هات کە شتێك لە دنیای ئێمەدا نەما بەناوی شۆڕش و ئیدی ئامادەبوونی ئەو لەنێو گوتاری سیاسی- شۆڕشگێڕی-نەتەوەییماندا تەنگی پێ هەڵچنرا. بەرامبەر بەم چوونە دەرەوەیەش و لە دەرەوەی جیهانبینیی سیاسی و لەودیو گوتاری شۆڕشگێڕییەوە، پرۆژەیەکی ئەوتۆی بەرهەمنەهێنا کە گێڕانەوەی ئامادەبوونی لەنێو کایەی کۆمەڵایەتیدا بۆ مسۆگەر بکات، مەگەر بەشێوەیەکی کرچ وکاڵ کە ئەویش ئەگەرچی لەفۆرمی پرۆژەیەکی ڕەخنەییدا نمایش کرابێت، بەڵام بەهەمان میتۆدی دوالیزمانەی (کافر و موسڵمان)ی ئایینی و (شۆڕشگێڕ و خائین)ی سیاسی گوتارەکەی خۆی بەرهەمهێنا و ئەگەر پێشتر لەنێو کایە و دنیا و گوتاری سیاسییەوە لە دەرگاوە وەدەر نرابێت، ئەمجارە لە پەنجەرەوە خۆی کردەوە بەنێو هەمان ماڵدا.ماڵی سیاسەت، مەبەستیشم لێی دەستبردن نییە بۆ ئەو کایانەی کە سیاسەت ئیشیان لەسەر دەکات، بەڵکو بەکاربردنی هەمان مەغزا و میکانیزمەکانی سیاسەتە.
بۆیە لێرەوە و لە بەسیاسیکردنی کایەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا، چەند ئامادەبوونی دەستەبژێری سیاسی نادروستانە ئیشیکردووە، ئەوەندەش دەستەبژێری ڕۆشنبیریمان بەشێوازێکی نادروست مامەڵەی کردووە.
لەم نێوەندەدا و لەهزری ڕۆشنبیری ئێمەدا هەمیشە شەڕێك هەیە لەسەر بنەما مۆراڵی و مرۆییەکانی ئینسانبوونی تاکی ئەم کۆمەڵگایە، بە بەبڕوای من ئەوەی ڕۆشنبیری ئێمە شەڕی لەسەر نەکردبێ ئەم بوارەیە، بۆیە ئەوەی من دەیبینم وەهمی شەڕە، خۆ ڕازیکردنە بەوەی ئەوەی ئەم بوونەوەرە ئەنجامی دەدات شەڕێکە لەسەر شوناسی مرۆڤی ئێمە، بەڵام لەبنەڕەتدا شەڕی ئەم وەك پێشتریش گوتم هەمیشە شەڕێك بووە لەسەر شوناس و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگادا. وەك چۆن لەهزری سیاسەتوانی ئێمەشدا هەمیشە شۆڕشێك هەیە و لەسەر ماف و ئیرادە و شوناسی نەتەوەیەك ئەم پێی هەڵدەستێ، کە لەبنەڕەتدا ئەوەی ئەم بوونەوەرە دەیکات کۆکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی سەرجەم کایەکانە تا خودی خۆی (وەکو خۆی) نەك وەك سیاسەتوانێك پێگەی دیاری کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست نەدات و شوێنێك نەمێنێتەوە کە لای ئەم بە بۆشایی بناسرێت. لەڕاستیدا ئەوەی هەمیشە دەستەبژێری سیاسیی ئێمە لێی دەترسێت ئەو پانتاییەی نێو جەستەی کۆمەڵایەتیمانە کە پێی دەگوترێ (بۆشایی) و شوێنێکی نیە بۆ ئامادەبوونی ئەم، ئەوەش کە دەستەبژێری ڕۆشنبیریمان بەردەوام سەرقاڵێتی ڕاکردنە بەرەوە ئەو بۆشاییە، گرفتی سەرەکیش ئەوەیە بۆشاییەکە بۆخۆی لەڕاستیدا ئەو شوێنەیە کە دەبێ سیاسەت و ڕۆشنبیری پێکەوە تیایدا ئامادە بن، نەك دەستەبژێری سیاسی و دەستەبژێری ڕۆشنبیری.

**کەلتووری سیاسیمان لەو ساتەوەختەوە دەست پێدەکات کە کەلتووری شۆڕش هەناسەی تیادەدات**

**دەبێ سیاسەت و ڕۆشنبیری پێکەوە لە نێو جەستەی کۆمەڵایەتیمان ئامادەبن نەك دەستەبژێری سیاسی و دەستەبژێری ڕۆشنبیری**

ئیبراهیم محەمەد بەحر ئەلعلوم:

# تیرۆانینی حکومەتی عێراق بۆ یاسای نەوت و غاز لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی نەوت و وزە یەکناگرێتەوە

## هەتا حکومەتی ئێستای عێراق بەو جۆرە بیر بکاتەوە ناتوانین دەوڵەت بونیاد بنێین

**ئیبراهیم محەمەد بەحر ئەلعلوم یەکێکە لەو سیاسەتوانە نیشتمانپەروەرە عیراقیانەی کە زمانی ئاخافتنی هاوکوفە بە هەڵوێستەکانی، کار بۆ ئەوەش دەکات کە لە عیراقی داهاتوودا سیاسەت بە مانا زانستی و دروستەکەی ببێتە مۆدێل، بۆیە هەمیشە لە لێدوانەکانیدا بە وردەکارییەوە دەپەیڤێت، وێڕای ئەوەش وەك خاوەن تێزێکی دکتۆرا لە ئەندازەی نەوتدا کە لە ساڵی ١٩٩١ پێشکەشی زانکۆی نیومەکسیکۆی کردووە، شارەزایی بەرفراوانی لەو بوارەشدا چەندین دەیان کتێب و توێژینەوەی لەسەر بڵاوکردونەتەوەو لە چەند قۆناغێکیشدا پۆستی وەزیری نەوتی عیراقی هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لەسەر هاووڵاتیان دەستی لەکارکێشایەوەو پێشتریش ئەنجوومەنێکی بەناوی (تجمع عراق ئەلموستەقبەل) دامەزراندبوو. لەم گفتوگۆیەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەم شێوەیە بیرو بۆچوونەکانی خۆی پێ گەیاندین.**



**گولان:** سەرەتا دەمانەوێت راو بۆچوونی بەڕێزتان لەسەر بارودۆخی عێراق وەربگرین بەڕای تۆ عێراق بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات، ئایا پێتوایە گرژی و ململانێی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، یان نیمچە سەقامگیرییەك دێتەدی؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** هەڵبەتە ئاشکرایە عێراق بە قەیرانێکی سیاسی تێدەپەڕێت و بێگومان ئەم قەیرانە سیاسییەش بە تەنیا بەرهەمی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠، بەوشێوەیەی کە وا لە عێراق هات لە قەیرانێك دەردەچوو و دووچاری قەیرانێکی نوێ دەبۆوە، هەڵبەتە ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ هاوکات بوو لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتاییەکانی پارساڵ، بەڕای من چەندین هۆکاری تێکهەڵکێش هەیە لەپشت ئەم قەیرانەوە بەڵام پێموایە هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لە ئەدای پەرلەمان لەرووی داڕشتن و دانانی یاسا چاودێرییەوە، تا ئەو ئاستەی کە وای لێهات قەوارە سیاسییەکان لە پەرلەمان بەهێزتر بوون، لەهەمان کاتیشدا پێموایە سەرپێچیی بەردەوام لە دەستوور و پابەندنەبوون بە دەستوور لەلایەن قەوارەکانی پەرلەمانەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم قەیرانە و قەیرانەکانی پێشووتریش، بەڵام سەبارەت بەو ئاراستەیەی کە بۆی دەڕۆین ئەوە پێموایە کە پێویستە هەڵوەستەیەکی ژیرانە و جددی هەبێت لەپێناو دانانی چوارچێوەیەکی دروست و گونجاو زەمینەخۆشکردن بۆ بونیادنانی دەوڵەتی عێراقی، ئێمە پشتمان بە کۆنگرە نیشتمانییەکە ئەستوور بوو بۆئەوەی ببێت بەدەستپێشخەرییەکی نیشتمانی لەپێناو پێداچوونەوەیەکی جددی بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی خاڵە نێگەتیڤەکان و پاشان کاربکرێت بۆ دانانی چوارچێوە و پێوەری نوێ بۆ هەنگاوەکانی قۆناغی داهاتوو، بەڵام وادیارە سازدانی ئەم کۆنگرەیەی نیشتمانیی پشتگوێخراوە بەهۆی سەرقاڵبوونی عێراق بە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی، بۆیە پێموایە هاوشێوە لەگەڵ هەموو کێشەکانی دیکەی عێراق ئەم کۆنگرە نیشتمانییەش هەر دوادەخرێت.

**گولان:** ئەمڕۆ عێراق خاوەنی گەورەترین بودجەیە لەناوچەکەدا و پارە و سامانی زۆرە بەڵام خزمەتگوزاری نییە، عێراق زۆر دەوڵەمەندە بەو ئاستەی کە دەتوانێت ٥٠٠ فرۆکەی ئێف ١٦ بکرێت، بەڕای تۆ ئەلتەرناتیڤەکان چین؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** بەڕای من چەند مەسەلەیەك لێرەدا هەیە، نەخشەڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆی دەوڵەتی عێراقی پێویستیی بە چەند قۆناغێك هەیە، قۆناغی یەکەم بریتیە لەدەربازبوون لە ململانێی تایفەگەری و قەومی لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەناڵێنین بە دەستی نەبوونی بەرنامە یان پڕۆژەی نیشتمانی لە بارودۆخەکانی ئەمڕۆدا، هەربۆیە پێویستە خۆمان بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکەین بەتایبەتی کە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان لەپێشمانە، هەروەها پێویستە تێڕوانینێکی نوێمان هەبێت لەڕووی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان بۆئەوەی دووبارە نەکەوینە ئەو هەڵانەی کە لە رابردوو دووچاری بووین و ململانێی تایفەگەریمان نەبێت و نەگەینە ئەو ئاستەی کە تیایدا بڵێین بۆنموونە لیستی عێراقیە نوێنەرایەتیی سوننە دەکات و فلان لیست نوێنەرایەتیی شیعە دەکات و فیسار

> **سازدانی ئەم کۆنگرەیەی نیشتمانیی پشتگوێخراوە بەهۆی سەرقاڵبوونی عێراق بە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبییەوە. هاوشێوە لەگەڵ هەموو کێشەکانی دیکەی عێراق ئەم کۆنگرە نیشتمانییەش هەر دوادەخرێت**

لیستیش نوێنەرایەتیی کورد دەکات، بەڕای من ئەم جۆرە رەفتارانە رێگرە لەپێشمان لە خوڵقاندنی عێراقێکی یەکپارچە لەبەرئەوەی تەکەتولەکان و هاوپەیمانێتییەکانی ئەمڕۆ دژیەکن لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی، لەسەر ئاستی ئاسۆیی دەبینین هەر سێ قەوارە سیاسییە سەرەکیەکە و بەهۆی رەفتارە سیاسییەکەیانەوە بوونەتە بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەو دۆسیە هەرەگرنگانەی کە ئەمڕۆ بەلای هاووڵاتیانی ئەم وڵاتەوە زۆر پێویست و گرنگن، لەسەر ئاستی ستوونیش دەبینین لەچوارچێوەی یەك قەوارەی سیاسی ململانێ و ناکۆکی لەنێوان خۆیاندا هەیەو پێموایە تاڕادەیەك هەڵوەشانەوەو لێکترازان لەناو هەندێك لە قەوارە سیاسییەکاندا روویداوە، بەم شێوەیەش دەبینین مەسەلەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان بەپێی تێڕوانینی هاوبەش و لەسەر بنەمای پلان و بەرنامەی سیاسی نەبووە، بەڵکو دەبینین پێکەوە گرێدانێکی ناخوازیارانە هەبووە لەرووی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکانەوە، تەنانەت پێش هەڵبژاردنەکان یان پاش هەڵبژاردنەکانیش، ئێمەیش ئەمڕۆ باجی ئەو شتە دەدەین و هەر بەهۆی ئەمەیشەوە ئەمڕۆ پەرلەمان بەم شێوەیە پەکی کەوتووە، ئێمە پێویستیمان بە بەرنامەیەکی نیشتمانی هەیە کە پێکهاتەکانی عێراق تیایدا بەشداربن بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی نەك لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتیی تایفەگەری و قەومی، بەڕای من ئەمانە مەسەلەی گرنگ و هەستیارن و پێویستە شەقامی عێراقی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا تێیان بگات، مەسەلەیەکی دیکە: ئێمە پێویستیمان هەیە بە مەرجەعییەتێکی دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانمان و ئەم مەرجەعییەتە دەستوورییەیش دادگای ئیتیحادییە و یاسای دادگای ئیتیحادی هێشتا لە پەرلەمان لە جێی خۆی ماوەتەوە، بۆیە پێویستە هەنگاوێکی نیشتمانی هەڵبگیرێت بۆ تەواوکردنی ئەم یاسایە، مەسەلەی سێیەم: بەڕای من پێویستە زەمینەسازی بکەین بۆ هەڵبژاردنێکی تەندروست لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دووچاری چەند هەڵەیەك بووبووین بەهۆی نەبوونی یاسایەك بۆ پارتە سیاسییەکان لەبەرئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی کارپێکراو پێویستیی هەیە بە پێداچوونەوە ئێمە لەرابردوودا دووچاری چەندین هەڵە بووینەوە، لایەنێکی دیکەی گرنگ بریتیە لە بەسیاسی نەکردنی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڕای من ئەم سێ لایەنانە گرنگن بۆ ڕێنماییکردنی پرۆسە سیاسییەکە و هەڵبژاردنەکان، لایەنی چوارەم: ئەگەر ئەمڕۆ دیالۆگ لەئارادا نەبێت لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم و پارێزگاکان بەپێی چوارچێوە دەستوورییەکان ئەوە پێویستە دەستوورەکە هەر وەك خۆی قەبوڵ بکەین و ناکرێ لە پرۆسەی دەستووردا ئینتیقائیانە بین بەڵکو دەستوورەکە بە هەموو هەڵەکانییەوە پەسەند بکەین — لەم بارەیەشەوە ئیجرائاتی دەستووری هەیە بۆ چارەسەرکردنی — هاوکات پێویستە هەموو هاوبەشە سیاسییەکان لەکاتی پێویست بیکەن بە ژێدەرو مەرجەع، بەم شێوەیەیش پێموایە کە ئەمە دەبێت بە نەخشە رێگەیەکی



بۆ پێگەیاندنی پرۆسە سیاسییەکە.

**گوڵان:** لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە هەوڵەکان بۆ ئەوەن دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە( فیدرالی ) دامەزرێتەوە، بەڵام ئێستا ئەم یەکێتیە گۆڕاوە بۆ یەکبوون لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا نەك هاوبەشی و یەکێتی ئارەزوومەندانە لەناو عێراقدا، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت عێراقیکی فیدرالی بونیات بنرێتەوە و حکومەت بتوانێت خزمەتگوزار بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، ئایا بەڕێزت لەسەر ئەمە چی دەڵێیت؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** بەڕای من هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شکستێك لەسەر ئاستی پەرلەمانی و هەروەها لەسەر

**تەکەتولەکان و هاوپەیمانێتیەکانی ئەمرۆ دژەیەکن لەسەر هەردوو ئاستەکانی ئاسۆیی و ستوونی بۆیە خوڵقاندنی عێراقێکی یەکپارچە زەحمەت دەکەن**

ئاستی حکومیش، شکستی پەرلەمانی لەڕووی یاسادانان لەوەدایە کە هاوپەیمانییە سیاسییەکان بووەتە بەربەست لەبەردەم دانانی یاسا گرنگەکان، هەروەها هاوپەیمانییە سیاسییەکان بووەتە بەربەست لەبەردەم چاودێری و پشکنین لەئاکامیشدا ناتوانرێت کەمتەرخەمەکان سزابدرێن، لەلایەکی دیکەوە شکست هەیە لەڕووی ئەدای حکومی، بەڕای من بەشێك لە هۆکارەکانی پشت شکستەکە بۆ ئەدای حکومەت دەگەڕێتەوە، بۆ نەبوونی تێڕوانینێکی ستراتیژی، بۆنموونە لەڕووی ئابوورییەوە بۆ بونیادنانی عێراق لەکاتێکدا بودجەی عێراق لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا لەنێوان ٤٠ هەزار ملیار دۆلار، بەڵام هاووڵاتیان تاکو ئەمڕۆش هەستیان بە هیچ بەرەوپێشەوەچوونێك نەکردووە لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا، کەواتە لێرەدا ئیشکالییەتێك هەیە لەڕووی چۆنیەتی تەوزیفکردنی داهاتەکانی نەوتی عێراقی، لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم ئیشکالییەتە لە سیستمە قێزەوەنەکەی موحاصەصە-وە سەرچاوەی هەڵگرتبێت کە لەئاکامیدا وەزارەتەکان بوونە پڕۆژەیەکی بەموڵکداریکراوی پارتەکان و هەربۆیە دەبینین لە حکومەتی عێراقیدا هیچ تیمێکی یەکگرتوو نییە کە هەڵستێت بە جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی دیاریکراو و هەروەها هیچ هەماهەنگییەك لەئارادا نییە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکار، لەگەڵ چەندین نموونەی دیکە کە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا بینیمان، لەئاکامیشدا ئەم هۆکارانە بوونەهۆی وەستانی حکومەت تەنانەت گەر لەسەر ئاستی حکومەت بێت یانیش لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکاری و ئەمەیش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی زۆر گەورەیە، بەهۆی ئەو موحاصەصە سیاسییەوە ئەمڕۆ نەگونجاندن روویداوە و نوێنەرەکانی ئەمڕۆ لە وەزارەتەکان خاوەن عەقڵیەتێکی تەکنۆکراتی نین کە لەتوانایاندا هەبێت بەرنامەی بەسوود جێبەجێ بکەن کە خزمەت بە هاووڵاتیان و نیشتمان بگەیەنێت لەکاتێکدا پارە و سەرچاوەی زۆر لەبەردەستمان هەیە، بەڵام لەبری ئەوە تاکو ئەمڕۆیش دەستمان هێشتا بەستراوە بە سیستەم و دەقە ئیدارییەکانی سەردەمی رابردووەوە، لەکاتێکدا لەبری ئەمە دەمانتوانی هەنگاوی گەورە هەڵبگرین بۆمەبەستی نەهێشتنی ئەم کەڵەکەبوون و دژەیەکانەی کە تاکو ئەمڕۆیش هەر بوونیان هەیەو بوونەتە بەربەست لەبەردەم جووڵانەوەمان، ئێمە هەر باسی شکستەکان دەکەین بۆیە پێویستە باسی دەسکەوتەکانیش بکەین، راستە دەسکەوت هەیە، بەڵام بە ئاستێکی دیاریکراوە بۆنموونە لەڕووی وەبەرهێنانی نەوت و تاڕادەیەك لەڕووی بونیادنان و ئەو جۆرە بابەتانە، بەڵام

**بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانمان پێویستیمان هەیە بە مەرجەعییەتێکی دەستووری و ئەم مەرجەعییەتە دەستووریەیش، دادگای ئیتیحادییەو یاسای دادگای ئیتیحادی هێشتا لە پەرلەمان لە جێی خۆی ماوەتەوەو نەخراوەتەکارەوە**



پێشکەوتنەکان هێشتا بەپێی پێویست نین، بەتایبەتی لەڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆنموونە دابینکردنی تەزووی کارەبا و ئاوی خاوێن و سیستەمی ئاوەڕۆ و شوێنی نیشتەجێ، کێشەی نیشتەجێ لە ئاستێکی زۆر بەرزەو ئەمڕۆ عێراق پێویستیی بە ٦ ملیۆن یەکەی نیشتەجێ هەیە بەڵام تاکو ئەمڕۆیش ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەیە لەسەر دابینکردنی پارەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

**لە حکومەتی عێراقیدا هیچ تیمێکی یەکگرتوو نییە کە هەڵستێت بە جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی دیاریکراوو هەروەها هیچ هەماهەنگییەك لەئارادا نییە لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکار**

**گوڵان:** بەڕێزت باست لە کێشەی موحاصەصە کرد و موحاصەصە بارەکەی گەیاندووەتە ئەمڕۆمان، بەڕای تۆ ئەلتەرناتیڤی موحاصەصە چییە؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، بەڕای من ئەلتەرناتیڤەکەی ئەوەیە هاوپەیمانێتییەکانمان لەسەر بنەمای سیاسی دروستبکەین نەك لەسەر بنەمای تایفەگەری و قەومی، مەبەستم لەوەدایە کە پێویستە خاوەن تێڕوانینێکی نیشتمانی بین و بەرنامەیەکی نیشتمانیمان هەبێت کاری بۆ بکەین بەو ئاستەی کە دەرچین لە بازنەی تایفەگەریتی، ئەمڕۆ هەموو پێکهاتەیەك لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی هەوڵدەدات لەکاتێکدا هاووڵاتیی عێراقی دوورە لە بەرژەوەندییەکانی ئەو پێکهاتانە، بۆنموونە یەکسانی لە هەل بۆ پێکهاتە سیاسییەکان رەخساوە نەك بۆ هاووڵاتیان و ئەمەیش نابێتە مایەی دروستبوونی دەوڵەت بەوشێوەیەی کە ئێمە هیوای بۆ دەخوازین بەڵکو دەبێتەهۆی درووستبوونی ژمارەیەك پێکهاتەی سیاسیی کە تیایدا هەموو پێکهاتەیەکی سیاسی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵدەدات و بیر لە بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانی بەرامبەر ناکاتەوە، هۆکاری ئەم ئیشکالییەتە لە دەسپێکی ئەم پرۆسەیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو راستە کە ئێمە هێشتا لە دەسپێکین، بەڵام دەسپێك پێویستیی بە هەلومەرج و کۆڵەکە هەیە لەگەڵ هەنگاوهەڵگرتن بەپێی بەرنامەیەکی نیشتمانی بەوئاستەی کە لیستی ئیئتیلافی تەنیا لەچوارچێوەی شیعە یان سوننە یانیش کورد قەتیسکراو نەبێت بەڵکو هەموو عێراقییەکان لەخۆبگرێت و هەموو پێکهاتەیەکی ئیئتیلافەکە خاوەن بەرنامەی تایبەت بەخۆی بێت و لەئاکامیشدا ناکۆکییەکان لەسەر بەرنامەکان دەبێت نەك لەسەر بنەمای تایفەگەری.

**گوڵان:** باری ئەمڕۆ وا دەخوازێت عێراق دابەش بێتە سەرهەرێمەکان، بۆئەوەی هاووڵاتی هەست بە فەرامۆشی نەکات، لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، ئەمە خواست نییە بەڵکو بۆتە شتێکی پێویست، رای بەڕێزتان لەمبارەیەوە؟

**هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان بەپێی تێڕوانینی هاوبەش و لەسەر بنەمای پلان و بەرنامەی سیاسی نەبووە بەڵکو دەبینین بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان پێکەوە گرێدانێکی ناخوازیارانە هەبووە**

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** مافی دەستووری هەن بۆ هاووڵاتیان فەراهەمکراوەو مەسەلەی هەرێمەکان بەشێکە لەو مافانەی کە لە دەستووردا دەستەبەرکراوە، بەڵام پێموایە کە داواکارییەکانی ئەمڕۆ بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان سەرچاوەیان هەڵنەگرتووە لە پێویستبوون بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان، بەڵکو پێموایە هۆکارەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ هاووڵاتیان هەست بەوە دەکەن کە پێوەندیی نێوان ناوەند و هەرێم یان پارێزگاکان لە ئاستێکی باشدا نییە، هەربۆیە بیر لە رێگەچارەی دیکە دەکەنەوە و هەڵبەتە لەمڕووەوە وەکو نموونەیەك سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن و هیوای ئەوە دەخوازن ئەوانیش بگەن بەو قۆناغەی کە تیایدا بتوانن بۆ پێکهاتەو تایەفە و

نیشتەجێبووەکانی ناوچەکانیان دەسکەوت و پێشکەوتن وەدەستبێنن، راستە پێکهێنانی هەرێمەکان مافێکە بەڵام لەهەمان کاتیشدا چارەسەر نییە لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا پێویستە پێکهێنانی هەرێمەکان ببێت بە رێککەوتنێکی سەرەکی لەنێوان عێراقییەکان لەسەر بونیادنانی دەوڵەتی عێراقیی نوێ لەسەر بنەمای بەهاوولاتیبوون کە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم یەکگرتنە بێت لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی فرەیی لە کۆمەڵگەی عێراقی، بەڵام تاکو ئەمڕۆیش ئەم شتە ڕووی نەداوە و هێشتا هەر ناکۆکبوونی سیاسی لەئارادا هەیە، هەر لەمبارەیەوە نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە لە مانگی ئابی پارساڵ ٢٠١١ کاتێك کە لیژنەی نەوت و وزە هەڵستا بە

**بەهۆی ئەو موحاصەصە سیاسییەوە ئەمڕۆ نەگونجاندن ڕوویداوەو نوێنەرەکانی ئەمڕۆ لە وەزارەتەکان خاوەن عەقڵیەتێکی تەکنۆکراتی نین**

پێشکەشکردنی پێشنیارێك بۆ یاسای نەوت و غاز بینیمان حکومەت بە یاسای نەوت و غاز وەڵامی لیژنەکەی دایەوە، ئەگەر بێت و هەردووك لەو پێشنیار و پڕۆژە یاسایە بخوێنینەوە دەبینین هەر یەك لە حکومەت و لیژنەکە خاوەن فەلسەفەیەکی جیاوازن لەڕووی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سامانی نەوتی، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی هەر یەك لە گرووپ و لایەنەکان و ئەمەیش نابێتەمایەی درووستبوونی دەوڵەت، بۆیە پێویستە لەسەر چوارچێوەیەکی دیاریکراو رێکبکەوین و ئێمە دەستوورمان هەیە و وێڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی بەڵام پێویستە دەستوور بکەین بە سەقفێکی نیشتمانی لەپێناو هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئاڕاستەی بونیادنانی دەوڵەت ئەگەر نا ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و لەئاکامیشدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناکۆکییەکانیشمان بوار فەراهەم دەکات بۆ دەرچواندنی هەندێك سیاسەت کە نە من و نە ئێوە و هیچ پارێزگایەك یان هەرێم پەسەندیان ناکات.

**گوڵان:** بەڕای تۆ چەند کاتمان پێویستە بۆ نەهێشتنی هەژاری و بێکاری و نەبوونی کەلتووری دیموکراتی و دواکەوتن لە هەندێك ناوچە و کۆمەڵگەکاندا؟ چەند کاتمان پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەڕووی کارەبا و ئاوی خاوێن بۆ هاوولاتیان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ و کێشەکانی نێوان هاوولاتیان و بەرەوپێشەوەبردنی بواری تەندروستی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان لەسێبەری ناکۆکی و بارودۆخەکانی ئەمڕۆدا؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** لەسێبەری بارودۆخەکانی ئەمڕۆدا زەحمەتە بتوانین سەقفێکی کاتی بخەمڵێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە، جگە لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئیدارەیەکی تەکنۆکراتی بێتەکایەوە کە لەتوانایدا هەبێت بەرنامە دارێژێت بۆ وەدیهێنانی تێڕوانینێکی ستراتیژی بۆ بونیادنانی عێراق، ئەمڕۆ لێرەو لەوێ پڕۆژە هەیە بەڵام بەپێی تێڕوانینێکی موتەکامل نییە کە مایەی بونیادنانی دەوڵەتێك بێت هەربۆیە لەوانەیە کاتێکی زۆر بخایەنێت، هەڵبەتە ئێمە پێویستیمان هەیە بە چەند هەنگاوێکی زۆر گرنگ لەزمنیشیان، هەنگاوی یەکەم: پێویستە خاوەن تێڕوانینێکی ستراتیژی بین لەڕووی هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیانی عێراق لەبارەی سیستەمی سیاسی و بەو ئیعتوبارەی کە عێراق دەوڵەتێکی دیموکراسییە و چۆنیەتی بونیادنانی دیموکراسییەت و شیکردنەوەی میکانیزمەکان و دەستنیشانکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ...و تاد. هەنگاوی دووەم: بەڕای من، ئەگەر

**ئێمە دەستوورمان هەیەو وێڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی، بەڵام پێویستە دەستوور بکەین بە سەقفێکی نیشتمانی لەپێناوی هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئاڕاستەی بونیادنانی دەوڵەت ئەگەر نا ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم**

**لەوانەیە بەرهەمهێنانی نەوت لەساڵانی داهاتوودا روو لە بەرزبوونەوە بکات بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین چۆن ئەو سامانە بەڕێوەبەرین بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان لەڕێگەی تەوزیفکردنی سامانەکان لە پڕۆژە ستراتیژییەکاندا**

نەتوانین پازێکی جۆریی لە میانەی سیاقاتی ئیداری و یاسایی ئەنجام بدەین کە ئەمڕۆ حوکمڕانیمان دەکەن ئەوە ئەوکات پێموایە هەر لەژێر حوکمی یاساکانی سێ دەیی رابردوو دەمێنینەوە، ئەمەیش ئەرکی پەرلەمانە، ئێمە ئەمڕۆ دامەزراوەمان هەیە بەڵام ئەم دامەزراوانە بە عەقڵییەتی رابردوو بەڕێوەدەبردرێت و لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گونجاو نییە و ئەمەیش کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بەوە هەیە لەمبارەیەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بیری لێ بکەینەوە لەگەڵ بایەخدان بە توێژی ناوەند کە لەتوانایاندا هەیە جووڵانەوە و دینامیکییەت بە کۆمەڵگە ببەخشێت، ئەمڕۆ رێژەی هەژاری لە ٪٢٣ە و ئەگەر رێژەی هەژاریی ئەمڕۆ لەگەڵ ساڵانی رابردوو بەراوردبکەین دەبینین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، هاوکات پێشکەوتن لەسەر ئاستی بژێوی تاکی عێراقی هەیە بەڵام وێڕای ئەوەیش هێشتا هەر پێویستبوونێکی زۆر هەیە بە نەهێشتنی هەژاری لەبەرئەوەی هێشتا هەندێك توێژی کەمدەرامەت هەن کە تەنانەت خزمەتگوزارییە سادەکانیشیان نییە، بەڕای من ئەگەر هێزی کاراو دڵسۆز بێنەکایەوە کە خاوەن بەرنامەی نیشتمانی بن لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکاری و دادوەریدا ئەوکات پێموایە لەماوەی ٢ خولی پەرلەمانیدا دەتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێن، ئەمڕۆ عێراق تاکە دەوڵەتە کە خاوەن ئیمکانییاتی ئایندەییە کە داهاتی ئاستبەرزی بۆ دابیندەکات لەڕێگەی سامانە نەوتییەکان، لەوانەیە بەرهەمهێنانی نەوت لەساڵانی داهاتوودا روو لە بەرزبوونەوە بکات بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین چۆن

**پێویسته پێكهێنانی هەرێمەكان ببێت به ڕێككەوتنێكی سەرەكی لەنێوان عێراقییەكان لەسەر بونیادنانی دەوڵەتی عێراقیی نوێ و لەسەر بنەمای بەهاوڵاتیبوون كه كۆڵەكەی سەرەكیی ئەم یەكگرتنە بێت. لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندییەكانی فرەیی له كۆمەڵگەی عێراقی**

ئەو سامانە بەڕێوەبەرین بۆ دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان بۆ هاوڵاتیان لەڕێگەی تەوزیفكردنی سامانەكان لە پرۆژە ستراتیژییەكاندا و كەمكردنەوەی ئاستی كەمدەرامەتی و ئەمەش تەنیا ئەوكات دێتەدی پاش ئەوەی بتوانین فرەجۆری بخوڵقێنین لە ئاستی بەرهەمهێنانی سەرچاوەكانی عێراق، بەواتای نەبین بە دەوڵەتێك كه تەنیا پشت بە نەوت ببەستێت بەڵكو بتوانین داهاتەكانی نەوت تەوزیف بكەین لەپێناو بەرفراوانكردنی بناغەی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستەكانی كشتوكاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەكان و لەپێناو نەهێشتنی ئەو بێكارییەی كه ئەمڕۆ هەیە لەگەڵ چارەسەركردنی كێشەو قەیرانەكانمان لەڕێگەی تێڕوانینێكی ئابووری و عەقڵییەتێكی ئابووری بۆئەوەی بتوانین داهاتەكان بەشێوەیەكی دروست وەبەربێنین و ئاستی ژیانی گەلی عێراقی بەرەوپێشەوەبەرین.

**گوڵان:** بەڕای تۆ ژمارەكان لەماوەی داهاتوودا دەگەنە چەند لەبواری نەوت؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** زەحمەتە نرخی نەوت لە قۆناغی داهاتوودا پێشبینی بكرێت لەبەرئەوەی بەهۆی بارودۆخەكانی ناوچەكەوە ئەگەر هەیە نرخەكەی بەرزبێتەوە بەڵام هاوكات لە ٨٠ دۆلار دانابەزێت بۆ هەر بەرمیلێكی نەوت، نرخی نەوت بۆ ٢ ساڵی داهاتوو پەیوەستە بە ئاستی بەرهەمهێنانمان و ئێمە پێشبینیی ئەوە دەكەین بۆ ئەمساڵ سێ ملیۆن و چوار سەد هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێنین و نزیكەی دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار بەرمیل هەناردە بكەین، بەڕای من ئێمە دەتوانین ئەو ژمارەیە هەناردە بكەین و ئەگەر هەیە هانەردەكردنی نەوت پەرە بەخۆیەوە ببینێت بەڵام هاوكات پێویستە ئاستی وەبەرهێنان بپارێزین بۆ كۆمپانیا نەوتییە بیانییەكان لە عێراق بەو ئاستەی كه پێویستە كۆمپانیا بیانییەكان هەست بەوە بكەن كە وەبەرهێنانەكانیان لەچوارچێوەی یاسایی پارێزراون و هەروەها پێویستە كۆمپانیاكان هەست بەوە بكەن زەمینە بۆیان لەبارەو كه بەپێی خواستی ئەوانە، پێشبینی دەكەم داهاتەكانی نەوت ڕوو لە زیادبوون بكات و عێراق تاكه وڵاته كه خاوەن ئایندەیەكی گەشە لەڕووی داهاتەكانیەوە كه بەسە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی بۆیە پێویستیمان بە كادری شیاو و لێهاتوو هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو داهاتانە.

**گوڵان:** قسەی زۆر دەكرێت لەسەر كۆمپانیا نەوتییەكان لە هەرێم و دەوترێت دروستە ...و تاد. بەڵام حكومەت و بەتایبەتی وەزارەتی نەوت زۆر بە كەمی باس ئەم مەسەلەیە دەكات، ڕای بەڕێزتان چییە لەسەر ڕێككەوتنەكان؟

**ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم:** بەڕای من عێراق لەساڵانی داهاتوودا دەرفەتێكی زێڕینی لەدەستچوو پاش ئەوەی ڕێككەوتن لەنێوان هەرێم و حكومەتی ناوەندی ئەنجامدرا لەسەر ڕەشنووسەكەی یاسای نەوت و غاز، بەڵام لەبەر چەند هۆكارێك كه نازانم چین و ئاگام لە وردەكارییەكانی نییە یاساكە ئەكتیف نەكرا و ئەوە بوو پاشان ناكۆكی و جیاوازی سەریهەڵدا، ئەمڕۆ عێراق پێویستیی بە چوارچێوەی ئیداری و یاسایی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی سامانی نەوتی، ئێمە لە پرسیارەكانی پێشووتاندا قسەمانكرد لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی داهاتەكانی سامانی نەوتی بەڵام پرسیارە

**ئەگەر نەتوانین پازێكی جۆریی لە میانەی سیاقاتی ئیداری و یاسایی ئەنجام بدەین كە ئەمڕۆ حوكمڕانیمان دەكەن ئەوە ئەوكات پێمwایە هەر لەژێر حوكمی یاساكانی سێ دەیی ڕابردوو دەمێنینەوە**

هەرەگرنگەكە ئەوەیە كە ئایا چۆن بتوانین كەرتی نەوتی بەڕێوەببەرین؟ كەرتی نەوتی پێویستیی بە چوارچێوەی ئیداری و یاسایی هەیەو ئەمەیش بوو كە لە ڕەشنووسەكەی یاسای نەوت و غاز خرابووە ڕوو، هاوكات ئەنجوومەنێكی ئیتیحادی بوونی هەیە بۆ نەوت و غاز كە پلان دادەنێت و ستراتیژییەتی گونجاوی هەیە بۆ بەكارهێنانی سامانەكان بەشێوەیەكی دروست، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە و بەردەوامبوونی ناكۆكی سیاسی لەنێوان هەرێم و ناوەند دەرفەت بۆ كۆمپانیا وەبەرهێنەرە بیانییەكان دەڕەخسێنێت بۆنموونە لەماوەی ڕابردوودا كاتێك كە كۆمپانیای ئەكسۆن گرێبەستی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان واژۆكرد وەزارەتی نەوتی عێراقیی خستە بارێكی

**نوێنەران لە توانایدا نییە بەرنامەی بەسوود جێبەجێ بكەن كە خزمەت بە هاوڵاتیان و نیشتمان بگەیەنێت لەكاتێكدا پارە و سەرچاوەی زۆر لەبەردەستیان هەیە**

هەستیارەوە، هەربۆیە بەردەوامبوونی ناكۆكی ئاستی وەبەرهێنان لاوازدەكات و دەمانخاتە بارێكی هەستیار، بۆیە هەرچەند زووتر كێشەكانمان چارەسەر بكەین و یاسای نەوت و غاز تێپەڕێنین یاخود بكەین یانیش بەلایەنی كەمەوە ڕێككەوین لەسەر ئەنجوومەنی ئیتیحادی بۆ نەوت و غاز ئەوە بەگشتی سوود بە پرۆسەكە دەگەیەنێت لەسەر ئاستەكانی ئابووری و سیاسی، بەڵام ئەگەر بارودۆخەكە هەر بەوشێوەیەی ئێستای بەردەوام بێت ئەوە ئەوكات هەرێمی كوردستان گرێبەست واژۆ دەكات بەو شێوازەی كە بەلایەوە گونجاوە و پێی باشە و هەروەها حكومەتی عێراقیش هەمان شت بەپێی تێڕوانینەكانی خۆی گرێبەست واژۆدەكات لەئاكامیشدا ئەمە نابێت بە عێراقێكی یەكگرتوو كە خاوەن تێڕوانینێكی هاوبەش بێت بۆ هەموو هاوڵاتیان و هەرێم و پارێزگاكانی لەڕووی بەڕێوەبردنی سامانی نەوتی، بۆیە بەڕای من لەو جۆرە حاڵەتانەدا مەسەلەكان بەو ئاستە نابێت كە هیوای بۆ دەخوازین.

# چەمكی پارتی سیاسی و هەڵەكانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی عیراق



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پارتە سیاسییەكان دینگەیەكن بۆ سیستمی دیموكراتی و ئەو بناغەیەن كە لە ژێر ڕۆشناییاندا سیستمێكی سیاسی تەندروست بونیاد دەنرێتەوەو بە هۆیانەوە ڕای گشتی دروست دەبێت، بە هۆی پارتە سیاسیەكانەوە میكانیزمەكانی هەر یەك لە حكومەت و ئۆپۆزسیۆن دروستانە ئاراستە دەكرێنەوە، دیاردەی پارتەكانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ پارتەكانی حكومەتدا بەهاوسەنگانە لە بەرانبەر یەكتر ڕاوەستاونەتەوە، ئەمەش بۆ ژیانی گشتی و تێزە تیۆرییەكانی میكانیزمی پرۆسەی سیاسی لە لایەك و چەمكە گشتییەكانی دیموكراتی و پیادەكردنی بەتایبەت لە وڵاتانی پابەند بە سیستمی دێرینەی دیموكراتیی لەلایەكی ترەوە كارێكی سروشتییە، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی یاسای دەستووریی هەر وڵاتێكدا هەبوونی پارتەكان بۆ خۆیان تەفسیرێكی تیۆریی زانستانە لە خۆ دەگرن..

بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی و هەروەها بۆ زیاتر خستنەگەڕی چۆنیەتی ئەو هۆشیارییەی میكانیزمی دیموكراتییەت كە لە هەر وڵاتێكدا پیادە دەكرێت، پێویستە جەخت بكەینەوە لەسەر دارشتنەوەی پێناسەی پارتە سیاسییەكان و جیاكردنەوەیان بۆ پارتەكانی دەسەڵات و پارتەكانی ئۆپۆزسیۆن و سروشت و میكانیزمی كارەكانیان ڕوونتر بكەینەوە، لەگەڵ زانینی ئەوەی كە پێناسەی پارتی سیاسی لە ڕەگەزە هەرە بنچینەییەكانەوە دیاری بكرێت، كە خۆی لە ڕێكخستنی ئیدیۆلۆژیاو سروشتی ئامانجەكەیدا دەبینێتەوە بە گەیشتنە دەسەڵات یان كاریگەری بەسەر دەسەڵاتەوە..

ڕێكخستنی حزبیی، دامەزراوەیەكە بۆ ڕێكخستنی پێوەندییەكانی نێوان ئەندامان و دەزگاكانی حزب چ بە شاقووڵی بێت یان بە ئاسۆیی، ئەمەش لە (سەركردایەتی پارتەكەو ڕێكخراوەیی بوونی ئەندامەكانی و جەماوەری بوونی و چۆنیەتی سروشتی ئینتیماكردن بۆی) پێكدێت بە پێی لیستی ڕاسپاردەكان، پێوەندییەكانی نێوان ئەم سێ ئاستەی حزبە، كە ناسنامەو پێگەی سیاسی گشتی و كاریگەرێتی و توانای هەر پارتێك بۆ خۆی دەستنیشان دەكات، لێرەوە گرنگە لەسەر چەسپاندنی پێوەندی تەندروستانەی دیموكراتییەت بەو ئاستانەو شێوازی كاریان بە تایبەت لە ناو پارتە كاریگەرەكانی ئەمڕۆی عیراقدا هەڵوەستەیەك بكەین؟

بەڵام گەر تا ئێستاش پارتەكان درێژكراوەی زەمەنی كاری ڕێكخستنە نهێنییەكان بن، هەمان زەمەنی ئەو كاتانەی فەرمانەكان لەسەرەوە دادەچۆڕایە خوارەوەو هەر بەو شێوەیە لە هەموو بوارەكانی ژیانەوە كڕنووش بۆ میكانیزمی موقەدەسیەتی رابەر و باكگراوەندە ڕەهاكەی ببرێت، ئێستاش بە هەمان ڕیزبەندی شاقووڵیانەی پێشووەوە كە لەسەرەوە بەرەو خوار دروشمەكانی (بە خوێن. بە گیان ..فیداتین ئەی ڕابەر) بەردەوام بێت، بۆ ڕێكخستنە حزبییەكەش هیچ بناغەیەكی فیكری سیاسی نەبێت ئەندامانی خۆی لە دەور گرد بكاتەوە، یان ئایدیۆلۆژیاكەی هیچ بەهایەكی سیاسی و ئەخلاقی و باوەڕداری دیاریكراوی نەبێت، ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیانە كە باكگراوەندی وای نەبێت ڕەنگە بەبەهای سیاسی و ئەخلاقی و مەزهەبی بناسرێنەوەو تەنیا لەسەر بنەما گشتیەكانی ئاڕاستەكردنی بەرنامەی كار ڕێچكەكەیان دیاری بكرێن، لە پارتە عەقائیدیەكاندا بەها فكرییەكان ئەوپەڕ گیرو وشكن، ئەم حاڵەتەشیان لێدەبێتە چەند بەهایەكی دۆگمای قەتیسدراو بۆ ئاڕاستەكردن و دواتر سیاسەتەكانی كاركردنی خۆیانی پێ دەستنیشان دەكەنەوە، چەند ڕووداوێكی مێژوویی ڕۆژانە بۆ قۆناغێك حوكمیان پێ دەكات، لێرەوە دەبینین كە هەندێك لە پارتەكان بۆ دروستكردنی خیتابی ئایینی هەڵپەیانە بەبێ ئەوەی لە ڕاستە ڕێی ئاینیەوە نزیك ببنەوە. هەر بۆیە یەكێك لە مەزهەبەكان بە تەواوی زاڵ دەكەن بەسەر ئەوانی ترداو لە خۆیاندا بەرجەستەی دەكەنەوە، هەوڵ دەدەن تەبەننای مافەكانی تیرەیەكی دیاریكراوی پێ بكەن و لەسەر حسابی تیرەو هۆزەكانی تر بیلەوەڕێنن، ئەمەش لە ژێر ناوی پابەندبوونێكی ئیرادەگەرانەی خواوەندایەتی و خزانە پاڵ ڕێبەرێك یان حزبێك كە لە بری ئاسمان ئەو رابەرە یان ئەو حزبە لەسەر زەوی فەرمان دەربكات، ئەمە تەنیا گومڕاكردنێكی سیاسیانەی ڕووتەو مەبەست لە پشتیەوە دەستكەوتنی بەرژەوەندییە تایبەتیەكانە لە ڕێگای مەزهەبێكی ئاینیەوە، خەڵكیش بە گشتی ڕۆژانە لەناو موعاناتی بەردەوامدا بەبێ چارەسەر دەخولێنەوە ڕوونتربۆ تەواوكردنی كەرەستەكانی پێناسەی پارتێكی سیاسی لەدەوری بابەتی ئامانجی گەیشتن بەدەسەڵات دەسوڕێتەوە، بەو سیفەتەی ئەوە هۆكارێكی سەرەكیە لەناساندنی پارتی سیاسی، چونكە كۆمەڵێك ڕێگای دەستووری و هەڵبژاردن بۆ دەستاودەستكردنی دەسەڵات هەن لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها ڕێگای كودەتاو كاری گەندەڵیش هەیە، كە بەهۆیەوە دەست و پێ دەگیرێت بەدەسەڵاتەوەو قۆرغ دەكرێت بۆ بەرژەوەندی فەرمانڕەوایەتی كردن لە پێناوی حزبێكی تاقانەی دیاریكراودا.

سێ ڕەگەزی تایبەتمەند هەن كە پارتەكان دیاری دەكەن، لەوانە ڕێكخستن و فیكری سیاسی و ئامانجەكانە، دەكرێت حزب بەوشێوەیە پێناسە بكرێتەوە هەروەكو چۆن لەساتەوەختی دروستبوونیەوە كیانەكەی پێ دەناسرێتەوە، جار هەیە لەسەر بناغەو چوارچێوەی پەرلەمانی دەردەكەوێت، بۆ نزیكخستنەوەی فەلسەفەی هەڵبژێردراوەكان، هەر وجودێكی حزبی بۆ خۆی كۆبوونەوەیەكە بەدەوری ئامانجێكدا یا بەرژەوەندیەكی

**هەندێك لە پارتەكان بۆ دروستكردنی خیتابی ئایینی لە هەڵپەدان بەبێ ئەوەی لە ڕاستەڕێی ئایینەكە نزیك ببنەوە، یەكێك لە مەزهەبەكان زاڵ دەكەن بەسەر ئەوانی تردا**

دیاریکراودا، لەوانەیە حزب لەدەرەوەی پەرلەمان دابمەزرێت، لە ئاکامی توانای چەند توێژێکەوە ئەم کارە بکرێت، وەك سەندیکای کرێکاران و هاوشێوەکانی، بەتایبەتی ئەگەر هەندێك لەو هێزانە بەنهێنی کار بکەن، یان بەچەند هاندەرێکی رادیکالیەوە یان کودەتاییەوە لەسنووری توندڕەوی دا یان رەنگە لەدەرەوەی پەرلەمان لەدایك بن و، وابەستەی جۆرێك لە ڕێگرتن بن، ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا دەکرێت بەشێوازێکی ئاشتیانەی ڕێکخراو گوزارشتی لێبکرێت، ئەویش لە فرەییدا کاتێك پێکهاتەی کۆمەڵگا شێوازێکی بابەتیانەی لەسەر بنەمای کێبرکێ بۆ دەدۆزرێتەوەو دەیخاتە ژێر ڕکێفی یاساوە، هەوڵیش دەدەرێت کە جیاوازیەکان بەتوندی بەریەك نەکەون، لەسەر شێوازی ئێستای پارتە عێراقیەکان، بەڵام واقیعی کردارەکی وامان پێ دەڵێت کە ژمارەیەك لەو پارتانە رەنگە بووبێتنە کەرەستەی پێکدادانی ناکۆکیەکان، هەروەها گەورە بوونی کێشەکان لە کۆمەڵگادا هۆکارێکی لەوانەوە بێت، کە بەهۆیەوە ململانێیەکان بەشێوازێکی ناتەندروستی توندڕەوانە هەڵئایساون، ئەمە جگە لە پەیڕەوکردنێکی سلبیانە کە لەبەرجەستەکردندا خۆی دەبینێتەوە لە بەستنەوەی ئەندامەکانی پەرلەمانیان و ملکەچکردنیان بەسیاسەتێکی توندی رابەرانیانەوەهەروەها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، ئەوەش لە پێناوی مانەوەی بەرفراوانترین رووبەری نەزانین و جەهل لەناوەندی ئەندامان و لایەنگرانیاندا لەبری ئەوەی رۆشنگەرییان لەنێواندا بڵاوبکەنەوە یا رۆشنگەری سیاسی دیموکراتیان پێ بناسێنن، ئەم واقیعە ناتەندروستە لەگەڵ حەقیقەتی ئەو حزبانەدا ناگونجێت کە بە پێگەیشتوویی و هۆشیارانەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکە راستەقینەکانی دیموکراتیەتدا دەکەن، بوونی حزبی سیاسی لەشوێنێکدا کە ئەرکێکی مەدەنی دەگوزەرێنێت و هۆشیاری ئەکتیڤ دەکاتەوە هەروەها ڕای گشتی دروست دەکات و کادیرەکانی ئامادە دەکات بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ژیانی فیکری گشتی سیاسیش کارا دەکاتەوە، ئەویش بە راکێشانی جەماوەر بۆ ناو بازنەی بەرنامەکان و سازدانی دیالۆگ لەگەڵیاندا تا هەموان بخرێنە ناو چوارچێوەی بابەتە گشتیەکانەوە، رەنگە ئەمڕۆ چەند هێزێکی نیشتمانی و دیموکراتی لەناو چەند حزبێکدا هەبن تواناسازی خۆیان وەگەڕ دابێت بۆ ئەم ئەرکەو وێڕای گەمارۆدان و کەمی توانا مرۆییەکان لە دروستبوونی ڕای گشتی و یەکخستنی بیرو بۆچوونە پەرتبووەکان و گۆڕینیان لە تاکگەرایی بۆ دامودەزگایی کراو، کە ئەوەش تا ڕادەیەك هۆشمەندییەکی سیاسی هاوبەش بەئاڕاستەی بوونیاتنان دەخولقێنێت، وەدیهاتنی سەقامگیری سیاسی ئومێدبەخش لە ڕێگای پارتە سیاسیە دیموکراتیەکانەوە گوزارشتە لە دابەشبوونی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ چەند یاسایەکی هاوچەرخ نەك بۆ ئەو نەریتانەی کە ناتەندروستانە رابردوو زیندوو دەکەنەوە، چونکە رابردوو ناچێتە ژێر رکێڤی هیچ یاسایەکی مۆدێرنەوە بەڵکو رابردوو یاساکان بەقەد باڵای خۆی دەپێوێت. پێویستە بەقووڵی لە سروشت و ئەدای حزبە عێراقیەکان ورد بینەوە کە بەچ شێوازێك بیر لە ڕێکخراوە حزبیەکانیان دەکەنەوە چونکە هەندێك سیستەمی کێبرکێی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردن هەیە هەندێکیش لە چوارچێوەی حاڵەتی قۆرغکردندا لەسەر بنەمای بڕواو توندڕەوی ناکێبرکێکار دروست دەبێت، لە حاڵەتی یەکەمیان سیستەمی دوو حزبی حکومەتی و ئۆپۆزسیۆن هەیە وەك لە بەریتانیا و ئەمەریکا بەدی دەکرێت، سیستەمی دوو حزبی یەکتر سڕینەوەی تێدا نییە، بەڵکو قورسایی هەردوو حزب بناغەیەکە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، ئەو قورساییەش هۆکارێکە بۆ سەقامگیربوونی دەسەڵات بەهۆی سەنگ و قورسایی هەردوو لاوە و یەکخستنی خیتابیان بە ڕێگایەکی بابەتیانە کە لەگەڵ ئەدای دیموکراتی بگونجێت، سیستەمێکی فرەیی حزبیش هەیە کە حزب بەتەنیا ناتوانێت حکومەت دابمەزرێنێت و ناشتوانێت ڕێگا لە هاوپەیمانی چەند حزبێك بگرێت لە پێناوی کاراکردنی هاوپەیمانێتی حکومەت لەبەرامبەر هاوپەیمانێتی ئۆپۆزسیۆندا، رەنگە ئەمجۆرە سیستەمەش ناسەقامگیری لێبکەوێتەوە، ئەوەمان لە بیر نەچێت کە حاڵەتیش هەیە بۆ سەروەربوونی تاك حزبی بەسەر باری گشتی وڵاتدا، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی نهێنی و گرووپی ئۆپۆزسیۆنکار لەدەرەوەی پرۆسەی سیاسی بەتایبەت لەبەرامبەر ئەو حزبانەی کە حکومەت بۆ بەرژەوەندی موڵکایەتی خۆیان دەخەنە ژێر ڕکێفی سەرکردەیەکی تاك و تەنیاوە، بەزەروورەت مەرج نییە رژێمی تاك حزبی لە کودەتاوە دروست بێت بەڵکو رەنگە بەهۆی هەڵبژاردنێکی ناڕێکەوە یان بەهۆی زەمین لەرزەیەکی سیاسی سامناکەوە دروست بێت وەك دروستبوونی جەنگی دەرەکی لە ناکاو کە حزب وا لێدەکات دەزگاکانی دەوڵەت بخاتە ژێر رکێفی رەهای سەرکردایەتی خۆیەوەو کۆمەڵگاش بۆ بڕوای سیاسی خۆی ملکەچ پێ بکات. گەر تەماشا بکەین بارودۆخی عێراق نزیکە لەوەی کە حزبە ئیسلامیە سیاسیەکان مەیلدارن بۆ ملکەچ پێکردنی کۆمەڵگاو سەرقاڵکردنیان بە هەندێك تێزی سرووت ئامێزی دوور لە پرۆژەی بوونیاتنانی چاوەڕوانکراوەوە کە خۆی لە خزمەتگوزاری هاووڵاتیان و باشکردنی ژێرخانی ئابووری دەبینێتەوە، ئەو ژێرخانەی لەزەمانی ئەو جەنگانەی کە خەمەکانی هاووڵاتیانیان زیادکردبوو داڕماوەو ئێستاش بەهۆی فەرمانڕەوایی تاکجەمسەرانەی پارتەکانەوە ئومێدی بونیادنانەوەی لێ ناکرێت، لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا وەك وڵاتی عێراق ناڕێکییەك هەیە لە وەبەرهێنانی سامانی نیشتمانی و ئاستی داهاتی تاکەکەسی بەردەوام دادەبەزێت و هەژارێتی سەروەر دەبێت لە خوار هێڵی هەژارییەوەو خورافەت بڵاودەبێتەوەو میکانیزمی ئەفسانگەرا باڵ دەکێشێت بەسەر لۆژیك و کەلتووری دواکەوتن و پاشکۆیایەتی، بڕوا ڕەها سرووت سازەکان کە بەساختەوە پەیامی ئایینی بەرز دەکەنەوە، بە ناو خەڵکیدا بڵاودەبنەوە، لەبارودۆخێکی وادا حزب دێت ئەم حاڵەتانە قۆرغ دەکات و توندڕەوی خێڵەکی ناو

**ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا دەکرێت بەشێوازێکی ئاشتیانەی ڕێکخراو گوزارشتی لێبکرێت. ئەویش لە فرەییدا کاتێك پێکهاتەی کۆمەڵگا شێوازێکی بابەتیانەی لەسەر بنەمای کێبرکێ بۆ دەدۆزرێتەوەو دەیخاتە ژێر ڕکێفی یاساوە**

دارســـتان بۆ بەرژەوەندی خۆیی و سەرکردایەتیەکەی دەوروژێنێـــت، کۆمەڵـــگا دەکەونـــە ناوملاملانێیەکی بێکۆتایی بێ چارەســـەرەوە، سەرکردایەتی حزبەکانیش بە پێی بەرژەوەندی تایبەتیـــان دەکەونە راکێش راکێش و تەنیـــا قوربانیش لێرەداجەماوەرو ئەندامانی خوارەوەی حزبەکان دەبێت، لە دیالۆگە گشـــتیە نیشـــتمانیەکاندا دەنگی تاکڕەوی فەرز دەکرێت بەســـەر فرەییدا ئەوەش لەسەر حسابی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا .

لێرەدا بە نموونە کۆنگرەی نیشتمانی کە نیاز وایە لەنێوان هێزە سیاســـیەکان ببەســـترێت لایەنەکانی پەرلەمانیش لەســـەر مێزێکـــی بازنەیی دابنیشـــن، بەشـــێوازێك کەدیالۆگەکان ناهاوســـەنگی لەنێوان هێزەکان دروست نەکەن، حزبـــی فەرمانڕەواش کە جڵەوی دەســـەڵاتی ئیتحادی لەدەســـتە شـــتێکی وا نەکات ئەوانی تر وەك کومبارس لە پرۆسەی سیاسی دا حساب بکات،کەواتە تێکچوونی بـــاری ئابووری و ســـەروەربوونی بەهای خێڵگەرایی و سرووت ئامێزی و فەلسەفەی تیرەگەریی سیاســـی و دروســـتبوونی ململانێیەك کە کلکایەتی و پاشکۆیایەتی بۆ سەرکردایەتیەکان دەیورژێنێت ئەمانە هەموویان وا لە حزبەکان دەکەن فەلسەفەی ڕەتکردنەوەی ئەوانی تـــرو لەناوبردنـــی ئەوانی تر بـــەرز بکەنەوە، هێزەکانی حکومەتیش بەرەو ســـەرکوتکردنی ئەوانی تر بخەنە گەڕ، وەك ئۆپۆزسیۆنێك لێیان بڕوانن، نەك وەك هاوبەشـــێك ئەوەش لەبەرامبەردا سیاسەتێکی کودەتایی لای هێزی ئۆپۆزســـیۆن دروســـت دەکات بە شێوەیەك دژایەتی فەرمانەکانـــی نارەوای هێزەکانی تر بکات و دواتر ململانێ دەبێتە ململانێیەکی کەینوونەیی و هەر جەمسەرێك لە خیتابەکانی دا جەمسەری بەرامبەر رەت دەکەنـــەوەو هەموو هەوڵێك دەدات بۆ دوورخســـتنەوەی لە پرۆسەی سیاســـی، بەمشـــێوەیە هیچ لایەنێك بۆ ئـــەدای هەڵبژاردن ئینتمـــا ناکـــەن میکانیزمەکانی دیموکراتیەتیش پێشـــێل دەکەن، سیاسەتی رەتکردنەوەی بەرامبەر بوونێکی ســـەرکوت ئامێز دروست دەکات کە کەشوهەوای پاشکۆیایەتی لێ پێکدێت نەك کەشوهەوای نیشـــتمانی، گۆڕەپانێکی زۆریش بۆ هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی فراوان دەبێت کە تێیدا قەیرانەکان لەســـەر یەك کەڵەکە ببن. ئەمە هەمووی ئەو حزبانە دەخاتە ناو گرفتێکی کەینونەیی پێکەوە نەژیان و فرەجەمســـەری ئیتنی و ئاینیەوەو لەژێر رۆشنایی بەرزو نزمی فیکری لەنێوان فەلســـەفەکاندا هەروەها لەنێـــوان بەرژەوەندییە ئینتیهازیەکاندا بارەکە لەنـــاو بچێت. ئەمجۆرە پارتی کودەتاچی بەمیرات دەخەنەوە دەسەڵاتیش قۆرغ دەکەن و ســـەرکەوتنی هەڵبژاردنیش وەك بەیعەیەکی ئەبەدی لەســـەر ڕێـــگای خەلافەت پێك دێنـــن، ئەمەش بڵاو دەکەنەوە کە فەلســـەفەی دەسەڵاتی گشتی گوزارشتە لەسەر سەپاندنی ئیرادەی خواوەند لەسەر زەویدا. ئەمە یەکەمین ڕێگایە بۆ هەژموونێکی ڕەها بەسەر هەردوو دەســـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکردن و خستنەکاری دادوەرییەکی لاواز لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەدا کە واقیعی جیهانی سێیەم دروســـتی دەکات، بەنموونەش واقیعی عێراق، لێرەوە حاڵەتی موسادەرەی رۆڵی چاودێریکردن لەســـەر حکومەت و حزبەکانی دروست دەبێت، حوکمی تاکڕەویی باڵادەســـت دەبێت، کە لەسەروو پەرلەمانەوە باڵا دەســـتێتی خۆی فەرز دەکات و بەو شێوەیە رۆڵی ئۆپۆزســـیۆن رەت دەکاتەوە یان بەشـــێوازێکی رەمزی قبووڵیـــان دەکات، تەنیا بۆ پشـــتگیریکردنی مانەوەی حزبێکی باڵادەســـت لەدەســـەڵات دا، ئیتر لێرەوە هیچ هاوسەنگیەکی بابەتی لەنێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن نامێنێتەوە، تەنانەت لەســـەر شێوازی زۆرینە بەرامبەر کەمینە شـــتێك بوونی نامێنێتـــەوە، بەڵکو حوکمێکی ڕەها بەفەرمانێکی ئیلاهی ڕەهـــاوە قۆرخ دەکرێت بۆ لایەنێـــك و هەمـــوو هەلومەرجـــە بابەتیەکانی ئەدای پەرلەمانـــی و میکانیزمەکانی کاری دیموکراتی لەبار دەبات، هەژموونـــی ســـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەسەر دەسەڵاتەوەو لاوازبوونی رۆڵی پەرلەمان بەدەوری خـــۆی، رۆڵی حزبـــەکان و رۆڵـــی پەرلەمانیش رەت دەکاتەوە و دەیانکاتە پاشکۆیەکی خنکاوی پاشکەوتەی خۆی، بەڵکو وەك پارچەیـــەك مەکرەمەی میزاجییانە کورســـیەکانی پەرلەمان بەم و بەو دەدرێت، دەتوانین لە ژێر تیشـــکی ئەم خوێندنەوەیەدا ئاماژە بە رووداوەکانی ئەم دواییەی بەغـــدا و حکومەتی ناوەندی بکەین کە لەســـەر بناغەی هەڵەو پەڵەی تاکگەرایی ئەندامانی حزبی سەر بە حکومەت نەبووە بەڵکو بەپێی فەلسەفەی ((ئێمـــە وەرمانگرت و چیتر نایدەین بەکەس)) دەڕوات بەڕێـــوە. وەك چۆن لە وتەیەکی ســـەرۆك وەزیراندا کە وەك ســـەرکردەیەکی حزب مومارەســـەی رۆڵی خۆی دەکات لە شـــێوازی حزبی دەسەڵاتی ســـەرکردەدایەو بەپێی ئەو فەلســـەفەیەی کە خۆیـــان دەیڵێن ((بوونی ئێمە لە دەســـەڵاتدا هەر دەمێنێتەوە وەك نوێنەرایەتییەك بۆ ئیرادەیەکی ئیلاهی)) ئەمە وتەیەش لەســـەر زاری کەســـی دووەمی ناو حزبی ســـەرۆك وەزیران هاتووە، هەموو پێشـــهاتەکان ئاماژە دەدەن بەوەی مومارەسەی رەفتارەکانی حزبێکی کودەتاچی کە بۆ چەندین ســـەدە حکومی وڵاتی دەکردو دەزگاکانی دەوڵەتی دەخســـتە ژێر رکێفی ئیرادەی حزبی ســـەرکردەوەو حکومەتیشی لەبەرژەوەنـــدی حزبدا کۆیلە کردبـــوو، دووبارە دەبنەوە، لەلایەکـــی ترەوە ئۆپۆزســـیۆن لەنـــاو پەرلەماندا یان لەدەرەوەیدا هەڵە دەکات گەربێت و ســـواری شەپۆلێکی ســـلبی بێت یـــان گەر بێتو ملکەچ بوونی بۆ یاســـاو میکانیزمی کاری ئاشـــتەوایی بونیادنەر رەتبکاتەوە، بەڵکو پێویستە رۆڵی ئۆپۆزســـیۆن جەختکردنەوە بێت لەسەر رەخنەگرتنی بە بەرنامە دارێژراو، هەروەها لەسەر راکێشـــانی رای گشتی لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی گرفتەکاندا کە ئێســـتا بەکردارەکـــی تێبینی دەکەین هەندێك لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کەوتوونەتە خۆنیشاندان و مانگرتن بەرێگەیەکی ناهەموارو دوور لە مانگرتنی مەدەنییانـــە کـــە هەندێکجار ئەم رەفتارەیـــان دەخزێتە خانەی تێکدان و لەناوبردنی دەستکەوتەکان و لەباربردنی سیاسەت بەگشـــتی، هەروەکو چۆن هێزە حزبییەکانی سەر بە حکومەت هەمان دەسەڵاتی گشتگیری خۆیان توندتر دەکەن، چونکە هێزە حزبییەکانی ناو دەســـەڵات، حکومەت وەك دەسکەوتێك دەبینن کە بەمافی خۆیانی

پـێویستـە لـە
کۆنگرەی
نیشتمانی
چاوەڕوانکراودا
گەر ببەسترێت
حزبی فەرمانڕەوا
شتێکی وا
نەکات لەو پرۆسە
سیاسیەدا ئەوانی
تر وەك کۆمبارس
حیساب بکات

دەزانن دەســـبەرداری نەبن و، لای خۆیان بیهڵێنەوە نەك دەستاودەستپێکردنی دیموکراتییانەی پێبکەن لە ڕێگەی هەڵبـــژاردن و جێبەجێکردنـــی بەرنامە بۆ قۆناغێك کە گەل خۆی حکومی خـــۆی تێدا بکات، بەڵکو هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە وەك تۆڵەیەك قۆرخی دەسەڵات بکەن لەبەرامبـــەر حزبەکانی تردا، ((یان ئەم یان ئەوان)) لە وجودا بمێننەوە، لێرەوە هەســـت بە سامناکییەکی قووڵ دەکرێت، لە کاروانی پرۆسەی سیاسی عێراقدا، بەردەوام بوونی ئەم شێوازی کارکردنە بە لۆژیکی بەیعەی هەتا هەتایـــی هەروەها بە لۆژیکـــی لەباربردنی ئەویتر یان بە لۆژیکـــی نوێنەرایەتی کردن لەلایـــەن ئیرادەیەکی ئیلاهییـــەوە، لەبـــری نوێنەرایەتیکردنـــی گـــەل بە ڕێگەپێدانی هەڵبژاردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی هەلومەرجێك کە لە دنیـــای دیموکراتیدا پێڕەودەکرێت، نەك بەپێی پێوەرێکی فەلسەفی سیاسی کە کۆمەڵگە دەخاتە ژێر جڵەوی لۆژیکێکی ئایدیۆلۆژی تاکلایەنەی عەقایدییـــەوە، ئەمە بۆ دواجـــار فەرمانێك نییە بۆ لە سێدارەدانی دیموکراتییەت و میکانیزمەکانی، بێگومان گەلی عێراق بە هەموو چین و توێژەکانییەوە پێویســـتە هەوڵ بدەن بـــۆ دامەزراندنی عێراقێکـــی دیموکراتی فیدراڵی.

ئەلتەرناتیـــڤ لە پێگەیشـــتووترین حاڵەتیـــدا لەنێوان جەمسەرەکانی پرۆسەی سیاسیدا بەشێوەیەك دەبێت کە ڕێـــز لە یەکتر بگرن، نەك یەکتـــر ڕەتبکەنەوە، پێوەندی بونیادگەریانـــەی نێوان هێزە حزبییـــەکان کاتێك وەدی دێت کە ڕەخنەی بونیادنـــەر بەکاربێنن، نەك ڕەخنە بۆ سڕینەوەی یەکتر هەرهێزێکی حزبی بەرنامەو چارەسەرو ڕێگەچارەی کێشەکان بە دیالۆگی بابەتیانەی ئارام و لەســـەرخۆ تەبەنا بکات تاکو بگاتە ئاکامێکی جیدی کاریگەرو کارا لە ســـەرزەمینەی واقیعدا، ئەمەش بۆ ئەوەی خزمەت بەکاروانی بونیادنانی نیشتمان و مرۆڤ بکات.

لەگەڵ کاری حکومەتدا لەسەر بناغەی بەرنامەدانانێکی هاوبەشـــی و ڕێککەوتـــن لەلایەك و هەروەها لەســـەر بناغەی ڕێزدانـــان بۆ بوونی هێزە ئۆپۆزســـیۆنگەراو دیموکراتییەکان کە ئەمڕۆ بەشـــێوازێکی ئاشـــتەوایی یاســـایی لە دەرەوەی گومبەتی پەرلەمان کار دەکەن و هەروەها لەسەر بناغەی ڕاکێشانی کەسایەتی و لایەنی تازە بۆ پرۆســـەی سیاســـی تاکو دەرگا نەکرێتەوە بۆ میلشیا تاوانبارەکان کە بە تاوانکارییەوە لەبەرفراوانترین دەرگاکانی وڵاتەوە خۆیان بکەن بە ژووردا، ڕێگەگرتن لەوانـــە بەســـەروەرییەتی یاســـایی دەبێـــت، لەکاری دامودەزگایی کراودا، هەروەها بە باڵادەستی دەسەڵاتی یاســـا دەبێت، بەدانانی میکانیزمێـــك دەبێت بۆ کاری ئاشـــتەوایی و دیموکراتی پێگەشـــتوو، کـــە لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا دروست و گونجاو بێت، دیالۆگ لەم دەروازەیەوە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی هەڵەکان و موحاســـەبەکردنی ئەوانەی کەلەسەر هەڵە فێربوون، کاری سیاسی بکەن، هەروەها ڕاستکردنەوەی شێوازەکانی کاری دیموکراسی تاکو ڕێچکەی دروستی خۆی وەربگرێت، بـــەڵام خیتابی ڕادیکالانەی پەرگیر تەنیـــا ململانێ و ئـــاژاوە و قۆرخکردنی دەرفەت زیاد دەکات.

ئەوەش بـــۆ ونکردنی جەمـــاوەرو ئەندامانی حزبەکانە نەك بۆ دەسەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانیان ئەوەی ئەمڕۆ بەفیعلـــی ڕووی داوە بەهۆی سیاســـەتی ڕاوکردن لە ئاوی لێڵدا یـــان بە هۆی سیاســـەتی جڵەو گیرکردن لـــە چوارچێوەی کاری حکومەت دا، حزبی ســـەرۆك وەزیـــران و ســـەرکردایەتیەکەی بەنموونـــە ڕەفتارێکی تاکڕەوییانەیان لەســـەر بناغەی ئـــەوە ئەنجام داوە کە حزبی حکومـــەت ڕەهاییانە پاڵ بەوانـــی ترەوە دەنێت کە شـــەراکەتێکی حکومی دابنرێت بەپێی ڕێکەوتنی ناســـراوی ڕێکەوتنامەی هەولێر، هەموو هەوڵی ئەوەیە بەرانبەرەکەی بەئۆپۆزســـیۆنی ڕادیکالی بناســـرێت و هەروەها گلەیی لە هاوبەشـــەکانی خـــۆی دەکات کە گوایـــە ڕێگایان لێگرتووە ئـــەو کارانە ئەنجام بدات کە تاکڕەوانەن و لەدەرەوەی ڕێککەوتنەکەو دەســـتوورەکەی وڵاتن، جیدییەتـــی چاوەڕوانکراو لە جەمســـەرەکانی هاوبەشـــیکردنی حکومـــەت دا لەوەدایە کە بگەڕێنەوە بۆ ڕێکەوتنـــەکان هەروەها مونـــاوەرە نەکەن بە تێکەڵ کردنـــی کاغەزەکان، بچنەوە ســـەر ئـــەو کاغەزانەی کەلەسەری ئیمزایان کردووە، گرێ گوێرەکە لەوەدا نییە کاغەزی کارو ڕێکەوتنی تازە دووبارە بکرێنەوە، بەڵکو لە ونکردنی ئیرادەیەکی کاری هاوبەشـــدایە بەپێی ئەو هەنگاوانەی کە بڕیاری لەســـەر دراوەو خراوەتە بەردەم ئەرکی جێبەجێکردنەوە تەنیا بەمشێوەیە هەموو هێزەکان دەتوانـــن لەبەرامبەر بەرپرســـیارێتیدا میکانیزمەکانی دیموکراسیەت پەرە پێبدەن نەك بە سلبی قۆرغی بکەن و بەشێوازێك وا ناهەموار خۆیان بگەڕێننەوە بۆ زەمەنی شۆڕشـــگێڕی و کودەتاچێتی کە ئەمڕۆ زەمینەیەکی لۆژیکی بۆ ئەو زەمەنە لە دنیادا نەماوەتەوە هەنگاوی دووەمی چاوەڕوانکراو لەبەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی گشتگیردایە کە هیچ لایەنێك لەسەر مێز دوور نەخاتەوە، هەروەها حکومەتێکی دڵســـۆزی بەرپرسیار بخاتە سەر ڕێگای ڕاســـت و بەپێی دەستوور یاساکان داڕێژێتەوەو خۆی بۆ هەڵبژاردنی نوێی پێگەیشتوو ئامادە بکاتەوە ئەوەش لەســـەر بناغەی تەشـــکیلاتی حزبی کە پابەند بکرێت بەیاسای مەدەنی دەوڵەتی هاوچەرخەوە، هەروەها لەســـەر بناغەی ڕێکخســـتنی فیکری کە دەستوور بە فیعلی خاڵەکانی دیاری کردووە، پێویستە یاسای نوێی حزبەکەن بەو شێوەیە بەرجەستە بکرێتەوە.

دانانی یاسایەکی نوێ بۆ حزبەکان لە پێشەنگی کاری سیاسی تەندروســـت دایە، بەتایبەت بۆ هەردوو لایەنی حزبەکانی ســـەر بەحکومەت و سەر بەئۆپۆزسیۆن، بۆ ئەوەی بتوانـــن کاری حزبی خۆیان بەپێی میکانیزمی دیموکراتی تەندروســـت ئەنجام بدەن، کە وایان لێدەکات لەقۆناغێکەوە خۆیان بگوازنەوە بۆ قۆناغی سەرخستنی دامودەزگا میسالیەکانی پێکەوەکارکردن، بەپێی پلان و بەرنامەیەکی تازەوە کە تەکنۆکرات و پسپۆڕو شارەزاکان دەتوانن زانستانە دایبڕێژنەوە.

*** توێژەرێکی ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکان سەرۆکی زانکۆی ئیبن ڕوشد لە هۆڵەندا**

**لە کاروانی پرۆسەی سیاسی عێراقیدا لۆژیکی بەیعەی تاهەتایی و لۆژیکی لەباربردنی ئەوانیتر ((لە بری لۆژیکی نوێنەرایەتی کردنی گەل بەهۆی هەڵبژاردنەوە)) بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێڕەو دەکرێت**



بەدەگمەن سنووری نێوان هێزە میانڕەو و هێزە توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون و ئاشکرا بووە. ئەو هیلالی شیعەیەی دژە ڕۆژئاوایە و لەلایەن ئێرانەوە سەرکردایەتی دەکرێت، پێکهاتووە لەعێراق و هەروەها سوریا و لوبنان، کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ئێران بەئەندازەیەکی گەورە لەڕووی سیاسیەوە پشتیوانی کردوون و سەرچاوەی دارایی بۆ دابینکردون، حاڵی حازر ئەم هیلالی شیعەیە هەڕەشەیەکی جددی ڕووخانی لەسەرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی درز کەوتۆتە نێو گرنگترین پایەی ئەم هیلالەوە: ڕژێمی سوری بەسەرۆکایەتی ئەسەد. لەلایەکی دیکەوە، کارەساتی مرۆیی لەسوریا بەرژەوەندیەکی هاوبەشی کەم وێنە لەنێوان ڕژێمە عەرەبیە کۆن و نوێکان، تورکیا، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپادا خوڵقاندووە، کە ئەو بەرژەوەندیەش پێکهێنانی حکومەتێکی نوێنەرایەتیە لەدیمەشق.

هەرچۆنێك بێت، لەکاتێکدا ئێران و ڕوسیا و چین ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خسۆتەگەڕ بۆ ڕێگری کردن لەڕووخانی ئەسەد، ئەوا هێزە میانڕەوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان هێشتا لەئاست تەحەددیەکەدا نین. تاوەکو ئەم هاوپەیمانێتیە -کە ڕیزەکانی ڕێکنەخراوە- و پێکهاتووە لەهێزە میانڕەوەکان، لێکنزیك نەبنەوە و دەست نەدەنە کار و کۆششی یەکلاکەرەوە بۆ شکاندنی هیلالی شیعە، ئەوا خەڵکی سوریا بێ پشت و پەنا ڕووبەڕووی کومەڵکوژی بەردەوام دەبنەوە و دەرفەتێکی مێژوویی لەدەست دەدەن بۆ ئەوەی بگەنە کاروانی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ و ئاشتیخواز کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بەئاقارێکی دیموکراتیانە ئاڕاستەبگرێت.

لە١٦ی شوباتدا، کۆمەڵەی گشتی

**لەکاتێکدا ئێران و ڕوسیا و چین ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ ڕێگری کردن لەڕووخانی ئەسەد. ئەوا هێزە میانڕەوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان هێشتا لەئاست تەحەددیەکەدا نین**

نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی دەنگ بڕیارێکی پەسەند کرد بۆ پشتیوانیکردن لەپلانی جامیعەی عەرەبی کە داوا لەبەشار ئەسەد دەکات دەست لەدەسەڵات هەڵبگرێت و بەتوندی ئیدانەی ئەو پێشێلکاریە بەربڵاو و بەرنامە بۆداڕێژراوەی مافەکانی مرۆڤ دەکات کە هێزەکانی بەشار ئەسەد ئەنجامی دەدەن، لەوەش زیاتر داوای دەستبەجێ وەستاندنی هەموو جۆرە توندوتیژیەك دەکات. ئەگەرچی بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مولزیم نییە، بەڵام پشتیوانیەکی ئەخلاقی بەهێزە بۆ موعارەزەی سوری، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەم مانگەدا چین و ڕوسیا مافی ڤیتۆیان لەدژی هەمان ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکارهێنا. بەهەمان ئەندازە، بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەچەشنێك هەڵوێستە ئەخلاقیەکە بەهێز دەکات کە توانای ئەوە بەجامیعەی عەرەبی، تورکیا و ڕۆژئاوا بدات تاوەکو سەرکێشی بکەن و جگە لەهەڵوێستە دوو دڵەکانیان کار بۆ هەڵگرتنی هەنگاوگەلێکی گەورەتر بکەن، ئەویش لەبەرچاوگرتنی شکستهێنانی ئاشکرای هەموو ئەو دەستپێشخەریانەی تاوەکو ئێستا پێشنیارکراون.

هەر لەسەرەتاوە، دەستپێشخەریەکەی جامیعەی عەرەبی، کە داوای گواستنەوەی دەسەڵات دەکات بۆ جێگری سەرۆکی سوریا، فاروق ئەل شەرع، لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی -نیشتیمانی- و ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆئەوەی هاوکاربێت لەجێبەجێکردنیدا، دەستپێشخەریەکی شکستخواردو بوو. گواستنەوەی دەسەڵات بۆ جێگری سەرۆکی سوریا، تەنانەت ئەگەر دەستپێشخەریەکە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی تێپەڕاندایە، هیچ گۆڕانێکی لەسوریادا دروست نەدەکرد، لەبەر ئەوەی خودی ئەل شەرع بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ یەکێك بووە لەئەندامە دیارەکانی دەزگا حکومڕانەکانی سوریا. پێشنیارێکی دیکەی هاوشێوە (کە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ جێگری سەرۆکی وڵاتەکە لەخۆدەگرت) کە لەلایەن ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بەسەرۆکایەتی سعودیە خرایەڕوو، بووە هۆی (ئەگەرچی بەهیچ شێوەیەك ناتوانین بڵێین بێ گرفت و کەم و کورتی بوو) ڕێگرتن لەتەقینەوەی دۆخەکە لەیەمەن. بەڵام لەکاتێکدا دوورکەوتنەوەی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بووەهۆی قەناعەتپێهێنانی خەڵکی یەمەن، ئەوا کێشەی سووری تەنیا خودی بەشار ئەسەد نییە، بەڵکو کێشەکە لەتەواوی ئەو دەزگا و دامەزراوە حکومیانەدایە کە پارێزگاری لێدەکەن. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە دەبێت جامیعەی عەرەبی خۆی لەئەنجامدانی گۆڕانی ڕەمزی بەدووربگرێت و ڕووبەڕووی ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیع ببێتەوە، هەرچەندە تاڵ

# ڕووخانی ڕژێمی سوریا شکانی هیلالی شیعی بەدوای خۆیدا دێنێت

ئالۆن بن مایەر*
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

و دژواریش بن.

دەستپێشخەریەکی دیکەی جامیعەی عەرەبی کە داوای لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆئەوەی هێزێکی ئاشتیپارێزی هاوبەش لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە عەرەبییەکاندا پێکبهێنێت لەسوریا، ئەگەرچی لەنەتەوە یەکگرتووەکانیشدا کە بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ کۆنترۆڵکراوە تێپەڕێت، کە ئەمە ئەگەرێکی دوورە، ئەوا هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە. یەکەم، ئاشتی نییە لەسوریادا تا بپارێزرێت. ئەوە بەسە کە شکستی هێزە ئاشتیپارێزەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لەڕواندا، بۆسنا و کۆنگۆ بهێنینەوە یاد، وەك ئاماژەیەك بۆ بێتوانایی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە لەغیابی ئاشتی و هاوکاری نێوان لایەنە ناکۆکەکانی سەر ئەرزی واقیع. ناردنی هێزی ئاشتیپارێز لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەم کاتەدا تەنیا دەبێتەهۆی درێژەدان بەدەسەڵاتی ڕژێمەکەی ئەسەد. ئەگەرچی ئەم هەوڵەش هەمان چارەنووسی چاودێرەکانی جامیعەی عەرەبی دەبێت- کەبەم دواییە کشانەوە- کە چالاکیەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە کۆنترۆڵکرابو و لەکۆتاییدا بەقازانجی ڕژێمەکەی ئەسەد کۆتایی هات. لەڕاستیدا چاودێرەکان تەماشاکاربوون لەکاتێکدا کە کۆمەڵکوژیەکە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی جامیعەی عەرەبی بڕیاری هەڵپەساردنی ئەرکەکەیانی دا. دەبێت هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشدا بن نەك لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سوریا و بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش، ئەویش بۆئەوەی بتوانن ئازادانە بجوڵێن

**ئەو چاکسازیانەی حکومەتەکەی ئەسەد ڕایگەیاندون وەك ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستووری نوێ و هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، تەنیا پیلانگێڕانێکن بۆ بەدەستهێنانی کاتی زیاتر**

بەسەرتاسەری سوریادا و بێ هیچ سنووردارێەك ڕاپۆرت لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان بەرز بکەنەوە. بەڵام دووبارە، ئەگەری ئەوەنییە حکومەتی سوریا ڕێگە بەهاتنەناوەوەی ئەم هێزە بۆ سوریا بدات، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی پتر بەهێزکردنی بەرهەڵستکاری دژی حکومڕانی ئەسەد و کاری تۆڵەسەندنەوەی حکومەتەکەش سنووردار دەکات.

لەکۆتاییدا، ئەو چاکسازیانەی حکومەتەکەی ئەسەد ڕایگەیاندون وەك ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەر دەستووری نوێ و هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، تەنیا پیلانگێڕانێکن بۆ بەدەستهێنانی کاتی زیاتر. لەبەر ئەوە، جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەم چاکسازیە ساختانە لەلایەن ڕوسیا و بەم دواییە لەلایەن چینەوە پشتیوانیان لێکرا. بەرچاوکردنی ئەوەی ئەم چاکسازیانە لەلایەن حکومەتێکەوە خراونەتەڕوو کە ڕۆیشتن و ڕووخانی بۆتە خواستی خەڵکی سوریا، ئەوا ئەم چاکسازیانە لەلایەن خەڵکی سوریاوە قبوڵناکرێت کە قوربانیەکی زۆریانداوە و ڕازی نابن بەچەند کارێکی بێ ناوەڕۆك و کەم کە لەژێر فشاردا لەحکومەتیان پچڕیبێت، کە حکومەتێکی شڵەژاوە و میسداقیەتی خۆی لەدەستداوە. ئەسەد و داروودەستەکەی ڕازی نەبوون ئیلتیزامێکی جددی بخەنە ئەستۆی خۆیان، بەڵکو لەبری ئەوەی دەستیان بەگفتوگۆیەکی درێژخایەن کرد بۆ ئەوەی هەر چاکسازیەکی ڕاستەقینە لەباربەرن، و لەدەرئەنجامدا بەپلانێکی بەرنامەبۆداڕێژراو خۆیان دزییەوە- لەکاتێکدا بەردەوامبن لەسەر سەرکوتکاری توندوتیژانە. کێشەی سوریا لەسیاغەی یاساکاندا نییە، بەڵکو لەڕژێمەکەدایە کە یاساکان دادەڕژێت و جێبەجێیان دەکات.

کۆبوونەوەی داهاتووی جامیعەی عەرەبی لەتونس لە٢٤ی شوبات دەبێت سوود لەو پەیامە بەهێزە وەربگرێت کە ١٧٣ دەوڵەت لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاڕاستەیان کرد و ئیدانەی کوشتنی خەڵکی سوریایان لەسەر دەستی هێزە ئەمنیەکانی سوریا کرد، هەروەها پشتیوانێکی ئەخلاقی بوو کە سنووری خیتاب تێدەپەڕێنێت و دەرگا بۆ ئەنجامدانی کار و کۆشش لەسەر ئەرزی واقیع دەکاتەوە. دەبێت ئەندامانی بەرەی میانڕەو ڕێوشوێنگەلێکی بوێرانە پیادە بکەن، بەچەشنی دامەزراندنی «ڕێڕەوی ئازادی» بەجیاکردنەوەی بەشێك لەخاکی سوریا لەباکوورەوە لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ تورکیا. دەبێت دەست بەجێ ناوچەیەکی دژە فڕین بەچەشنی ئەوەی لەلیبیا کرا، لەسوریا دابمەزرێنرێت و لەلایەن فڕۆکەکانی ئەو وڵاتانەی ئارەزوومەندن و سەر بەناتۆ و جامیعەی عەرەبین بپارێزرێت، بەڵام بێ ئەوەی بچنە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا، تەنیا بۆ بەرگری لەخۆکردن نەبێت.

**ناردنی هێزی ئاشتیپارێز لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەم کاتەدا تەنیا دەبێتەهۆی درێژەدان بەدەسەڵاتی ڕژێمەکەی ئەسەد**

ئەم ڕێڕەوە دەبێتە ناوچەیەکی سەلامەت بۆ ئەو خەڵکە مەدەنیەی لەدەست توندوتیژی ڕادەکات و ئاوارە دەبێت و پێشوازی لەو سەربازانە بکات کە لەسوپا جیادەبنەوە و بکرێتە بنکەیەك بۆ چەکدارکردنی سوپای سوری ئازاد هەروەك سیناتۆر جۆن مەککین و لیندسی گراهام، بەم دواییە پشتیوانیان لێکرد، کە هەردوو ئەم سیناتۆرە لە لیژنەی خزمەتگوزاری هێزە چەکدارەکانی سەر بەئەنجومەنی پیران کاریان کردووە. لەوەش زیاتر، ئەم ڕێڕەوە بوار بەئەنجومەنی نیشتمانی سوریا دەدات کە جێ پێیەکی هەبێت لەناو خاکی سوریادا، بەو پێیە ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن جامیعەی عەرەبی و ڕۆژئاوا و هێزە موسڵمانەکانی دیکەوە ئیعترافی پێبکرێت. لەوەش زیاتر، دەبێت ئەنجومەنی نیشتمانی سوری حکومەتێکی سێبەر دابمەزرێنێت کە پێکهاتبێت لەکەسانی پیشەوەر و تەکنۆکرات بەدوور لەکاریگەری ئایدۆلۆجی بۆئەوەی دەست بەدارشتنی پلانێك بکەن بۆ دوای ڕووخانی ئەسەد. ئەگەری ئەوە هەیە ئەندامانی ناتۆ، بەتایبەتی فەرەنسا (کە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو پشتیوانی لەبیرۆکەی دامەزراندنی ڕێڕەوی مرۆیی کرد) و هەروەها جامیعەی عەرەبی پشتگیری ئەم پێشنیارە بکەن.

ئیسرائیل دەتوانێت بەبێدەنگی بەشداربێت، ئەویش لەڕێی کردنەوە و لەنزیکەوە چاودێریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ سوریا کاتێك کە ئاوارەکان لەباشووری سوریاوە ڕووی تێدەکەن، ئەو ئاوارانەی ناتوانن بگەنە ناوچەی ئارامی باکوور. دەکرێت ئیسرائیل ئەم کارە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەردەندا بکات، کە سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ سوریا و ئیسرائیلدا. بەڵام گەورەترین بەرپرسیارێتی دەکەوێتەئەستۆی تورکیا ئەویش بەپشتیوانی تەواوی جامیعەی عەرەبی.

لەنێو هەموو ئەندامانی بەرەی میانڕەوەدا، تورکیا گەورەترین پشکی لەئاکامەکانی دۆخی سوریا بەردەکەوێت. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان نەکات، ئەوا هەر زوو ناکۆکیەکەی سوریا سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری کە شەپۆل و ئاپۆڕای ئاوارەکان ڕوو لەتورکیا دەکەن، ئەمەش بنکەی پەکەکە لەباکووری سوریا بەهێز دەکات و دەبێتەهۆی گەورەبوونی کاریگەری ئێران لەنزیك ئەو وڵاتەوە، هەموو ئەمانە مایەی گیروگرفت و سەرئێشە دەبن بۆ تورکیا. لەهەمان کاتدا، تورکیا باشترین پێگە و هەڵکەوتەی هەیە لەڕووی جوگرافی و سیاسیەوە کە بواری پێدەدات پشتیوانی دامەزراندنی ئەم ڕێڕەوە بەدرێژایی سنوورەکەی لەباشووری ڕۆژهەڵاتەوە بکات. ئەگەر تورکیا دەستپێشخەریی بکات، ئەوا نەك هەر سەرکردایەتیکردنێکی ڕاستەقینە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیشان دەدات و نەك بەتەنیا پێگەی خۆی لەهاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەهێز دەکات، بەڵکو پێوەندیەکانیشی لەگەڵ جیهانی عەرەبدا پەرە پێدەدات کە زیاتر و زیاتر نیگەران لەئاست سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەناوچەکەدا کە بەو شێوەیە لێی دەڕوانن سیاسەتێکە ئامانج لێی زیندووکردنەوەی سەردەمی عوسمانیەت بێت. کاتی ئەوە هاتووە ئەنقەرە خۆی لەگەڵ ئەو ڕاستیە تاڵەدا بگونجێنێت کە زەمینەیەکی هاوبەش لەئارادا نییە: یان دەبێت کاریگەری و دەستێوەردانی ئێران لەسوریادا ڕابگیرێت و کۆتایی بەکوشتاری خەڵك بهێنرێت، یاخود دەبێت سوریا تەسلیمی ئێران بکرێت، ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئێران هاندەدات بۆ ئەوەی خەونەکەی خۆی بەدی بهێنێت بۆ بوون بەهێزێکی خاوەنی هەژموون لەناوچەکەدا کە ڕەنگە ئەمە هاوشان بێت بەخاوەنداربوونی توانای ناووکی.

تا ئەندازیەکی گەورە، سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی نێوان هێزە میانڕەو و توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان نەکات، ئەوا هەر زوو ناکۆکیەکەی سوریا سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری کە شەپۆل و ئاپۆڕای ئاوارەکان ڕوو لەتورکیا دەکەن**

هەوڵ و کۆششی لاوازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهیچ شوێنێك ناگات تاوەکو ڕاستیەکانی پەیوەست بەڕژێمی بەعس لەسوریا فەرامۆش بکەن. لەهەمان کاتدا، باوەڕکردن بەوەی گەیشتن بەجۆرێك لەڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەددا کە ئامانج لێی بەهێزکردنی پێگەی خەڵکی سوریا بێت، وەهم و بەهەڵەداچوونە. هەرچۆنێك بێت، ڕزگارکردنی سوریا لەدەستی ئێران، لەکاتێکدا دەبێتەهۆی ئازادبوونی خەڵکی سوریا لەکۆت و زنجیری ئەسەد، ئاکامی جیوپۆلەتیکی مەزنیشی لێدەکەوێتەوە، هەروەها هاوسەنگی هێز لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگۆڕێت. ئەوەش ڕاستە، کە جیاکردنەوەی سوریا لەئێران زیاتر گۆشەگیربوونی نێودەوڵەتی تەهران دەردەخات و ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی پێویست بەئەنجامدانی کردارێکی سەربازی نەکات لەدژی ئێران ئەویش یان لەلایەن ئیسرائیلەوە یان ئەمریکاوە، کە ئامانج لێی

**سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی نێوان هێزە میانڕەو و توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

کۆتایی هێنان بەتموحە ناووکیەکانیەتی.

سەرکەوتنی ئێران لەسوریادا کارەساتە بۆ ناوچەکە و دەبێت ڕێگری لەم سەرکەوتنە بکرێت ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم دەرفەتە لەئارادایە. بەکارکردن بۆ زامنکردنی گۆڕانی ڕژێمەکە کە پشتیوان بێت بۆ خەڵکی سوریا کە پەرۆش و تینووی ئازادین، هیلالی شیعە تێکدەشکێت و فشارێکی بێئەندازە دەکەوێتە سەر ئێران بۆئەوەی کۆتایی بەدەستێوەردانەکانی بۆ کاروباری دەوڵەتە عەرەبە دراوسێکانی بهێنێت.

* * *

*** پرۆفیسۆرە لە پێوەندییە نیودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرك و یەکێکە لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان کە بەردەوام نووسین و بیربۆچوونەکانی لەمیدیاکانی جیهان بڵاو دەبێتەوە.**

# ژن لەناو گەمەی سیاسی کوردستاندا ژن لە کابینەی نوێدا



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

لەوتاری پێشووماندا باسم لە مەسەلەی کە گوایا ژن بە عەقڵی پیاو بیردەکاتەوە کردبوو، ئاماژەم بەوەدابوو کە نەك لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەڵکوو لە ژیانی سیاسیشدا ئەو حاڵەتە ڕەنگی داوەتەوەو ژنانێك هەن بەعەقڵی پیاو بیردەکەنەوە و کەئەمەش دواجار کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕادەربڕینیان دادەنێت و دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆدەستنیشانکردنی ئەو پێگەیەی کە ژن لەسەر ئاستی تایبەتی بۆخۆی بەدەستی ئەهێنێت و هەروەها لەسەر ئاستی گشتی و بەتایبەت بەشداری سیاسی بەباشی ڕەنگ دەداتەوە.

زۆرمان ڕەخنە لەوە گرت کە نابێت ژن بەهۆی نزیکی و خزمایەتی لەگەڵ پیاوێکی بەرپرس یان پیاوێکی شەهید ببرێتە بواری سیاسەتەوە، تەنیا وەکوو دەربڕینی وەفایەك بۆ ئەو شەهیدە یان موجامەلەکردنێکی بەتاڵی سەرکردەیەك یان ناوی بەرپرسێکی سیاسی و حزبی کە ڕەنگە چەند ساڵێکی تر سوپایەك لە ژنی سست و پاسیف پێگەو پایە حزبی و حکومیەکان داگیربکەن و دەرئەنجامیش هیچ سوودێك نەبەکۆمەڵگا دەگات و نە پێگەی ژن لەو بوارانەدا هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا دێت.

هەمووومان ئەزانین ئەو گەمە سیاسیەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە کە تەنیا دوو حزب باڵیان بەسەریدا کێشاوە و زۆربەی زۆری ڕۆڵە گەورەکان خۆیان بەرجەستەی دەکەن و، لەولاوە کیانە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەتا کاتی نووسینی ئەم وتارە تەنیا ڕۆڵی چاودێریکار و ڕەخنەگر بەرجەستە ئەکەن، کە ئەمە دواجار کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو چەمك و پرسانە داناوە کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین و داوای گۆڕینیان دەکەین، لەهەموو ئەم گەمەیەدا غیابێکی سەختی ژن هەیە، دەبینیت تەنیا پیاوەکانن بەر مایکرۆفۆنەکانیان، تەنیا ئەوانن قسە زلەکان ئەکەن، تەنها پیاون پێشنیاردەکەن و وتووێژدەکەن و دواجار بڕیاردەدەن.

ئەگەرچی کە قسە لە ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات دەکەین تەنیا مەبەستمان لەوە نییە ڕێگە بدرێت دەنگ و ڕەنگی جیاواز لەوەی لە گۆڕەپانەکەدا هەیە بچنە پێشەوە و ڕۆڵی خۆیان کاراتر بکەن، تەنیا مەبەستمان لەوەش نییە خوێنی گەنج بکرێتە شادەماری جەستەی سیاسی کوردستانەوە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکیمان لەوەیە ژن کە تەنها شەریکی پیاوە لە کۆمەڵگادا پێگەی شیاو و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت لەو میکانیزمی بەڕێوەبردن و بەشداریە سیاسیە و ببێتە شەریکی پیاو لەناو بازنەکانی بڕیاردا.

هەڵبەتە هەمووومان لەو گەمە سیاسیەی کەلە کوردستاندا لەگۆڕێیە تێگەیشتووین، بەتایبەت ئەو میکانیزمەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی پێدەکرێت. لەم گەمەیەدا بەداخەوە ژن قوربانیە گەورەکەی داوە، چونکە لەنێوان ئەو دوو حزبەدا هەندێ سەوابت واتا خاڵی چەسپێنراو و لەیەکچوو هەن وەك بەشێك لە ستراتیژی حزبیان کە کاری پێدەکرێت وەکوو بەشکردنی پلە و پێگە حکومیەکان، کە لێرەدا ژن بووەتە ئامرازێك لە ئامرازەکانی جوانکردنی حزبەکان و لەوە زیاتر نییە، ئەمەش لەگەڵ ئەو هەموو خاڵی جیاوازیانەی نێوان حزبەکان، کەچی بەهێزترین خاڵی لەیکچوونیانە.

هەڵبەتە ئەو ململانێ ئەزەلیەی نێوان ژن و پیاو لەسەر دەسەڵات کە لە کوردستاندا هەیە لە هەموو جێگەیەکی تری دنیا هەیە، بەڵام جیاوازیە گەورەکە ئەوەیە لە کوردستان ململانێکە یەکلایەنە و ململانێیەکی ناهاوسەنگە، بەڵام لەدونیای دەرەوە ململانێیەکی هاوسەنگ و دوولایەنەیە و چەند پیاو پاڵەوانە ئەوەندە ژن پاڵەوانە. لەکوردستانی ئێمەدا تەنها پیاوە کەشەڕ بۆ دەسەڵات دەکات و ژن هێشتا ڕۆڵی چاوەڕوانکەر دەبینێت، لەدەروە ژن وەکوو پیاو هێزە لە کۆمەڵگادا، لەکوردستانی ئێمە هێز تەنها لای پیاوە. ئیدی هێشتا هیچ ژنێکمان نیە ئەگەر کەسایەتیەك یان حزبێك نەیبردبێتە پێشەوە خۆی شەڕی بۆ کردبێت، بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتوەکان کە هەردوو ژن پیاو لەیەك ئاستدا شەڕ بۆ دەسەڵات دەکەن، لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانە یاسای ڕاستەقینە هەیە کە هەموو ڕێزی لێدەگرن و هەموو مافەکانی ژنی ڕێکخستوە. لەکاتێکدا هەتا ئیستا لەوڵاتی ئێمە داوای ماف لە پیاو دەکرێت و پیاو خۆی یاسایە و بەبڕیاری پیاو ژن ئەبرێتە پێشەوە.

هەمووومان بینیمان ساڵی ٢٠٠٥ لە کوێت دەنگدەری کوێتی بوو کەبڕیاری لە چارەنوسی بەشداری سیاسی ژن دا و ژن چوە ئەنجومەنی نوێنەرانی کوێتیەوە، هەر دەنگدەری کوێتیش بوو کە سەرەتای ئەمساڵ ٢٠١٢ ژنی تووشی نشوستیەکی گەورەکرد و ئەو بەشداریەی لێسەندەوە. هەڵبەتە قسە لەوە نیە کە کۆمەڵگای کوێتی هەتا سەر ئێسقان کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە، بەهانە بۆ ئەوەش ژنەکان بەخۆیان دابەزینە گۆڕەپانی ململانێ سیاسی و کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان لەبەرانبەر عەقڵیەتی پیاوسالاردا و، ئەو سەروەریە گەورەیەیان بۆمێژوو بۆخۆیان تۆمارکرد و، ساڵی ٢٠٠٥ هیچ ژنێك نەبوو بە بڕیاری پیاوێك چووبێتە ناو پەرلەمانەوە. ئەوە جیاوازیەکەیە. بەڵام لە کوردستان ئەو شێوازە لە مامەڵە پیاوانەیەی کە لەگەڵ کەسایەتی ژن دەکرێت و ئەو بردنە پێشەوەیە بەو شێوەیە ئەوەیە کە ژنی سستکردوە و هەڵیخەڵەتاندوە و دەڵێن ئەوەتا پیاوەکان و حزبەکانمان پێشکەوتووخوازن، بەڵام ئەوە تەواو حاڵەتە ناشارستانی و ناتەندروستەکەیە. دەبێت ئەو حزبانە و ئەو جۆرە لە پیاوان واز لەو شێوازە لە ژن بردنە پێشەوە بهێنن، هەروەك ژن بەخۆی دەبێت بەرەنگار و ڕووبەڕووی ئەو مومارەساتە پیاوسالارانەیەی حزبەکان بێتەوە و شۆڕشی خۆی هەڵگیرسێنێت.

ئەگەر لێم بپرسن ئاخۆ چارەنووس و پێگەی ژن لەم کابینەیەی کە بەڕێوەیە بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی چۆن دەبینیت؟ لەوەڵامدا دەڵێم نە لەوەی پێش خۆی و نەلەهیچ لە کابینەکانی تری پێشتریش باشتری نابینم، چونکە هێشتا هیچ ئاماژەیەك بۆ هیچ شەڕێکی کۆمەڵایەتی نابینم و هیچ بزووتنەوەیەك لەلایەن ژنانەوە نابینم کە بتوانێت بەخۆی بڕیاربدات و شەڕبکات و داوای دەسەڵات بکات، چونکە لانیکەم ژن نەبوەتە ئەو هێزە کاریگەرە پەروەردەیی و بڕیاردەرەی ناو کۆمەڵگا. جگەلەوەی ئەو شێوازەی کەدەسەڵاتی لەکوردستاندا پێ ئاڵوگۆڕدەکرێت هیچ هیوایەکم بەهیچ داهاتوویەکی گەش ناداتێ، بەهانەش ئەوەتا پیاوەکان سەرقاڵی پێکهێنانی کابینەکەن و ژنەکان چاوەڕێن. پیاوەکان مشتومڕ دەکەن و ڕۆژانە لێمان دەپرسن داخوا چ ژنێکی تر دەکرێتە میدالیایەك و دەکرێت بە کلیلی چ حزبێکەوە کەدەرگای بەسەر ژندا داخستوە. خۆ لە کوردستاندا ناڵێن ژنان مەیەنە پێشەوە، بەڵام هیچ ژنێکیش بەتوانای خۆی نەچۆتە پێشەوە، خۆ لە کوردستاندا ژنێکی زۆر لەناو پەرلەماندا هەیە، بەڵام کامەی دەنگی بیستراوە و کامەی شەڕی خۆی بۆ ئەو پێگەیە کردووە؟ ئەی ئەوە نەبوو پیاوی کاندید هەبوو بەدەیان هەزار دەنگی هێنابوو لابرا و بەسیستەمی کۆتا ژنی خرایە جێگە تەنیا بۆ ئەوەی دەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان داخەن؟ بەباوەڕی من جوانترین و ڕاستگۆترین سەرکەوتن و نشوستی بینیبێتم سەرکەوتنی ساڵی ٢٠٠٥ و نشوستی ٢٠١٢ی ژنانی کوێت بوو. لانیکەم پیاوەکان درۆناکەن و بەدرۆوە ژنەکانیان نەبردۆتە پێشەوەو لانیکەمیش ژنەکان بەپشتبەستن بە توانا و هەڵوێستی خۆیان ئامادەگیان هەیە.

هەڵبەتە کارەساتەکە ئەوەیە لە کوردستاندا چ وەزیرێکی پیاو بەبێ تەزکیەی حزب ئەبێتە وەزیر هەتا ژنێك تەنیا پشت بە توانا و کارامەیی خۆی ببێتە وەزیر لە کوردستاندا، کام ئەندام پەرلەمانێکی پیاو ئەتوانێت دوور لە حزبەکەی قسەیەك بکات، هەتا ژنێك بتوانێت ئامادەگی خۆی بسەلمێنێت. ئیدی ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە.

**پیاوی کاندید هەبوو بەدەیان هەزار دەنگی هێنابوو لابرا و بەسیستەمی کۆتا ژنی خرایە جێگە تەنیا بۆ ئەوەی دەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان داخەن؟**